تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

رۆحی کورد لە بن دەستی

ناسیۆنالیزم، ئیسلامیزم و مارکسیزم دا

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

ئازاد قەزاز

2008

ڕۆحی کورد لە بن دەستی

ناسیۆنالیزم، ئیسلامیزم و مارکسیزم دا

لێکدانەوەیەکی سایکۆپۆلیتیکانە ی چارەکە سەدەیەک

لە ڕەوشی سیاسی کورد

ئازاد قەزاز

٢٠٠٧

ناوی کتێب: رۆحی کورد لە بن دەستی ناسیۆنالیزم،
ئیسلامیزم و مارکسیزم دا
بابەت: لێکۆڵینەوە
ناوی نووسەر: ئازاد قەزاز
بەرگ: محمد نەورەس
ساڵی چاپ: ٢٠٠٨
نۆرەی چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن: ژمارەی ٦٢٧ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ
تیراژ:١٠٠٠
نرخ:٢٠٠٠ دینار
چاپ:چاپەمەنی پەیوەند

نـــــاوەرۆک

سەرەتا..................................٤
دەسپێک..................................٩

بەشی یەکەم/ ڕۆحی کورد لە بن دەستی ناسیۆنالیزم دا ١٩
نەتەوەی کورد و قوربانناسی ٤٥
قوربانناسی چیە؟ ٤٨
جەللادوقوربانی لەگۆشەنیگای سایکۆسۆسیۆوە........٥٧
پرۆسەی پەیوەندی جەللاد و قوربانی ٦١

بەشی دووەم/ ڕۆحی کورد لە بن دەستی ئیسلامیزم دا..................٧٢
توندرەوی و کوردی ئیسلامی ٩٨
ئاشنابونەوە بە خود ١٠٢
جیهانی ئیسلامی و دیموکراسیبوون ١٠٨

بەشی سێیەم/ ڕۆحی کورد لە بن دەستی مارکسیزم دا ١١٩
بۆچی ئاین لای مارکس بووە هۆشبەری کۆمەڵگە؟....١٢٦
بۆچی مارکس ڕێبازی ماتەریالیستی هەڵبژارد؟ ١٣٢
کورد و مارکسیزم ١٤٠

سەرەتا

چوونەوە بە مێژووی کوردا لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە، گرنگیەکەی لەچیدایە؟

بۆ ئەوەیە مرۆڤی کورد خۆی بناسێتەوە، چونکە خۆناسینەوە لە ئاراستەکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تا بڵێی فاکتەرێکی گرنگە. کورد تا هەنوکەش ستایشی ڕابوردوی خۆی دەکا، نەک ڕەخنە لەو ڕابوردووە بگرێت. ئاری سەرەکی سایکۆلۆژیا دروستکردنەرەی تاکە و سایکۆپۆلیتیکیش لەگەڵ ئەو دروستکردنەوەیەدا ئاراستەی سیاسیش دیاریدەکات.

لە هاوینی نیمسالدا (٢٠٠٧) کتێبێکم بە ناوی (سایکۆپۆلیتیک) بڵاوکردەوە کە دەر بە هەمان ئاراستەدا دەروات و تارادەیەکیش وەلامی ئەو پرسیارەی سەرەوەش دەداتەوە. واتە لە گۆشەنیگای مرۆڤبوونەوە لە نەتەوەی کورد دەڕوانم و دەمەوێ ئەوە بپشکنم، بۆ لە ناو نەتەوەی کوردا، تا هەنووکەش ڕێبازێکی لەو چەشنە ـ ڕەخنە لە خۆ گرتن بە ئاراستەی

مرۆڤبوون ـ سەریهەڵنەداوە؟ لەویدا بەگشتی و بە شێوەیەکی تیژپەڕ بەگشت مێژووی کوردا دەچمەوە. دەمەویت لەو کائینەی کە ناوی کوردە بکۆڵمەوە و وەڵامی ئەم پرسیارەش وەربگرمەوە:
بۆ ئەم نەتەوەیە لە سەرهەڵدانیەوە تا ئێستاش لەبواری خۆناسین، ئەوا نزیکەی سێ هەزار ساڵە، گەر بە عەرەب و تورک و فارس بەراوردی بکەین، لە ئاستێکی نزمدایە؟

ئەم کتێبەش کە ئێستا لەبەردەستتدایە، هەر بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە کتێبی پێشوتر پێیدا ڕۆشتووە. بەڵام ئەم کتێبەیان لە شوێنکاتێکی گچکەتر لە دۆخی بونیادی کورد دەکۆڵێتەوە. دەتوانم بڵێم ئەم کتێبەیان شرۆڤەکرنی ئەویدیە و نموونە هێنانەوەیەکە تا مەبەستی (سایکۆپۆلیتیک) ڕونتر بێتەوە و لەوە تێبگەین، چۆن ستراکتور و پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤگەلی کورد، لە ململانێکانیدا بۆ خواستە ڕەواکانی، ئاراستەی سیاسەتێکی هەڵەی گرتۆتەبەر.

پێداچوونەوە بە خۆدا بە میتۆدی زانستی، هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆمەڵیش تا بڵێی گرنگ و

بەنرخە، چونکە لەویوە مرۆڤ خۆی دەناسێ و هەر لەویوەشەوەرێگای ژیان دەدۆزێتەوەو جێبەجێکردنی خواستەکانیش مرۆیانە خەباتی بۆ دەکا. **واتە لە بەخۆدا چوونەوەدا یەکەم؛ ناسنامە دەخولقێنرێت، دووەم؛ گرفتە دەروونی و کۆمەلایەتیەکان دەست نیشاندەکرێن و سێیەم؛ ئاراستەیەکی دروست بۆ ژیان دیاریدەکرێت.** بەمەرجێک ئەو بەخۆداچونەوەیە زانستیانەو مەعریفیانە بێت، نەک بۆ خۆستایشکردن و خۆجوانکردن بێت. جا لەبەرئەوەی هەڵسورێنەرانی سیاسەتی کوردی و خولقێنەرانی ڕوداوە تراژیدئامێزەکانی کورد، هەر ستایشی خۆیان و ڕابوردویان دەکەن، ئەوا ناچارین ئێمەی زانستخوازان بە میتۆدی زانستی بەخۆماندا بچینەوەو ڕەخنەبگرین و خۆمان بەخۆمان بناسێنینەوە.

لەسەرێکی تریشەوە گەر لە ڕووی کەسێتی خۆمەوە لەم مێژووە بڕوانم، ئەوە مافی خۆمە بەم مێژووەدا بچمەوە، چونکە خۆیشم تێکستێکم لەم کۆنتێکستەدا و وشەیەکم لەو دێرە مێژووییەدا.

هەرچەند ئیمرۆ من خۆم ئەوەم کە ئێستا هەم، وەلێ خۆیشم بەرهەمی ئەم مێژووەم. واتە پێش هەرکەسێک من ناسنامەی خۆم و هەڵەکانی خۆم دیاریدەکەم.

بۆ ئەوەی بابەتیانە مێژووی کورد بخوێنمەوە، دەبێ ساتی خوێندنەوە و ئۆبسەرڤێرەکردن لەو مێژووە بچمە دەرەوە و هەرکاتێ لەو کارە بوومەوە بێمەوە ناوەوە، تا بتوانم دەسکاری پارچەکانی ئەو ڕۆحە شپرزەیەی کورد بکەم و خۆی بە خۆی بناسێنمەوە و بەخۆی ئاشنا کەمەوە. هەست دەکەم تا ئەم بە خۆدا چونەوەیە ئەنجام نەدەم، ناتوانم هەنگاوی پراکتیکی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی لەلام گەلاڵە بووە، بنێم. ئەم کتێبەو کتێبەکەی پێشووش تارادەیەکی باش مەبەستی منی لە مەڕ نەتەوایەتی ئاشکرا کردووە. کتێبی داهاتووش مەبەستم لەمەڕ ئاین و خودا ئاشکرا دەکات. چەمکی خوا لای من هەنوکە ئەو چەمکە تەقلیدیە نیە کە لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا باوە، چونکە ئەم چەمکە بۆ من بەتەواوەتی ترانسفۆرمێرە (گۆڕانێکی بنەڕەتی) بەسەردا هاتووە.

لە کتێبی سایکۆپۆلیتیکدا بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆمان لە مەڕ ناسنامەی کورد کرد. لەم کتێبەدا

گفتوگۆکەمان تایبەتیتر کردۆتەوە. هەوڵدەدەم لە کتێبی داهاتودا سەبارەت بە ئاین تایبەتیتر قسە لەسەر خودی خودا بکەم و چۆن کەسێتی کورد بەو ئاراستەیەدا خۆی بنیاد بنێتەوە. لەوێدا ئەم پرسیارە دەوروژێنین: **داخۆ لەم سەردەمەدا کورد دەتوانێ لە دەرهاویشتەی خۆیەوە لە چەمکی خوایەتی بڕوانێت و لەو بوارەدا مەعریفەیەکی بەرزتر لە چاو تورک و فارس و عەرەب بهێنێتە کایەوە؟** لە هەمانکاتدا هەوڵدەدەین لەو هۆکارانەش وردبینەوە بۆ پرۆژەی مارکسیسم لە ناو کوردی باشووردا دەسەوسانە؟ و پێشنیارێکیش دەکەین بەڵکو کورد بتوانێت لەو گیرخواردنە دەربازبێت.

دەسپێک

جگە لە مرۆڤ گشت بوونەوەرێکی دی ئاراستەیەکی یەک ڕەهەندی دەخوازێ، ئەویش ڕەهەندی ماددی یان بە زمانێکی تر ڕەهەندێکی غەریزی، بایەلۆژی، فیسیۆلۆژیە، ئەم ڕەهەندە دەکرێت بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی تاقیگاوە و لە دیدی زانستێک لە زانستەکان مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

مرۆڤ جیا لەم بوونەوەرانە جگە لەو ڕەهەندە ماددیە، ڕەهەندێکی دی سەرتاپای ژیانی داگیرکردووە و دەتوانین بە زمانی سایکۆلۆژی وشەی هەست و نەست و بە زمانی ئایین وشەی ڕوح و بە زمانی فەلسەفەش وشەی مەعریفەی بۆ بەکاربهێنین. ئەم ڕەهەندە هێندە کاریگەرە دەتوانم بڵێم ئاراستەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە ئابووری مرۆڤایەتیش دیاریدەکات.

ئەم کاراکتەرە ڕۆحیە، هەست و نەستی مرۆڤ پێکدەهێنێت و چۆنێتی مرۆڤبوونی ئەو مرۆڤەو چارەنوس و هەنگاوەکانی ژیانی دیاری دەکات. ئەم کاراکتەرە ڕۆحیە شتێک نیە هەروا لە خۆیەوە

بەخشرابێت، بەڵكو لە ناو پرۆسەیەكی مێژووییدا دەخولقێت. گرفت و ئاڵۆزی ئەم هەست و نەستە كە دوو ڕەهەندی سەرەكی پێكهاتەی مرۆڤن بە هێڵێكی ڕاست و یەك ئاستدا ناڕوات، بەپێچەوانەوە، بە هێڵێكی پێچاوپێچ و بەرزو نزمدا تێدەپەڕێت. چونكە مرۆڤ هەڵگری كاراكتەرێكی ڕوحی و دەروونی ئەوتۆیە كە بەبەردەوام لەگۆڕاندایە، واتە هەڵگری كاراكتەرێكی دینامیكییە كە ژینگە، دەوروبەر، ڕووداو وسروشت ئەو كاراكتەرە دەخاتە ژێركاریگەری خۆیەوە. كاراكتەری مرۆڤیش وایە كە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە سروشت و دەروبەر و ڕووداو بەو ئاراستە و ئاقارەدا بەرێت كە خودی ئەو مرۆڤە خۆی تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسودەیی و حەوانەوە دەكات. هەركاتێ مرۆڤ بەو كاراكتەرە ڕۆحیەی خۆی نەزانێت، یان لەوە هۆشیار نەبێت كە ئارامی و ئاسودەیی ڕاستەقینە لە كوێدایە، ئەوا ئارامی و ئاسودەیی درۆینە بۆ خۆی ساز دەكات و لە ڕێگەی وەهم و خەیاڵەوە دەیڕازێنێتەوە. وەلێ هێندە نابات واقع هەموو ئەو خەیاڵپلاوانەی هەڵدەوەشێنێتەوە. بە كورتیەكەی

دەمــەوێ ئـەوە بدرکـێنم کــە مــرۆڤ و کـەلتووری مرۆڤ و کۆمەڵگـە، هــەڵگری کاراکتەرێکی ڕوحــی و هەست و نەستیکە، گەر هۆشیارانە مامەڵەی لەتەکدا نەکرێـت، هـێندە نابـات ئـەو مرۆڤگەلـە ناهوشـیارە دووچاری شکستێکی تۆقێنەر دەبێتەوە.

لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کـورد لـەو ڕۆژەوەی کـە وەک بونەوەرێـکی کـوردی لــە مـێژوودا سـەری هەڵـــداوە، هـــەتا هەنووکـــەش نـــەیتوانیوە ئـــەو ڕەهەندە، ئەو کاراکتـەرە نادیـارە، هـەموار و لـەبار بکات و بتوانێ هۆشیارانە مامەڵەی لە تەکدا بکـات. گشت چارێک کە هەلێک بـۆ کـورد هەڵدەکەوێت و دەشێ ئەگەرێک بێت تـا لەوێوە بتـوانێ هەنگاوێکی جددی بنێت و بەرەو ئاسـۆی هەقیقـەت هەڵکشـێت و ســەرەتایەک بـێت بــۆ خۆدامەزرانــدن، کەچــی بــە پێشڕەوی سەرکردەکانی هەنگاوی ناواقعی دەنێت و ژینگەیـــەکی درۆینـــە و ئاســـودەیەکی ســـاختە دەخولقێنـــێت. دەرەنجـــام شکستهـــێنانەو، ئـــەمجا پرســــەگرتنەو هەڵــــسەنگاندنیش تاوانبـــارکردنی ئەویدیـــە و بــــەزەیی هاتنەوەیـــە بـــە خـــۆدا و سەرهەڵدانی هەستی بەقوربانیبوونە.

بێ ئەوەی زۆر دووركەوینەوەو بە ناو مێژووی دێرینی كوردا بچینەوە، دەشێ واقعی ئەمڕۆی كوردی باشوور ئەگەر بێتوو بە چاوێكی ووردبین و زانستیانە لێبڕوانین، زەمینەیەك بێ بۆ تێگەیشتن لەم دەستپێكە. مەبەستم ئەو واقعەیە كە لە كۆتایی سەدەی ڕابردووەوە كورد خۆی تێدا دەبینێتەوە. واتە ئەو سەردەمەی كە پارتی و یەكێتی و پارتەكانی تری كورد گەمەی خۆیانیان تێدا كردووە و تا هەنوكەش ئەو گەمەیە بەردەوامە.

دیارە گەڕانەوە بۆ مێژووی پێش ڕاپەڕین، تیشكێك دەخاتە سەر ئەوەی ئەمڕۆ لە كوردستانی باشوور لە خوانە. دامەزراندنی كۆماری ئیسلامی ئێران بە چەند لایەكدا لەسەر كوردی باشووری كوردستان ڕەنگدانەوەیەكی بەرچاوی بووە. لێرەدا مەبەستی من ئەوە نیە باس لە چاكی و خراپی سیاسەتی كۆماری ئیسلامی ئێران بكەم، هێندەی ئەوەم مەبەستە كە باس لەو تێوەگلانەی كورد لەو سیاسەتە و بە چ ئاراستەیەكدا كوردی باشووری بردووە، بكەم. بزاڤی نەتەوەیی و ئیسلامی كورد كە ئێستە لە گۆڕەپانی باشووری كوردستاندا چالاكن،

گـشتیان لــە سیاســەتی ئــەو کۆمــاری ئیــسلامیە تیوەگلان و تیوەی ئالآن. ئەم تیوەگلانە لە کۆتاییدا زیانـێکی گــەورەی بەئاراســتەی سیاســەتی کــوردی باشــوور گەیانــد. مەبەستیــشم لــە کــوردی باشــوور هەموو تاکەکانی ئەو ناوچەیەیە بە ئیسلامی سیاسی و ئیــسلامی جیهــادی، ڕێــبازی چــەپ و بزاڤــی نەتەوەییەوە. مەبەستم ئەوە نیە لێرەدا پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو پارتانە هەڵسەنگێنم. نەخێر، تەنها مەبەستم ئەوەیە ئەو پارت و گروپانە تا چ ڕادەیەک ســودیان بــە پــڕۆژەی نەتەوەیــەک گەیانــدووە. پڕۆژەی نەتەوەیەک مەبەستم ئەو پرۆسە سروشتی و ئاســاییەیە کــە نەتەوەیــەک بــەرەو نەتــەوەبوون بەرێــت و تاکــەکانی ئــەو نەتەوەیــە لــە نــاو ئــەو چوارچــێوە نەتەوەییــەدا، هەســت بــە ئاســودەیی دەروونی و ئارامی ڕوحی بکەن.

نەتەوەبوون قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بە مرۆڤ بوون. واتــە تاکـێک هەســت بــە بــوونی خــۆی وەک تاکێک دەکـات و دەیــەوێ خــۆی لــە هــەموو کــۆت و بەندێک ئازاد بکات. هەر ئەم تاکە لــە هــەمان کاتتــدا هەست بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی لە ناو گروپێکدا

دەكات كە سنوورر بۆ ئەو ئازادیە دادەنێت و ئەوكات دەرەنجـــامی ملهلانـــێی ئـــەو تاكانـــەی هوشـــیاربونەتەوەو ئـــەو جـــەماوەرەی كـــە ئـــەو هوشـــیاربونەوەیەی پـــێ هەرسناكرێـــت، هەســـتی نەتـــەوەبوون و ئینتمـــابوون بۆیـــەک رەچـــەڵەک و مێژووی هاوبەش گەشەدەسێنێت. ئەم نەتەوەبوونـە لە ئەنجامی هۆشیاریەكی ڕاستەقینە سەرهەڵدەدات، چونكە بـە بێ هۆشـیاربوونەوەی تاكێک لـە خـودی خۆی و دەورووبەر و ئەویدی، ئەو نەتەوەیە بونـێكی سـەرەتاییە كـە نـاتوانرێ هـیچ جـۆرە پرۆژەیـەكی سیاسیانەی ئـاڵۆزی لەسـەر بنیـات بنـرێ. كـاتێ ئـەم نەتـەوە بـێ پـرۆژەو سـەرەتاییە دەكەوێـتە بـەر تەوژمی نەتەوەیەكی خاوەن پرۆژە و خاوەن پەیام، تاكەكانی ئەو نەتەوە سەرەتاییە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەكـات. مـرۆڤ دەبـێ بـە پرۆسـەیەكی سـایكۆلۆژی قوڵـدا تـێپەڕێت تـا بتـوانێ لـەو لەگـەڵ خۆبردنـەدا هوشیاربـێت و هوشـیارانە مامەڵـە لـە تـەک دۆخـی بەنەتەوەبوونیـدا بكـات. نەتـەوەبوون مەبەسـتمان مرۆڤگەلێک لە ئاستی خێزان، خێڵ و هـۆز دیـدی بـۆ ژیان بەرزتر بێتەوە و زۆرتـرین ژمـارەی مـرۆڤ لـە

بیرکردنەوەیدا بگریتەوە، کە دەتوانم بڵێم سەر بەرەو هیومانیزمی بکێشێت، بەبێ ونکردنی تایبەتمەندێتی مرۆڤەکان. واتە نەتەوەبوون خۆ بەندکردن نیە لە چوارچێوەیەکدا، هێندەی ئازادبوون و کرانەوەیە بۆ ئەویدی.

لێرەوە هەوڵ دەدەین ئەوە شیبکەینەوە، تا چ رادەیەک پرۆژەی کوردی، لە کوردستانی باشور لەو سەردەمەی کە کۆماری ئیسلامی سەری هەڵداوە هەتا هەنووکە، بە گشت لایەن و پارت و گروپەکانیەوە توانیویێتی ئاراستەی نەتەوەبوونی کورد گەشە پێبدات. ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینەی نوسەر پشت نابەستێت بە هیچ ئامارو لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، بەڵکو پشت ئەستوورە بەو پاشخانە رۆشنبیریەی کە تا هەنووکە بۆی رەخساوە و بەو پێیە دیاردەو رووداوەکان دەخوێنێتەوە، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە نوسەر خۆی لەو سەردەمەو شوێنکاتەکاندا واتە لە کوردستانی باشوردا ژیاوەو ئەم رِوداوانە گشتی سەرنجی راکێشاون.

تاکەکانی کورد لە ڕووی سیاسیەوە بەم شێوەیە پۆلێن دەکەم:

١- کۆمەڵێک تاکی کورد بانگەشەی نەتەوایەتی دەکەن، کە دەتوانین پارتی و یەکێتی لەم کۆمەڵەدا پۆلێن بکەین.

٢- کۆمەڵێک بانگەشە بۆ ئیسلام دەکەن. کە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی دا پۆلێن دەکرێن.

٣- کۆمەڵێک بە چەپگەرا ناسراون. چەپگەرایی گشت ئەو پارتانە دەگرێتەوە کە بیری مارکسیزم کاریگەری لەسەریان جێهێشتووە.

ئەم پۆلێنکردنە بۆ ئەوە نیە کە لەم پارت و ڕێبازانە بکۆڵمەوە، هێندەی مەبەستمە لە ڕوانگەی نەتەوایەتی و ئاینداری و مارکسیەتەوە بارودۆخی ئەمڕۆی کورد بخوێنمەوەو بەو ڕابردوەی ببەستمەوە کە نزیکەی چارەکەسەدەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە. خوێندنەوەکەمان بەم پرسیارە دەست پێدەکەین:

ئایا ئەو پارتانەی بانگەشەی نەتەوایەتیان کرد بۆ گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی، ڕێبازی نەتەوەییان گرتۆتەبەر؟ ئایا پارتە ئیسلامیەکان ڕێبازی ئاینییان گرتۆتەبەر ؟ ئایا چەپەکان ڕێبازی مارکسیزمیان لەمەڕ ئاین و فەلسەفە گرتۆتەبەر؟ واتە جەوهەری ئەم ڕێبازانە بزوێنەر بووە یان لاسایی کردنەوە؟ لەناو ئەم ڕێبازانەدا خودی مرۆڤ ئامانج بووە یان عەقیدە؟ ئایا ڕۆحی کورد لەبن دەستی ئەم ڕێبازانەدا حەساوەتەوە یان شپرزەتر بووە؟

لەو کاتەی کە کۆماری ئیسلامی و ڕژێمی عێراق لەگەڵ یەکدی لە جەنگدا بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ک) چالاکی خۆیان دەستپێکرد بۆوە. مەبەستم لە چالاکی؛ چالاکی جەنگاوەرانەیە نەک شۆڕشگێڕانە. جگە لەوەی وەک هەموو لایەک دەیزانن، پارتی و یەکێتی هێندەی دژ بە یەکدی جەنگاون و لە یەکتریان کوشتوە و یەکتریان تەشکەنجەداوە، هێندە

زەبریـان بـە ڕژێـمی عـێراق نەگەیانـدووەو تـا ئێستەش ئەو دژایەتی کردنە بە شێوازێکی تر هـەر بەردەوامـە. ئـەوەی گرنگـە ئامـاژەی پـێبکەین و تیشکی بخەینەسەر ئەو پەیوەندییەیە کـە ئـەم دوو پارتـە لەگـەڵ کۆمـاری ئیـسلامیدا بوویانـە، و تـا چ رادەیـەک ئـەو پەیوەندییـە سـود یـان زیـانی بـە پرۆژەی نەتەوەبوونی کورد گەیاندووە.

لەو سەروبەندەدا ئیسلامیەکانیش بـە جیهـادی و سیاسـیەوە لـە ئـێراندا دەژیـان و پەیوەنـدی ئەوانیش هەروەک پارتی و یەکێتی دژ بـە ڕژێمی عـێراق پەیوەندییـەکی ئۆپۆزسیانە بـوو. هەرچـی مارکسیـستەکانە کـە دەشـیا لـە ڕێـگەی فکـری مارکسیەوە -وەک فەلسەفەیەکی واقعی- مرۆڤی کـورد لـە واقعـی ئـەو ڕۆژگـارە هۆشـیاربکەنەوە، کەچـی ئـەوانیش بـە ئاقارێـکدا ڕۆشـتن بـە هـیچ جۆرێک تێبینی پێکهاتەی مرۆڤی کوردیان پێنەکرا و لـە بری ئـەوەی پرۆژەی نەتـەوەیی و ئـاینی بـە ئاقـاری مـرۆڤ دۆسـتیدا بـەرن، بـە پێـچەوانەوە، ئاینـداری و نەتەوایـەتیان بـە پرۆژەیـەکی دروسـت نەدەزانی.

بەشی یەکەم
ڕۆحی کورد لەبن دەستی ناسیۆنالیزم دا

هەروەک لای هەموومان ئاشکرایە، زیاتر لە سەدەیەکە کورد لەوە هۆشیار بووەتەوە کە مافی ئەوەی هەیە خاوەنی دەسەڵات و بوونی خۆی بێت. مرۆڤی کورد هەست بەوە دەکات کە سنووری جوگرافی و زمان و مێژووی تایبەت بە خۆی هەیەو لە نەتەوەکانی تری دەوروبەری جیای دەکاتەوە. ئەم هەستە هەستێکی سەرەتایی و سادە و سۆزدارییە، بۆیە گەر ئەم هەست و سۆزە گەشە نەکا و پەرەی پێنەدرێت بە سێ ئاقاردا مەترسیدارە. یەکەم؛ ئەم هەستە ناچارت دەکات بەبەردەوام بەرامبەر بە کاری دوژمنانەی ئەویدی، کاردانەوەیەکی ڕوکەش و سۆزداری و هەڵچوونانەت بێت، ئەمەش زۆرجار ئاکامەکەی خراپ بەسەر خودی خۆتدا دەشکێتەوە و پرۆژەی بەنەتەوەبوون بەرەو دواوە دەبات وماڵوێرانی و شکستی لێدەکەوێتەوە. دووەمیان؛ مەترسیەکەی

لەوەدایـە ئامـانج کـە نەتەوەبوونـە لەنـێوەند هۆکارەکانـدا -کـە دەکـرێ لـە خزمـەتی ئـەو ئامانجەدا بێت- ون دەبێت و پێوەرەکە لینگەوقوچ دەبـێتەوە، لـەبری ئـەوەی خـەم لـە مرۆڤبـوونی مرۆڤی کورد بخورێ، مرۆڤـی کـورد بـە بـەردەوام دەکرێتە قوربانی بۆ دروشم و جوگرافیا و مـێژوو و ڕابردوو. سێهەم مەترسیەکەی لەوەدایە گەر ئەو جـۆرە هەسـت و سـۆزە نەتەوەییـە پـەروەردە نەکرێـت، مـرۆڤ بـەرەو ڕەگـەز پەرسـتی و شۆڤێنیەت بەرێت. کە دەسەڵاتیشی دەسکەوت -بـە هـەر شـێوەیەک بـوبێ- هـەمان تـێڕوانینی دوژمنەکـەی بـێ نرخکـردن و ناشـرینکردنی ئەویدی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەم حاڵەتە سۆزدارییە پەرچەکردارەی کورد، کە لەسـەرەوە تیشکمان خستە سـەر، تـا هەنوکـەش بەردەوامـە و هـیچ گۆڕانـێکی بەسـەردا نـەهاتوە. لـێرەوە هەوڵدەدەین ئەو حاڵەتە لە ناو سیاسەتی کـوردی و لـەم چـارەکە سـەدەی ڕابـردوودا دەست نیـشان بکەین.

تێکشکانی جەنگی بارزانی ساڵی ١٩٧٥ بواری بۆ تاڵەبانی خۆشکرد کە جارێکی تر بانگەشە بۆ بۆچوونەکانی خۆی بکاتەوە. هەموو ئاگادارین لەوەی کە تاڵەبانی پێشتر لە ئاست بەرزانیدا شکستی خوارد و بێ دەنگ و کپکرابووەوە. هەرچەن بە بۆچوونی من بۆچوونەکانی تاڵەبانی تەنها بە وشە و دروشم لە بیروبۆچوونی بارزانی جیاواز بوو، دەنا لە ناخ و ناوەڕۆک و ئامانج و خەیاڵ و خۆزگەکانیەوە، جیاوازیەکی قوڵ و بنەڕەتی بەدی نەدەکرا. چونکە تاڵەبانی و بارزانی هەردوک کوڕی هەمان مێژوون کە ساڵەهای ساڵە مرۆڤی جەنگاوەر وەبەر دێنێت. ئەم جەنگاوەرانە یەک لە دوای یەک دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و تەنها لە ڕووخساردا لەیەک جیاوازبوون و لە ناوەرۆک و نەستیاندا یەک خۆزگە و مۆتیڤ بزواندوونی. ئاخیان تەنراوە بە خۆزگە و حەزی دەسەلات، حەزی قۆرخکردنی گشت سیمبۆلەکان، ئەو سیمبۆلانەی کە دەسەلاتی ئایین و دەسەلاتی سیاسی لەخۆگرتووە. ئیدی هەرچی دروشم و وتە و ڕەفتاریان هەیە دەمامکن بۆ شاردنەوەی ئەم

ناخە. کوردایەتی لەوێدایە کە بەرژەوەندی ئەوانی تێدا بێ. تا بەرژەوەندی ئەو سەرکردانە لە شاخ و چەکداریدا بوو بێ، ئەوا کوردایەتی لە وێدا بووە. هەرکاتیش بەرژەوەندییەکانیان کەوتە لای حکومەتی ناوەندیەوە، ئەوا کوردایەتیش دەگوێزرێتەوە و هەزار و یەک بڕ وبیانوو بۆ ئەو سیاسەتەیان دێننەوە.

ئا لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە: ئایا چۆن دەکرێ ئەم سەرکردانە ئەم بیانوو و پاساوانەیان بۆ بچێتە سەر؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دێینەوە لای جەماوەر و ڕووی ڕەخنەمان لەوان دەکەین، وەڵامەکەش ئەوەیە: نەزانی جەماوەری کورد لەوێدایە کە دەرک بەو نەستەی سەرکردەکانیان ناکەن. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە کوردایەتی بۆتە دۆگمایەک، هەرکاتێ دروشم و سیمبول و سروتەکانی ئەو عەقیدەیە بوترێتەوە، ئەوە دەکرێتە گەواهیەک بۆ ڕاستگۆیی ئەو کەسە یان ئەو سەرکردەیە، بێ ئەوەی لە دەرەنجامی کار و کردەوەکانی ئەو سەرکردەیە بکۆڵرێتەوە. هۆی ئەوەش یان نەزانیە

یان زۆربەی ئەو جەماوەرەش هەڵگری هەمان سیفات و کارەکتەری ئەوانن. ئەم دۆخە ناو دەنێین دۆخی بەندبوون لە بەندیخانەی ڕابوردو، کە ناهوشیاری لە خودی لێدەکەوێتەوە. ناهوشیاری لە خود واتە خودشەیدایی و خۆپەرستی.

دیارە سەرکردەکانی کورد لە چاوی جەماوەرەکەیانەوە شۆڕشگێڕن. وەلێ ئێمە گەر بە چاوێکی زانستیانەوە لەم سەرکردانە بڕوانین، هەر لە شێخ عوبێدوللای نەهرییەوە، قازی موحەمەد، شێخ مەحمود و مەلا مستەفا، تا دەگاتە تاڵەبانی و بارزانی، ئێمرۆ کە گشتیان دەکەونە خانەی جەنگاوەرەوە. چونکە شۆڕشگێڕ قۆناغێکی پەرەسەندووی بەرز ترە لە جەنگاوەر. جەنگاوەر بەرهەمی سەردەمی جەنگەڵە و چالاکیەکانی بریتین لە کۆمەڵێک کاردانەوەی سادەو ساکار و کورتبڕ و ئامانجێکی گچکەی وەک نێچیرگرتنێک. شۆڕشگێڕ ئاستێکە مرۆڤ تێیدا دەیەوێت پێویستیە ڕۆحی و دەروونیەکانی وەدی بهێنێت. شۆڕشگێڕ هەڵگری مەعریفە و عیرفانە.

شۆڕشگێڕ هەڵگری ڕق و کین و ئامانجی تاکە کەسی و وەدەستهێنانی مەرامی تایبەتی خۆی نیە. شۆڕشگێڕ هەروەک خەمی خۆی دەخوا، خەمی ئەوتریش دەخوات کە بەرامبەری وەستاوە و داوای مافی لێدەکات. شۆڕشگێڕ مرۆڤدۆست و جیهانبینیەکی فراوانی هەیە. ئامانجەکانی تەنها لە خودی خۆیدا کۆنابێتەوە، بەڵکو لە جۆری خۆشیدا دەیبینێتەوە. تەنها خەمی تاک هەڵناگری، بەڵکو خەمی کۆ و مێژووی ئەو مرۆڤانەش هەڵدەگرێت. هەروەک تاکەکانی نەتەوەکەی خۆی فێری ڕەوشت بەرزی ئەکا، هەوڵ ئەدات تاکەکانی ئەوانی دیش فێری ڕەوشتی پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستی بکات.

ئەگەر جەنگاوەر بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕێت تا ئەو ساتەی دەگۆڕێت بۆ پاش جەنگاوەری ئەوسا دەشێ بگاتە قۆناغی شۆڕشگێڕی، ئەوا تا هەنووکەش کورد بە سەرکردە و جەماوەریشەوە، قۆناغی جەنگاوەرییان تێنەپەڕاندووە. دەشێ تاکی کوردی ڕۆشنبیر هەبن ئەم قۆناغەیان بڕیبێت، وەلێ بەپەنجەی دەست دەژمێرین و

خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکیش نین. ئەگەر تەمەنی نەتەوەی کورد بچوێنین بە تەمەنی مرۆڤێک لە منداڵیەوە تا کامڵ بوون، ئەوا کورد هێشتا تەمەنی هەرزەیی نەبڕیوە. کێشەکەش لەوەدا نیە کە نەتەوەیەک هەرزە بێ، بەڵکو لەوەدایە کە ئەو نەتەوەیە خۆی بە کامڵ بزانێ. جگە لەوەش ئەم هەرزەکارە هەتا هەنوکەش لە باوەشی ناسنامەی نەتەوەکانی تردا تەپاوتلی بێت. هێندە بوێر نیە بتوانێ سەربەخۆ و ئازاد بیرکاتەوە و نەتەوەکانی تریش لەوە ئاگادار کاتەوەو بڵێت وا منیش هەرزەکاریم بڕی و کامڵ بووم. ئەوە بدات بە گوێی نەتەوەکانی دی و بڵێ واخۆم بۆ خۆم بیردەکەمەوە و خاوەنی جیهانبینی خۆمم و ژیان و مردنم خۆم بۆخۆمی دیاری دەکەم. گەر کورد بگاتە ئەم ئاستە لە بیرکردنەوەدا، لەگەڵ ئەوانی تردا بە ئاراستەیەکی تردا دەڕوات و ئەوانی دی ناچار دەکات لە کۆتاییدا ملکەچی فەلسەفە و پڕۆژەی مرۆڤدۆستی ئەم کوردە کامڵە بێن. وەلێ هەتا هەنووکە ئەو سەرکردانە بەرگر و ڕێگرن لەبەردەم کامڵبوونی ئەم نەتەوە هەرزەیەدا.

کورد لە قۆناغی هەرزەکاریدا گیری خواردوە، شپرزەیە و چاوەڕوانی سەرکردەیەک دەکات لەو قۆناغە ڕزگاریان بکات، تا بتوانن ناسنامەی خۆیان بە دەستی خۆیان پێکبهێننەوە.

دەتوانین لێرەدا بە نموونەیەک باسەکەمان زیاتر ڕوونکەینەوە. دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خۆدامەزراندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاش شکستی بارزانی، لە بەرامبەر سیاسەتی ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، خاڵی دەستپێکردنیان ئەوە نەبوو ئەم پرسیارە جەوهەریە لە خۆیان بکەن: **هۆی چییە چەندین جار کورد ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵکەوت و دەشیا هەلێک بوایە بۆ دامەزراندنی کورد، کەچی کۆتاییەکەی شکستهێنان بوو؟** ئەم پرسیارە گەر مرۆڤ لە خۆی بکات، واتای هوشیاریەکی بەرز دەگەیێنێت. چونکە بە دوای هۆکاری ڕاستەقینەی دیاردەیەکدا دەگەڕێت و خۆی بە گەمەی کات بەسەربردن خەریک ناکات. گشت ڕێبازێکی مەعریفی لەو پرسیارە جدیەوە سەرهەڵدەدات کە وێڵی هۆکاری یەکەمە.

ئەوان توانای دامەزراندنی ڕێبازێکی فەلسەفی پەروەردەییان نەبوو تا تاکەکانی کوردی پێ هۆشیار بکەنەوە، کە تاکەکانی کورد فێری جیاکاریان لە نێوان ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزناسیدا پێبکەن، تا تاکەکانی کورد فێری نیشتمان پەروەری و هاونشتمانیەتێکی ڕەوشت بەرز بکەن، ئەوە نەبوو تاکەکانی کورد فێری ئەوە بکەن کە بەرژەوەندی باڵا بخەنە پێش بەرژەوەندی تاکەکەسی تا ببنە جێگا سەرنجی تورک و عەرەب و فارس. لێرەدا مەبەستم دانانی وەزارەتی پەروەردەو مافی مرۆڤ نیە، بەڵکو ڕێکخستنی بزاڤێکی شۆرشگێرانەی ئازادگەری و عیرفانیە، لەبری وتنەوەی دروشم و لێدانی دەهۆڵی ئاڵاو خاک و جوگرافیا. بە پێچەوانەوە هەردوو پارتەکە پێشبڕکیان بوو لەسەر ئەوەی لە چ وڵاتێک کۆمەکی ماددی و چەک وەدەست بهێنن، لەکاتێکدا پێش ئەوەی ئەو چەکە دژی ڕژێمی بەغدا بەکارهێنرابێت، دژی یەکتر بەکاریان هێناوە. چونکە ئایدۆلۆژیای جەنگاوەر لەسەر ئەوە بەندە کێ لە ڕووی ماددی و چەکەوە خاوەن بازوویەکی ئەستووربووە، ئەوە

سەروەری وەدەست دێنێ و دەبێتە دەسەڵاتدار. ئامانجی گەورەی جەنگاوەران ئەوەیە چۆن بگەنە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات. تەنها ئەو شوێنە دەیانحەوێنێتەوە، بۆیە ئامادەن پەلاماری گشت شتێکی نامەشروع بدەن و لە پێناوی مانەوە لەو لوتکەیەدا هەموو جۆرە سیمبۆل و دروشمێکی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی بخەنە کار بۆسڕکردنی جەماوەر،بێ ئەوەی ویژدانیان تۆزقالێک خورپەی پێدا بێت و ئاورێک لە ڕەهەندی ڕۆحی مرۆڤی کورد بدەنەوە. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مرۆڤی جەنگەڵ کە ئەوان لەو سەردەم و شوێنەدا جەنگاوەری مانەوەی پێبەخشیون. وەلێ گوێزانەوەی سیفاتی جەنگاوەر بۆ شار، هەمیشە دەبێتە خولقێنەری شپرزەیی بۆ خود و بۆ ئەویدیش. لەم کەشە گرژو ئاڵۆزەدا مرۆڤ نایپەرژێتە سەر مافە ڕوحی و مرۆییەکان و پرسیارە جەوهەرییەکانی ژیان.

ئەم جەنگاوەرانە هەمیشە ئەو هەلانە دەقۆزنەوە کە بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان دابین بکەن. هەرگیز دووربینانە لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەیان ناڕوانن. بۆ نموونە لە جەنگی ئێران و

عـێراقدا پارتـە کوردیـەکان بـە تایبـەتی پـارتی و یەکـێتی بوونـە ئۆپۆزسـیۆن لـە نـاو ئـێراندا. گـەر ئۆپۆزسیۆنێکی ئاسایی بوونایە قەیدی نەبوو، بـەلاّم ئـــەوان بـــە تۆپـــەکانی ئـــێران بۆردومـــانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بکەن تا بڵێی جێگەی لۆمە و ڕەخنە و گلـەیی و گازندەیە. ئەویش لەبـەر سێ هۆ :

یەکەمیان؛ کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە کێشەی ڕەوای نەتەوەیەک تێکەڵ بە کێشەو جەنگی نێوان دوو دەوڵەتی بێویژدان دەکەن. ئەم کارەیان زیانێکی مەزنی بە ڕەوتی سیاسی و چارەنوسی کورد گەیاند. مرۆڤی دڵسۆز و ڕاستگۆ بە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ئامانجی سەرەکی پڕۆژەکەی لە گشت خەوش و کەلێنێک بپارێزێت و بەبەردەوام مافی سروشتی خۆی بە جوانترین شێوە و شێواز بۆ دۆست و دوژمن بخاتە ڕوو. ونکردنی ئەو ئامانجە سەرەکیە زەبرێکی مەزنە بە ڕۆحی نەتەوەی کورد گەشتووە.

دووەمیان؛ بیانوویەکی زۆر دیار و ئاشکرا بـوو بـە ڕژێمی عێراق بەخشرا، تا بە بێ شەرم و ترس لەبـەر

چاوی هەموو جیهان و جیهانی عەرەبیش دەست لە کورد نەپارێزێ و کاری ناڕەوای ئەنفال و کیمیایی جێبەجێ بکات. گەر من لە ڕۆحی ئەم جەنگاوەرانە تێگەشتبم، زۆر خۆشحاڵ بوون بەو کارەساتە، چونکە پشتیوانیان بۆ خۆیان زیاد دەکرد. وەلێ شۆرشگێر کارەسات لەمرۆڤ دووردەخاتەوەو خۆشگوزەرانییان بۆ دابین دەکات.

سێیەمیان؛ ئەوەیە، ئەو ڕەوتە سیاسیەی سەرکردەکانی کورد گرتویانەتە بەر هەمیشە وای لێکەوتۆتەوە کە گەلی کورد بەسەر دوو سیستەمی جاشایەتی و پێشمەرگایەتیدا دابەش بێت و جەستەی کورد بە هۆی ئەم سیستەمەوە خۆی خۆی بخوات، وەک چۆن مۆرانە جەوال هەڵدەوەشێنێت. سەیر لەوەشدایە هەمیشە ژمارەی جاش لە پێشمەرگە زۆر زیاتر بووە. ئەم دابەشبوونە کەلتورێکی تا بڵێی سەیرە و مێشک و دەروونی گشت کوردێکی تەنیوەتەوە. وەک عەقیدەیەکی لێهاتووە کە هەرچی سیفاتی جوان هەیە پێشمەرگە هەڵگریەتی و هەرچی سیفاتی ناشرینە جاش هەڵگریەتی. زۆر سەیرتر لەوەش ئەوەیە کە ئەم

دوو گرووپە ئەوەندە لە خاڵی لاوازی یەکتری شارەزان، تا ئێستەش جاش لە ناوناتۆری جاشایەتی خۆی شەرم نایگرێ. چونکە ئەوە لای ئەو روونە کە ئەوەی بەناوی پێشمەرگەوە دەدوێ، زۆر لە خۆی دەچێت، ئیدی شەرم لە چی بکات! ئەم سیستمە هەروەک سیستەمی کافر و موسولمانەکەی ناو کەلتوری موسولمانەکان لێهاتووە. موسلمان هەرچۆن بێ هەر جوانە و دەچێتە بەهەشتەوە، پێشمەرگەش هەرچۆن بێت هەرجوانەو شەهید دەبێت. جاش و کافر ئەو دوو مرۆڤە ناشرینەن هەرگیز جوان نابن و خاوێن نابنەوە. ناڕەوایی سیستەمێکی لەم جۆرە بۆ ئەم سەردەمە لەوەوە دێ کە ئەم سەردەمەی ئێمە ئەم جۆرە دوالیزمانە هەڵدەوەشێنێتەوە و دیالەکتیک لە جێگەی دادەنێ. واتە لە نێوان شتەکان و دیاردەکاندا کارلەیەککردن هەیە، ئەم هۆکاری دروستبوونی ئەویترە، ئەویتریش هۆکاری دروستبوونی ئەمی ترە. بەم بۆچوونە موسڵمان، کافر دروست دەکات و پێشمەرگەش جاش دروست دەکات، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

تێکەڵکردنی ڕەوتی سیاسی کورد بە جەنگی ئێران و عێراق، دۆزی کوردی لە چاو گشت عەرەبێکدا- ئەمە لە کاتێکدا جێی شەرمە کە کورد لە لایەکی ترەوە هەر خۆی فڕێدەداتە باوەشی عەرەبەوە- کردە خیانەت بە نیشتمان. مرۆڤ هەرچەندە نەشاز و دڕندە بێت گەر بیانوویەک با ساختەش بێ بۆ دڕندایەتیەکەی نەدۆزێتەوە، ناتوانێ وا بە ئاسانی ئەو دڕندایەتیە ئەنجام بدات (بە تایبەتی کەنەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەرەکەشی هەق نەناس و نەزان بن). جگە لەوەش تۆ وەک ماف خوراو، دەبێ کاراکتەری بەرامبەرەکەت باش بناسی و حسابی بۆ بکەیت، هەر بۆیە زۆر جاریش قوربانی وەک دەروونناسان دەڵێن خۆی بەشدارە لە دروستکردنی ئەو بیانوەی کە دەیدا بەدەست جەللادەکەیەوە، بەتایبەتی ئەگەر قوربانیەکە ناهۆشیار بێ.

لەو بارودۆخەدا کە جەللاد و قوربانی تێکەڵ دەبن، جەللاد خۆی بە قوربانی دەزانی و قوربانی وەک جەللاد دەخرێتە پێش چاوی جیهان، بە تایبەتی جیهانی عەرەب. ئەم دیاردەیەمان بەتایبەتی لە پرۆسەی دادگاییکردنی سەددام و دار و

دەستەکەیدا بینیەوە. لەو دادگایەدا بە ئاشکرا ئەوەمان دەدی کە چۆن ئەوان واتە جەللادەکان بەرگریان لەخۆیان دەکرد، بەوەی دژ بە ئێران جەنگاون و هەوڵی ئەوەیانداوە کە نیازە خراپەکانی ئێران سەبارەت بە ناوچەکە، پوچەڵ بکەنەوە. وا پاساویان دەهێنایەوە کە ئەوان بەرگریان لە عێراق کردوە، نەک دژ بە کورد جەنگا بن. ئەوان لە خەیاڵێکدا بوون کە کورد و فارس- بە هۆی مێژوو و ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشیان- بوونەتە بەرەیەک دژ بە عێراقی خاوەن مێژووی عەرەبی و ئیسلامی. خۆیان وەک قوربانی دەخستەڕوو نەک شانازی بەوەوە بکەن کە ئەوان جەللاد بوبێتن.

ئیتر دۆزی نەتەوەی کورد لەم کەین و بەینەدا لە کوێدا باس و خواسی هەیە؟! کێ لەم لینگەوقوچکردنە بەرپرسە. لێرەدا بازنەیەکی خولگەیی دێتە کایەوە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانی قوربانی لە جەللاد جیا کەیتەوە، بەڵکو خاوەن دەسەڵات بە ویستی خۆی جەللاد و قوربانی دیاری دەکات. تا بەعس دەسەڵاتدار بوو، ئەوا خۆی وەک قوربانی و کوردیشی وەک جەللاد نیشان دەدا.

بەلام هەنووکە قوربانیەکانی ئەمڕۆ -جەللادەکانی دوێنێ بە بۆچونی ڕژێمی بەعس- کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، قوربانیـەکانی دوێـنێ -بـە بۆچـونی ڕژێمی بەعس- ئیمڕۆ دەکرێنەوە بە جەللاد و سزای خۆیان وەردەگرن. لـەم سـەروبەندەدا دۆزی ڕەوای کـورد کـە کێـشە جەوهەریەکەیـە، لـە نـێوان کـێ قوربانیـــە و کـــێ جـــەللادە، لـــە نـــێوان تۆڵـــە و تۆڵەسەندنەوە و چەندین کێشەی تـر، ونبـووە. ئەو کێشە جەوهەریـە ئەوەیـە کـە کـورد نەتەوەیـەکی ســـەربەخۆیە و مـــافی خۆیـــەتی وەک گـــشت نەتــەوەکانی دی چارەنوســی خــۆی، خــۆی دیــاری بکات. کێشەی حـەزی دەسـەڵات گرتنەدەست لـە لای سـەرکردەی پارتـە کوردییـەکان، بـە تـەواوی بۆتـە ئامانجـــێکی ســـەرەکی وئامانجـــە ســـەرەکیە ڕاسـتەقینەکە کـە سـەربەخۆیی ڕۆحـی و مـاددی نەتەوەی کوردە کەنارخراوە.

هەرچـــەنیش جـــەماوەری کـــورد بـــە ئامانجـــە سـەرەکیە مەزنەکـە دنـەدراوە، بـەڵام کۆتاییەکـەی هـــەتا هەنووکـــەش ئـــەوە دەرنەچـــوە کـــە چـاوەڕوانکراوە. هـۆی ئـەوەش دەگەڕێـتەوە بـۆ

ئەوەی هۆکانی وەدیهێنانی ئەو ئامانجە مەزنە بە بەردەوام لەگەڵ ڕوحی ئامانجەکەدا نەگونجاوە. کورد دەبێ بۆ ئەم ئامانجە مرۆییە ململانێیەکی مەعریفی و فەلسەفی و ڕەوشتی لەبەرامبەر نەتەوە سەردەستەکانیدا بوروژێنێت. نەک بە سیاسەتی ڕووت و خەباتکردن بە چەکی فارس دژ بە عەرەب، بە چەکی عەرەب دژ بە تورک و بە چەکی عەرەب دژی فارس، فوو بە بزاڤی نەتەوایەتی کورددا بکات. ئەم ڕەوتە سیاسیە ستەمێکی مەزنە لە کورد کراوە و ڕەنگە جارێکیدیش بکرێتەوە.

هەمیشە وتومە کورد دەبوایە وانەیەکی باش لە جولەکەوە فێربوایە. جولەکە بۆ بەرگری لە مافەکانی خۆی وەک مرۆڤ، فەلسەفە و مەعریفەیەکی قوڵی خولقاند کە زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا لە ژێر کاریگەری ئەواندا بیریان دەکردەوە. جولەکەیەکی بێ خاک چۆن توانی قەوارە و دەوڵەت بۆ خۆی بنیات بنێ، کەچی کورد لەسەر خاکی خۆی ئەوەی پێناکرێ و بگرە ڕۆژ بە ڕۆژیش سنوری خاکی تەسکتر دەبێتەوە. کورد دەبێ لەو ئایدۆلۆژیایە خۆی ڕزگار بکات کە

چەک و شاخ پاڵپشتیەتی. چەک و شاخ بووەتە ئایدۆلۆژیایەک تا ئێستەش بە شێوەیە لە شێوەکان لەنەستی کوردا هەر بەردەوامە. هەرچەندە ئێستا لە باشووری کوردستاندا بەهۆی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە هەلێک بۆ کوردی باشوور هەڵکەوتووە کە ببێتە هۆی کپکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئایدۆلۆژیایە پێکهاتەیەکی دەروونی نەوتۆیە تا هەنووکەش لە نەستی نەتەوەی کورد و سەرکردەکانیدا کاری خۆی دەکات. جگە لەوەش شانازیکردن بە چەک و شاخ کە گوایە بۆتە هۆی ڕەخسانی ئەو هەلە، ڕۆژانە تا ئێستاش گوێبیستی دەبین. ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە ئەلتەرناتیڤی ململانێی سیاسی و چەک کە ململانێیەکی مەعریفی و فەلسەفی و ڕەوشتیە، هێشتا لە ئەقڵیەتی کوردا، دروست نەبوە و پەرەی نەسەندوە.

سیاسەتی چەوتی کورد بەرامبەر دڕندەیەکی وەک ڕژێمی بەعس چەندین ئاکامی سەختی لێکەوتۆتەوەو تا ئێستەش ئاسەوارەکانی هەر ماون

و کورد پێوەی دەتلێتەوە. کارەساتەکەش لەوێدایە کە کورد خۆشی بەشداریەکی ڕاستەوخۆی لەو تراژیدیایەدا هەبووە. هەروەک چۆن ڕژێمی بەعس داخی خۆی بە کورد لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسمانکرد دەڕشت، ئاوەهاش ئەو کوردانەی کە لە خانەی جاشێتیدا بوون داخی خۆیان بەوانە دەڕشت کە لە خانەی پێشمەرگایەتیدا بوون. ئەویش بە هۆی ئەو دابەشبونە خێلەکی و عەشیرەتگەراییەوە بووە کە کورد خۆی لە پێش هەموو کەسێکەوە لێی بەرپرسە. تراژیدیای ئەنفال و کیمیاباران ئاکامی ململانێی دوژمنکارانەی نێوان کورد و عەرەب نیە بە تەنها، بەڵکو ململانێ و کێشەی نێوان خێڵە کوردیەکانیش ڕۆڵی گرنگی تێدا بینیوە. لەم نێوەندەدا جەستە و ڕۆحی نەتەوەیەکە پارچە پارچە ئەبێ و لە ناخەوە خۆی ئەخواتەوە. جگە لەوەی کە بە ناڕاستەوخۆش بە هۆی سیاسەتی کورتبینی و چەوت و هەڵپڕوزاوی سەرکردە و پارتەکان سەبارەت بە سەرسەخترین دوژمن، هەر بەشێک لە بەرپرسیارێتی مێژووی خۆی هەڵدەگرێ. بۆیە لەوێدا نازانین چۆن کورد ناوبنێین قوربانی

که زۆرینەی چەکدارەکانی کوردی باشور لە خانەی جەللادی عەرەبیدا دەبینرێنەوەو، کەمینەی چەکدار کوردی باشووریش لە خانەی جەللادی فارسیدا دەبینرێنەوە. دەنا چۆن و لە چ لۆژیک و فەرهەنگێکدا دەگونجێ کە دوژمنی کوردی عێراق ببێتە دۆستی کوردی ئێران و هەروەها بە پێچەوانەشەوە. ئەوەی قوربانی ڕاستەقینەیە ئەو توێژ و چینەیە کە لەم کەین وبەینە ناگات و بە ماڵ و بەگیان دوای دروشم و سیاسەتی بێ سەروبەری ئەم پارتانە دەکەون و بەرهەمی قوربانی بوونەکەیان، دەسەڵاتدارەکان دەیچننەوە.

پاش کۆتایی جەنگی ئێران و عێراق و پاش تراژیدیای ئەنفال و کیمیاباران، چەکدارانی خانەی پێشمەرگە گەشتنە ئەوپەڕی بێ ئومێدی و شکستی و بێ دەسەڵاتی. دۆزی کورد هێندە تێکەڵی بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی نێوان ئێران و عێراق بووبوو، هیچ نرخ و بەهایەکی تێدا نەما بوو، تا قسە و باسی لەسەر بکرێ. دەرئەنجامی درووونەوەی سیاسەتی چەوتی سەرکردەکانی کورد، سەربەخۆیی

و ئـــازادی نـــەبوو. بـــەڵکو تراژیـــدیای ئـــەنفال و کیمیاباران و ڕەهێڵەی بێ ئومێدی و شکستی بوو.

هـێندەی نەخایانـد، جـەنگی کەنـداو بـەرپا بـوو، بـووە هـۆی شکستی حکومـەتی ناوەنـدی بەرامبـەر هێزی نێودەوڵەتی و لاوازبوونی دەسەڵاتی بەعس لە باشـووری کوردسـتان. ئـەم ڕووداوە ئومـێدێکی بـە کورد بەخشیەوە و هەلـێکی ڕەخساند کـە ڕاپـەڕین ئـەنجام بـدەن و زۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتان کەوتە دەرەوەی دەسەڵاتی بـەعس. ئـەم ڕاپەڕینـەش هـێندەی نەخایانـد نائومـێدیەکی تـری لـێکەوتەوە و تراژیدیایەکی تری لێوەدەست هات، ئەویش کۆڕەوە سێ ملیۆنیەکە بوو. دیسانەوە ئاکام و بەرهەمی ئەو ڕاپەرینە لە بری ئازادی و وڵاتێکی سەربەخۆ و پتەو بێ، کەچی کۆڕەو و براکوژی نـێوان پارتـەکان بـوو. ململانـێی و هەڵپـەکردن بـۆ دەســەڵات بــە تایبــەتی پارتی و یەکێتی، ئەو دورشمانـەی کـە چـەندین ساڵ وەک سیمبۆلـێک دەوترانـەوە، لــە چــەند ساتـێکی کورتــدا وەک بلقـــی ســـەرئاو تەقینـــەوە. هەرچـــی پارتـەکانی تریش هـەبوون بـە ناچـاری سەرچـاوەی

پارە و دەسەڵات لە کوێدا بوایە ڕووگەیان بۆ ئەوێ وەردەچەرخان. دەرئەنجامەکانیش بریتی بوون لە شەڕی ناوخۆی زۆربەی لایەنەکان و ڕێکەوتنەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە پێناوی دەرپەڕاندنی ئەوی تر و ئاوارەبونەوە و پارچە پارچەکردنی ئەو بەشە خاکەش کە بە هۆی ڕاچڵەکینی جەماوەریەوە کەوتبووە ژێردەستی کورد و دروستکردنی دوو ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی و فەرهودکردن و دابەشکردنی سەروەت و سامانی نیشتمان. گەندەڵی بەڕێوەربردن و کۆمەڵایەتی و ئابوریش جەستەی ئەم بەشەی باشوری بە تەواوی نەخۆش خست و لە بری دە هەنگاو بۆ پێشەوە دەیان هەنگاو بۆ دواوەی بردنیەوە. گەر بەرژەوەندیەکی باڵاو و ڕەوشتێک و کەلتورێکی لەیەکگەیشتن و خودرەخنەیی نەبێ، ئەوا هەموو دژی هەموو دەجەنگێت و شیرازەی هەموو بوارەکان لەیەک دەترازێن و هەرکەس بۆ بەژەوەندی خۆی لە تاک و لە کۆمەڵ هەڵپەو پەلەقاژە، دەبێتە خووی.

ئەمانە هەمووی -بە هۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بوونی ئەمەریکا لە عێراق- تێپەڕدەبن و لێرە و لەوێ هەندێ ئاو بەسەر ئاگرەکاندا دەکرێ و چارەسەریەکی ڕووکەش و وەختی بۆ گرفتەکان دەکرێ و هەموو لایە تەسلیم بە ئەمری واقعی دیموکراسیەت دەبن و ڕووی خۆیانی پێ بۆیاخ دەکەن. دوای قەیرانی دابەشکردنی کوردستانی گەورە لە مێژوویەکی دووردا بەسەر چوار بەشدا، قەیرانی دابەشکردنی کوردستانی بچوک بەسەر سێ بەشدا دێت و دوای ئەوەش دابەشکردنی دەسەڵات لە لایەن سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمار و لاوازی گوتاری کوردی لە ئاستی سوننە و شیعەدا، دیسانەوە قەیرانێکی تریان خوڵقاند. کە دەڵێم لاوازی مەبەستم لاوازی قسەکردن نیە دەنا زوو زوو لێرە و لەوێ هەڕەشە و گوڕەشە بە با دەدرێت، بەڵکو مەبەستم لاوازی مەعریفی و ڕوحی و پڕۆژەی نەتەوەییە کە زۆرجار وا لە کورد دەکات لە ئاست نەتەوەکانی تردا هەستی خۆ بەکەم زانینی تێدا دەرکەوێ.

سیاسەتی کورد هەتا هەنووکەش هەر بەو ئاراستە چەوتەدا دەڕوات کە چارەکە سەدەیە لەمەوبەر پێیدا دەڕۆیشت. ڕەنگە هەمان ئەزموونی شێخ مەحمود لە بەرزانی دووبارە بێتەوە. کە ئینگلیز شێخ مەحمود دەکاتە مەلیکی کوردستان، کەچی بەرژەوەندی شێخ وا سەروبن دەبێ کە بچێتەوە بە گژ ئینگلیزدا. بەرزانیش بە هۆی دەستێوەردانی ئەمریکاوە دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی باشوور، بەڵام هەرکە دەسەڵاتی ناوەندی خۆی گرت و چەسپاو وا ڕێکەوت کە بەرژەوەندی بەرزانی و حکومەتی ناوەندی بەرەوڕووی یەکدی بوونەوە - ئیتر بەرژەوەندیەکە هەرچیەک بێ، دارایی یان دەسەڵات یان هەر گرفتێکی تربێ - ئەمیش دیسانەوە بەرگی بەرژەوەندی نەتەوەیی بە بەردا دەکات و لە ژێر باری حکومەتی ناوەندی دەردەچێت و دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەوەستێتەوە ـ هەروەک چۆن شێخ لەگەڵ تورکیا پێکهاتەوە ـ بۆیە دەشێ بارزانیش لەگەل ئێران پێکبێتەوە. ئەمەش ناکرێ ناوی پرۆژەی نەتەوەیی

لێبنێین بەڵکو ناوی پرۆژەی دەسەڵاتی تاکێک یان پارتێکی لێ دەنرێ.

لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا کە بە تەنها گەمەی سیاسی دادی مەسەلەی نەتەوەی کوردی نەداوە و ناشیدات، بەڵکو وەک لە پێشەوەش ئاماژەم پێدا ململانێیەکی مەعریفی ڕوحی دەبێ لە پشت ئەو سیاسەتەوە بێ. کەچی نەشیتوانیوە گەمەی سیاسی لەم چارەکە سەدەیەدا بە ئاراستەی خۆیدا بەرێت و تیایدا کارابێت. بە درێژایی مێژوو ئەم مەسەلە نەتەوەییە لە پێناوی دەسکەوتنی دەسەڵاتی ئەم سەرکردەو ئەو سەرکردەدا هەر کێشمەکێشی پێدەکرێت، واتە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بەدی دەکەن، ئەوەندە هەیە ئەو بەرژەوەندییە بە سیمبۆلی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی چوارچێوەیەکی تێدەگرن و دەهۆڵی بۆ لێدەدەن، تا ئەو کاتەی هەست بە مەترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن، جا گەر سەرچاوەی ئەو مەترسییە لە ناوخۆی کوردەوە بێت، ئەوا یان پیلانێکی بۆ دەگێڕن یان بە ئاشکرا بە گژیدا دەچن، زۆر دووریش نیە پەنا بەرنەوە بەر

دەســـــەڵاتی ناوەنـــدی یـــان هـــەر بـــێگانەیەکی تـــر.هـــەروەک لەســـاڵی ١٩٩٦دا بینیمـــان کەچـــۆن هەردوو پارتە سەرەکیە بەشەڕهاتوەکەی باشووری کوردستان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان پەنایان بۆ هـەردوو حکومـەتی عێراقـی وئێـرانی بـرد. ئەگـەر سەرچاوەی مەترسیەکەش لە دەسـەڵاتی ناوەنـدەوە بـێت ئـەوا ئـاڵای شۆڕشـکردن بـە بارێـکی تـردا هەڵدەکـەن و شـپرزەکردنی کۆمـەڵگا نـاو دەنـێن شـۆڕش و زیـان دەکـەن بـە قـازانج و چـوونە بـن دەسـتی عـەرەب و فـارس و تـورک نـاو دەنـێن پێشمەرگایەتی.

سەرەڕای ئەو قوربانیـەی کـورد داویـەتی و ئـەو خەباتەی کردویەتی لە پێناو مافی ڕەوای خۆی، لای من هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە ئەو ئاراستە سیاسـیەی کورد وەک گوێزی پوچ بێ کاکڵە بووە. ئەویش لەبەر نەبونی ناوەڕۆک و جەوهەرێکی فەلسەفی، مەعریفی ئـەخلاقی لـە پـشت ئـەو خـەبات و سیاسـەت و جەنگکردنەوە.

تا ئێستە قسەمان لەسەر ڕەوتی سیاسی ئەو گروپانە کرد کە باسی ڕەهەندی نەتەوایەتی دەکەن و گوتاری خۆیان بەو ئاراستەیەدا پێشکەش دەکەن. ئەوەشمان ئاماژە پێدا کە لە هەمو بارێکدا هێشتا نەبووەتە خاوەنی فەلسەفەیەکی ڕوحی و جیهانبینی تایبەت بە خۆی، بۆیە هەر هەوڵێک دەدات دەرئەنجامەکەی شکست هێنان یان دەسکەوتێکی زۆر لاوازە کە لەئاستی سەختی بە قوربانیبوونیدا نیە. **ئاخۆ کورد خۆی دەستی نەبێت لە قوربانیبوونی خۆیدا؟ وەلامی ئەم پرسیارە دەبێت لە قوربانناسی ((victimology وەرگرینەوە.**

نەتەوەی کورد و قوربانناسی

هەر تاکێکی کورد ئاگاداری مێژووی خۆی بێت، ئەو هەستەی لادروست بووە کە خۆی بە قوربانی و ژێردەستە و ستەملێکراو بزانێت. ئەم هەستە ئەوە لە دوای ئەوە بۆ تاکەکانی کورد دەگوێزرێتەوە. ئەم هەستی قوربانیبوونە لە ناخی تاکەکانی کورددا، لە ئەستەکۆی جەماوەری کوردا درێژە بە

هەستی خۆبەکەم زانین دەدات. مەترسی بەردەوام بوونی ئەم هەستە لەوەدایە کە ببێتە بەربەستێک لە گەشەکردنی دۆخی سایکۆلۆژی کورد و نەتەوەی کورد لە قۆناغی هەرزەکاریدا گیربخوات و دەرنجامەکەشی مانەوەی بێت بە ژێردەستی. بۆ کردنەوەی گرێی هەستی قوربانیبوون و ڕێکردنەوە بۆ گەشەکردنێکی باشی سایکۆلۆژی جەماوەری کورد، گرنگە لە ڕووی زانستیەوە لە قوربانناسی بکۆڵینەوە و پاشانیش لەو ڕوانگەیەوە دۆخی سایکۆلۆژی سیاسیانەی کورد بخوێنینەوە.

لە هەمووەمان ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کارەساتی زۆری بەسەردا هاتووە وماڵوێرانی زۆری دیوەو بووەتە قوربانی سیاسەتی ناوچەکە. ئەگەر ئیمرۆ بمانەوێ مێژوویەکی دووروودرێژی قوربانی گەلێکی وەکو کورد بگێڕینەوە، ئەوا کاتێکی زۆر و گفتگۆیەکی دورودرێژ و لێکۆلینەوەی تایبەتی دەخوازێ. بۆیە لەم بابەتەدا خۆمان وا بەستەی کوردی باشوور دەکەین و وەک مشتێک نموونەی خەروارێک بۆ قوربانیبوون بەکاریدەهێنین. لەوێشدا ڕەوتی

سیاسی ڕێبازێکی تایبەتی کە ڕێبازی نەتەوایەتیە بۆ پارێزگاری لەو قوربانیە، بەرامبەر ڕژێمی بەعس وەک جەللادێک کە چ کاردانەوەیەکی دڕندانەی نواندوە، دەخەینە ڕوو. لە هەمانکاتدا ئاماژە بەو ململانێ سیاسیەی ناوچەکە وەک کۆنتێکستێک کە کوردی تێدا ژیاوە، دەدەین.

دەرئەنجامی خەباتی کورد لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی، قوربانی زۆری لێکەوتۆتەوە. وەلێ ئەم ڕاستیانە چەند پرسیارێک دەوروژێنێ. **ئایا کورد ئەو ڕێبازە سیاسیەی کە گرتوتیەبەر بۆ ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژی، گونجاو بووە؟ ئایا کورد تێکستێکی وای لەو کۆنتێکستەدا نوسیوە کە مانابەخش بێت بۆ ئەو ژینگەیەی کە کورد داوای مافی خۆی تێدا دەکات؟ ئایا کورد تا چ ئاستێک توانیویەتی وا لە مافخۆرەکەی بکات دان بەو شێوازی تێکۆشانەیدا بنێ ؟ ئایا ئەو قوربانیەی کە کورد لەو پێناوەدا داویەتی، لە ئاستی ئەو ئامانجەیە کە کوردی باشوور لەمڕۆدا پێیگەیشتوە؟**

ئایا دەکرا کورد بە کەمتر قوربانی، ئامانجێکی باشتری بهێنایەتە دی؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، سەرەتا پێویستمان بەوە هەیە، چەند پرسیارێکی تر بوروژێنین و بپرسین ئایا قوربانی لە ڕووی زانستیەوە کێیە و چیە؟ جەللاد کێیە؟ پەیوەندی نێوان ئەم دووانە چۆنە، ئایا زانست دەتوانێ یارمەتی قوربانی بدات بۆ ئەوەی جارێکی تر نەبێتەوە بە قوربانی؟ ئایا زانست دەتوانێ ئاراستەی سیاسەتێکی چەوت بەرەو سیاسەتێکی دروست بگۆڕێ؟ ئایا باکگراوەندی زانستی کاریگەرە لەسەر ئاراستەی کاری سیاسی؟

قوربانناسی چیە؟

قوربانناسی ئەو زانستەیە کە لە بارو و دۆخ و ڕۆڵی قوربانیەکە لەپێش ڕوودانی بە قوربانیبوونیدا، دەکۆڵێتەوە، تا لەوە تێبگات خودی قوربانی لە قوربانیبوونی خۆیدا چ ڕۆڵێکی گێڕاوە. ئەگەر وایە ئەو ڕۆڵە تاچ ڕادەیەک کاریگەرە؟ چونکە ئەم زانستە پێی وایە که قوربانیبوون هەروا

ڕوداوێکی هەڵکەوت و سادە و هەڕەمەکی نیە، هەروا لە خۆڕا ڕوودەدات. دەشێ قوربانیەکەش هەڵگری چەند کاراکتەرێکی سەرنجڕاکێش بێت و جەللاددەکە بەرەولای خۆی کێشکات و روداوی قوربانیبوونەکەش سازکات. ئەم زانستە لەو باوەڕەدایە کە زۆربەی جار ئاشنایەتیێک یان جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان قوربانی و جەللادا بەدی دەکرێت. بۆیە ئەم زانستە بۆ تێگەیشتن لە قوربانیبوونی هەر قوربانییەک، بەلایەوە گرنگە سەرەتا لە پەیوەندی و ئاشنایەتی نێوان قوربانی وجەللاد، بکۆڵێتەوە. لە هەمانکاتدا ئەم زانستە هەوڵی ئەوە ئەدات ئەو هۆکارانە بناسێتەوە کە قوربانی دەخوڵقێنن. چونکە تێگەیشتن لەو پەیوەندیە و ناسینەوەی هۆکارەکانی قوربانیبوون، بەرچاو ڕوونیەک بۆ مرۆڤ دروست دەکات، تا بتوانێ دیاردەی ئەو قوربانیبوونە کەمکاتەوە.[1]

پرسەکەی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ نەتەوەی کورد هەڵگری چ کاراکتەرێک بێت وا لە مێژووی تەمەنیدا چەند جارەو دوبارە دەبێتە قوربانی. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە هۆکاری دەرەکی و

مێژوویی ڕەتبکەینەوە. وەلێ ئەگەر زانستیانە لەم قەیرانە مێژووییە گەورەیەی کورد بکۆڵینەوە ئەوا ناکرێ لایەنی چۆنیەتی بیرکردنەوە و کاراکتەری کورد پشتگوێ بخرێ. بۆیە بە بۆچوونی من هۆکارەکانی بەقوربانیبوونی کورد لەم چارەکە سەدەیەدا لە م خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەبنەوە:

١. **جیۆپۆلیتیک**: (شاخ، ململانێی عێراق و ئێران)

لەڕووی جوگرافیاوە کورد لە نێوان چەند وڵاتێکدا بەشکراوە و لەسەر سنووری ئەو وڵاتانە بۆ داوای مافەکانی خۆی، چەندین جار خۆی جەنگی هەڵگیرساندووە و بەجەنگی وڵاتانی دراوسێش تێکەڵ بووە. کورد نەتەوەیەکی سەرنج ڕاکێش بووە بۆ جەللادەکەی چونکە هەمیشە بەوە ناسراوە کە بە پاڵپشتی دوژمن دژ بە حکومەتی خۆی دەجەنگێت. جگە لەوەی کە وڵاتە دراوسێکان هەمیشە دانیان بۆ کورد ڕۆکردووە کە گوایە یارمەتی دەدەن تا مافی خۆی وەرگرێت. نمونەشمان بۆ ئەم دیاردەیە جەنگی ئازاری ١٩٧٥ نێوان بارزانی و حکومەتی ناوەندی بوو. سەختی و

بەرزی شاخەکانیش دانێکی سروشتی تر بووە کە بۆ کورد ڕۆکراوە، تا بتوانی لە ویدا خۆی پەنابدات. ئەم دوو فاکتەرە واتە دانی سیاسی و دانی سروشتی وای لە کورد کردووە زۆر عەقڵ بە کارنەهێنێت. لە بری جەنگ و ململانێی خوێناوی کە کۆتاییەکەشی هەمیشە و تا هەنوکەش بە شکستی کورد کۆتایی هاتوون، هەوڵی نەداوە بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی مەعریفی شۆرشگێڕانە. لەم نێوەندەدا ئامانجی نەتەوەیی کورد تێکەڵ بە بەرژەوەندی سیاسیانەی وڵاتانی دراوسێ بووە. سەرەڕای ئەمانەش لە ڕووی مێژووییەوە کورد پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و عەقیدەیی لەگەڵ عەرەبدا هەیە و جەللادەکەشی لەوێوە سەرهەڵدەدات.

٢- **سایکۆپۆلیتیک**: (پێکهاتەی ئەقڵی و نەستەکۆی کورد و بڕیاردانی سیاسی)

زۆر گرنگە شۆرشگێڕ هوشیار بێت، لەوەی کە لە چ هەل ومەرجێکدایە و چ هەنگاوێک بگرێتە بەر تا بەکەمترین تێچوون زۆرترین دەسکەوتی بێت. ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە لەلایەن ئەو دۆخە سایکۆلۆژیەوە دیاریدەکرێت کە ئەو نەتەوەیە

خۆی تێدا دەبینێتەوە. گەر ئەو دۆخە سایکۆلۆژییە لە دۆخێکی دۆگماییدا بێت و بەرژەوەندی چەند کەسێکی لە پشتەوە بێت، زۆر جیاوازە لەو دۆخە سایکۆلۆژییەی مەعریفەیەکی لەپشتەوە بێ و بیرکردنەوەیەکی دینامیکی کاریگەری بەسەریانەوە هەبێت. واتە دروشم و سروود و ئاڵاو جوگرافیا لەم پرۆژەیەدانابنە ئامانج، بەڵکو مرۆڤ و بەهاکانی مرۆڤ دەبنە ئامانج.

کاتێ مرۆڤ بەرەورووی هەڕەشەیەک دەبێتەوە، وەڵامدانەوەیەکی دەبێت کە ڕێک پەیوەندی بە باری سایکۆلۆژی ئەو کەسەوە دەبێت. ئەو هەڕەشەیە ترسێک دەخولقێنێت و چەند ئەگەرێک ئامادە ئەبێت بۆ وەڵامدانەوە. ئەو ئەگەرانەش پەیوەندی پتەوی پشوەختیان بەو دۆخە سایکۆلۆژیەوە هەیە کە ئەو مرۆڤە یان ئەو گروپە خۆی تێدا دەبینێتەوە. ئەو حاڵەتەی تۆی تێدایە هۆکارێکی گرنگە یان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە شێوەی وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشەیە. کورد کاتێ پشتی بە شاخ قایم بووە ڕاستەوخۆ بۆ وەڵامدانەوە، پەنا دەباتە بەر شاخ. شاخ یان سروشت بتەوێ و نەتەوێ دۆخێکی

سایکۆلۆژی بۆ ساز کردووە. هوشیاربوونەوە لەم دۆخــە کــە مرۆڤـــی تـــێدەکەوێت، پرۆســـەیەکی سایکۆلۆژی دەخوازێت. وەلامدانـەوەی لـەم چەشنە وەلامدانەوەیەکی سادە و بێ بیرکرنەوەیە، واتـە بـە ئاسـتێکی هۆشـیاریی و بیرکردنەوەیـەکی بـەرزەوە وەلامی ئەو هەرەشەیە نەدراوەتـەوە. زۆر دووبـارە بوونـەوەی هەڕەشـە و وەلامدانـەوەی سـادەی لـەم جـۆرە، پـەیتا پـەیتا پەیوەنـدی نـێوان جـەللاد و قوربـانی دەئاڵۆزکـێنێ و جـەللاد توشـی نیرۆنیـەت (عوسـابیەت) دەکـا و دەسـت لـە هـیچ ناپارێـزێ و قوربـانیش بـەناوی بـەرگری کـردن لـە خـۆ و بـێ بیرکردنەوەیـەکی قـوڵ هەرچـی لەدەسـت بـێت بـۆ وێـرانکاری دەیکـات. ئـا لـێرەدا گەمەکـە لـە گەمـەی سیاسـی و مـاف و ئـەرک دەچـێتە دەرەوە و دەبـێتە گەمەی تۆڵەر تۆڵەسەندنەوە، گەمـەی مشک و پشیلە، گەمـــەی هەڕەشـــە و پاڕانـــەوە، گەمـــەی پرســـەو لاوانـدنـــەوە، گەمـــەی تورەبـوون و چەوسـاندنەوە، گەمـــەی گریـــان و بـــەزەیی پـــێداهاتنەوە، گەمـــەی تازێـباری و دڵدانـەوە. وەلـێ ئامانجەکـە چیەو، بـۆ کێیەو تا کەیە، لەبیردەچێتەوە.

٣- ڕادەی بەریەککەوتنی جەللاد و قوربانی

دووبارەبوونـــەوەی هەڕەشـــەو وەلامدانـــەوە، هەڕەشە لەلایەن جەللادەوەو وەڵامدانەوە لەلایەن تاکێک یـان گروپێکەوە، کاریگـەری دەبێت لەسـەر پەیوەنـــدی نـــێوان جـــەللادو قوربـــانی و دوبارەبوونـەوەی قوربـانیبوون ئاسـانتر دەکـات. قوربانیەکـــە دەبـــێتە هـــەڵگری کاراکتەرێـــکی دوالیزمانـە. لـەدوورەوە هەرەشـە دەکـات و لـە نزیکەوە واتە لـە نزیـک جەللادەکـەوە دەپاڕێتەوە. ئـەم سـیفاتە لـە سـەرانی کـوردا بەدیدەکرێـت. لەســـەرەتادا هەڕەشـــە دەکـــەن و لـــە کـــاتی بەرەوڕوبونەوەدا پاراناوەیان پێوە دیارە. مرۆڤی دروست، دروستانە پرۆژەی خۆی دادەمەزرێنێت و لە کاتی بەرەورووبونەوەدا بەرگـەی ئەنجامەکانیشی دەگرێت. بۆنمونە لەمەر کێشەی هەنوکـەی تورکیـاو کوردا، سـەرانی کـورد هەڕەشـەیان دەکـرد و شـەڕی کـورد و کوردیـان ڕەتـدەکردەوە، هـەروەک بڵـێی شەڕی کورد و کورد هێندە تابۆ بووە لە نـاو کـوردا هـەرگیز شـەڕی وا ڕوویـنـەداوە. وەلـێ لـە کـاتی

بەرەورووبونەوەدا ڕەفتاری سەرانی کورد تەواو پێچەوانە بۆوە. ئەوان دەیانتوانی هەر لەسەرەتاوە دەست لەگەڵ یەکەکەدا تێکەڵ نەکەن، چونکە ئەوە زیان بە دۆخی ئێستایان دەگەیێنێت. ئیدی لە کاتی هەڕەشەی تورکیادا هێندە پێویستی بە پارانەوەش نەدەبوو. ئەم جۆرە گەمەیەی کورد لەم بارودۆخەی هەنوکە عێراقدا سومعەی سەرانی کوردی زۆر خراپ بریندار کردووە.

٤- ڕادەی ئینتمابوون:

ڕادەی ئینتمابوون بۆ گروپ یان نەتەوەیەک، کاریگەری دەبێت لەسەر قوربانیبوونی بەکۆمەڵ. کاتێ گروپێک بەرژەوەندی خۆی وا دەبینێت کە جۆرێک ململانێ هەڵبژێرێت و ئەو جۆرە ململانێیە بە ئاستێکی ئایدیۆلۆژی وادا بەرێت، کەسانی تریشی تێوە گلێنێت، ڕەفتارێکی بێ مۆراڵە و سیاسەتێکی دزێوە، نەک تەنها بۆ دوژمنەکەی بەڵکو بۆ نەتەوەکەی خۆیشی ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت. بۆنموونە پارتێکی کوردی تیروانینی خۆی وا دەخاتە ڕوو کە ئەمە بۆ هەموو کوردە و داخوازی

گشت کوردێکه، بێگومان جەللادەکەش وا لێدەکات کە سزای خۆی گەر بەسەر هەموو تاکەکانی ئەو نەتەوەیەدا نەسەپێنێت، ئەوا سزای بەکۆمەڵ دەتوانێ ئەنجام بدات، هەروەک لە ئەنفال و کیمیابارانەدا بەدیمان کرد. بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە کە قوربانیش قین و ڕقی خۆی ئاراستەی گشت تاکەکانی ئەو گرووپە یان ئەو نەتەوەیە دەکات کە جەللادەکەی لێوە هاتووە. لەم پرۆسەیەوە گشت ئەدگارە دزێوەکانی وەک ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنیەت، سادیەت و نیرۆنیەت لەم زەلکاوەدا گەشە دەکات. وەلێ گەر بمانەوێ زانستیانە لە تەک ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە پارتێک هەڵیدەگرێت مامەڵە بکەین، ئەوا دەڵێین تێڕوانینێکە لەو تێڕوانینانەی کە دەیەوێت کێشەی نەتەوەیەک چارەسەربکات. ناکرێت و تاوانیشە دەرهەق بە نەتەوەی کورد کە ئایدیۆلۆژیای پارتێک بکرێتە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیەک. بەپێچەوانەوە، دەبێت نەتەوە کۆمەڵێک پرنسیپی خۆی هەبێت، کە ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی پێبپێوێت، بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەک ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە خزمەتی نەتەوەی کوردایە. وەک

ئەم پێوەرەمان نیە، کەچی هەر گوزرانییش بە بالآیاندا دەوترێت.

جەللاد و قوربانی لە گۆشەنیگای سایکۆ-سۆسیۆوە

گەر لە گۆشەنیگای سایکۆ-سۆسیۆوە لە کۆمەڵگا بڕوانین، ئەوا دەڵێین: مەبەستمان لەو دۆخەیە کە تاک و کۆمەڵ کار لە یەکتر دەکەن و هەڵسو کەوتی یەکدی ئاراستە دەکەن. لەم زانستەدا هەڵسوکەوتی مرۆڤ جێگەی لێکۆڵینەوەیە. وەلێ هەڵسوکەوتێک کە پەیوەندیدار بێت بە کەشوهەوای کۆمەڵگەوە.[٢]

گەر پەیوەندی جەللادو قوربانی لەوێدا بخوێنینەوە، ئەوا دەڵێین؛ بنەڕەتی کۆمەڵگە لەسەر پەیمانێک بەئاگا یان بێئاگا دامەزراوە. ئەو پەیمانە هەوێنێکە بۆ مەیین و ڕاگرتنی ئەو کۆمەڵگەیە و ڕۆحێکیشە بۆ زیندوو ڕاگرتنی جەستەی کۆمەڵگە. ئەو پەیمانەش ئەوەیە کە گشتمان لە گەڵ یەکدی دەبێ ڕاستگۆو سەرڕاست و خاوێن و بەخشندە بین تا کۆمەڵگە ببێتە ژینگەیەکی خۆشگوزەران. گەرەکە، هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە ئەم پەیمانە کەم تا زۆر جێبەجێ بکەن و بیپارێزن. ڕاگرتنی ئەو

پەیمانە کۆمەڵایەتیە لەلایەن تاکەکانەوە جۆرێک لە ژیان دەخوڵقێنێ، پێی دەوترێ ژیانێکی دروستی بەهادار کە هەمووان بەو حاڵەتە بەختەوەر دەبن. هەر مرۆڤێک ئەو متمانەیەی کە هەوێنی مانەوەی کۆمەڵگەیە لەبەرچاو نەمێنێت و باوەڕیشی بەوە نەمێنێت کە دوو لایەنەی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە بە دروستی ماوەتەوەو هەر کە زانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕوخێنراوەو شکستی هێناوە، ئەوا ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە لە مرۆڤی ئاسایی دەردەچن و توانستی ئەوەیان نامێنێ کاری خۆیان وەک کائینێکی دروست ئەنجام بدەن. کەش و هەوایەکی مەترسیدار و ناخێکی نادروست و ترسێکی ڕووخێنەر لەو کۆمەڵگەیەدا خۆی پەخش دەکات. ئەو کارەی وا دەکات کە متمانە بەو پەیمانە نەمێنێت، تاوانکردنە دەرهەق بەتاکەکانی کۆمەڵگە، شێواندنی کەش و هەوای ئارامی کۆمەڵگایە، شکاندنی ملی یاساکانە لەپێناو بەرژەوەندی دەسەلاتدار.[3]

لێرەوە مەبەستی ئێمە ئاشکرا دەبێت کە بڵێین هەر تاوانێک ڕوودەدات مانای بریندارکردن و

شكستهێنانە بەو پەیمانەی کە کۆڵەکەی دروستڕاگرتنی کۆمەڵگەیە. لەم حاڵەتەدا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە گشتیان ترسی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە دوولایەنەیان لێدەنیشێت. ئەم ترسەش لەوەوە دێت، چونکە بە هەڵوەشاندەوەی ئەو پەیمانە، کۆمەڵگە دوچاری شپرزەیی و شێواوی و داڕوخان دەبێ و هیچ کام لەو تاکانە ئاسوودە و ئارام نابن. بۆ ئەوەی ئەم شکستە چارەسەر بکەن و ئەم شکاویە بخەنەوە جێگەی خۆی، سزا بۆ جەللاد و تاوانکار دادەنرێت. واتە لە ڕێگەی سزادانەوە پەیمانە کۆمەڵایەتییە شکاوەکە چاک دەکرێتەوە. هەر ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژیەی تاکەکان بە تەنها سزای تاوانکارەکە نادات، بەڵکو قوربانیەکەش سەرزەنشت دەکات. چونکە ژیانێکی دروست و بەهادار تەنها بە ڕێگرتن لە تاوانکار یان جەللاد نیە، بەڵکو ڕێگرتنە لە قوربانیش کە نەبێتە قوربانی و بەرپرس دەکرێت لەوەی بۆچی دەبێتە قوربانی. جگە لەوەش ئەو کۆمەڵگەیە نایەوێ باوەڕ بەوە بهێنێت لە ناو تاکەکانیدا تاکێکی وا هەبێت کە ئەوەندە دڕندە و شێوا و توڕە بێت بتوانێ تاوانی

وا ترسناک ئەنجام بدات، هەرلەبەرئەوەی ئەمە مەترسیەکی گەورەیە بۆ هەموویان، بۆیە هەندێکیش خەتا دەخەنە ئەستۆی قوربانیەکە. لەدیدی ئەم زانستەوە قوربانیەکەش ڕێگەی بۆ جەللادەکە خۆش کردووە تا ئەو جەللادە تاوانی خۆی ئەنجام بدات. پاراستنی ئەم هاوسەنگیە لە نێوان بەرپرسیارێتی جەللاد و بەرپرسیارێتی قوربانی لە ئەنجامدانی تاوانێکدا، دەبێتە هۆی هێورکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی و ڕۆحی تاکەکان، تا بتوانن لە ژیانێکی دروست و بەهاداردا هەست بە ئارامی و ئاسودەیی بکەن. بیانوو هێنانەوەیەکە بۆ خۆدڵخۆشکردن بەوەی ئەگەر ئەم قوربانیە خۆیشی هەندێک خەتای نەبێت، ئەوا ئەو پەیمانە کۆمەلایەتییە دەڕووخێت و کۆمەڵگە دەکاتە کۆمەڵگەیەکی تۆقێنەر و مەترسیدار و نابێتە لانەی حەوانەوە بۆ مرۆڤ. ئەم سەرزەنشتکردنەی قوربانی جگە لەوەی هەندێک ڕاستی لە خۆی گرتووە، لە هەمانکاتیشدا ئازارشکێنێکی سایکۆلۆژیشە بۆ کۆمەڵگە. دەنا هەروا لە خۆرا نیە کە نەجیهانی عەرەبی و نەجیهانی ئەورووپیش ئەو

سۆزەیان بۆ قوربانیبوونی کورد وەک پێویست نەنواند. هەر بۆیە زۆرجار دەبینین ئەو بەزەییەی کە قوربانیەکە چاوەڕێیەتی ،ئیتر ئەو قوربانیە تاکێک بێ یان گروپێک زۆر کەمترە لەوەی کە بە تەمای بووە.[1]

پرۆسەی پەیوەندی جەللاد وقوربانی

ژینگەیەکی نادروست و نائاسایی بە بەردەوام مرۆڤگەلێکی دەرون چەوت و ڕۆح شکست دەخولقێنێ. دەرئەنجامی ئەم چەوتی و شکستیە، وەبەرهێنانی دووبەرەی، تاوانکار و تاوانلێکراو، ستەمکار و ستەملێکراو جاش و پێشمەرگەیە، واتە جەللاد و قوربانی. مەرجیش نیە لە کۆمەڵگەدا جەللاد هەمیشە بە جەللادی و قوربانییش هەمیشە بە قوربانی بمێنێتەوە، چونکە کۆمەڵگە هەڵگری سیفاتێکی دینامیکی گۆڕاوە، دەشێ جەللاد بێتەوە بە قوربانی و قوربانییش بێتەوە بە جەللاد. سایکۆلۆژیا پێی وایە کاراکتەری جەللاد و کاراکتەری قوربانی لە هەندێ ڕووەوە لەیەکدی دەچن. بۆ نموونە لە هەردووکیاندا ترسێک

بەبەردەوام وەک پاڵنەرێکی نەستی کارایە و لەسەر ڕەفتار و ڕەوتی ئەو دوو مرۆڤە ڕەنگ دەداتەوە. دوور لە داخوازی یاسا و سیاسەت، سایکۆلۆژیا پێی وایە ئەم ترسە هەم لە جەللاددا و هەمیش لە قوربانیدا دەبێ چارەسەر بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە لە بیروبۆچوونی مرۆڤدۆستانی ئەم سەردەمە لەئەوروپادا چەند گرنگی بە قوربانی دەدەن، هێندەش گرنگی بە جەللاد دەدەن. ئەوان باوەڕیان وایە کە جەللاد و قوربانیش هەردووک هەڵگری جیهانبینیەکن سۆز و خۆشەویستی تێیدا شکستی هێناوە. واتە بە گوێرەی زانست هەردووکیان، ئەو دۆخە دروست و سروشتیەیان لە کیسچوەو ناتوانن بە ئاسانی بوونی خۆیان لە بارێکی دروستدا ڕاگرن و هەڵچوونی دەروونی کۆنتڕۆڵ بکەن و بە ئاستێکی ئەقڵانی و پتەو ململانێکانیان ئەنجام بدەن. *

خاڵێکی تری هاوبەش لە نێوان جەللاد و قوربانیدا کە زۆر گرنگە، ئەوەیە هەردوولا خاوەنی ستراتیژیەتێکی ڕوون و ئاشکرا نین، تا بتوانن پلانێکی درێژخایان بۆ پرۆژەیەک دارێژن و ڕووداو

دروســـت بكـــەن و ڕەوتی مـــێژوو بگـــۆڕن. بـــەڵكو بەبەردەوام ڕووداوی هەنووكەیی سەرقاڵیان دەكات و ڕاپێچیان دەكات. لە هەمانكاتدا هەرگیز خۆیان بە بەرپرســـیاری دەرئـــەنجامی كارەكانیـــان نـــازانن، هەمیشە ئەویدی تاوانبـار دەكەن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە زۆربەی جەللادەكان خۆیان بە قوربـانی كۆمەڵگـە دەزانـن. لـە تـیۆروانینی قوربانناسـیەوە جەللاد و قوربانی هەردووك حاڵەتی بوونی خۆیـان ونكردووە. لای ئەوان هۆكـار، ڕۆژگـار، شوێن زۆر گرنگ نیە، گـرنگ ئەوەیـە لـەو كاتـەی ئـەو جـەللادە یان ئەو قوربانیـە كـە ڕووبەڕووی ترسـێك دەبـێتەوە، بێ بیركردنەوەی قوڵ، وەڵام بداتەوە. سیفاتێكی دی هـاوبەشـی زۆر گـرنگ لـە نێوان جـەللاد و قوربـانی ئەوەیە كە نایانەوێ بە مێژووی خۆیانـدا بـچنەوە و كەلێن و كەلەبەری ڕەفتارەكانیـان بدۆزنـەوە و لـێی بكۆڵنەوە. هەردووكیان لـە ئاسـتێكی هۆشـیاری وادا نـین تـا بتـوانن هەسـت بـە ئازارەكـانی ئـەوانی دی بكەن. ئەم سیفەتانە زیـانی گـەورەش بـە پەیوەنـدی تاكـەكان دەگەیێنـێت و نـاتوانن پـێكەوە بـژین و یـەكانگیربن، هـەركاتێ ناكۆكیـەك ڕوو بـدات، گـەر

لەهەمبەر تاکێک بێت، گرووپێک بێت یان پارتێکدا بێت لە بری ئەوەی بەخۆیانا بچنەوە، بەبەردەوام بەرامبەرەکەیان تاوانبار دەکەن.[٦]

هەردووک جەللاد و قوربانیش دەبێ وەک یەک فێری چەشنێک لە ژیان بکرێن، تا ئەو حالەتە شکستیە تێپەڕێنن و سەرلەنوێ دروستبکرێنەوە. دروستبوونەوە یانی پێکهاتنەوەی پارچە هەڵوەشاوەکانی کەسێک، تا هەست بە یەکبوونەوەی خودی خۆی بکات. ئەو مرۆڤانەی لە دۆخێکی ترسێنەر و تۆقێنەر و بێ سەرپەرشتیدا دەگوزەرێن، چانسی ئەوەیان زۆرە کە دووچاری شکست وپوکانەوە بن. دەکرێ چارەسەری ئەم حاڵەتە بکرێ بە هۆی میتۆدێکی زانستیەوە کە پێی دەوترێ **میتاکۆگنیتیڤ**. ئەم میتۆدە پارچە هەڵوەشاوەکانی تاکێک یان گەلێک بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەبات و مرۆڤ ئامادە دەکات کە هەست بە یەکبوونی خۆی بکات و ئەو کائینەی لێدروست بێ کە بتوانێت خودی خۆی(حاڵەتی بوونی) لە ڕووداوەکاندا، کۆنترۆڵ بکات.

ناسنامەیەکی دامەزراو و پتەوی دەداتێ و بەرزەوەندی باڵای لا دەخولقێنێ.

(حاڵەتی بوون) ئاماژەیە بۆ یەکبوونێکی تێکهەڵکێش و پێکەوە بەستراوی دابەش نەبووی هۆشیاری، سۆز، جەستەیی و ڕەفتار. ئەم حاڵەتی یەکبوونە ئاستێکی هۆشیاری بەرز دەخوازێت بۆ ڕاگرتن و کۆنترۆڵکردنی و ئەمەشیان گەشەکردنێکی دروستی دەروونی و ڕوحی و جەستەیی دەخوازێت، تا بزانێ دۆخێکی کۆمەڵایەتی، دۆخێکی تایبەتی حاڵەتی بوون دەخوازێت. پەروەردیارێکی هەستیار زۆرگرنگە بۆ دروستبوونی ئەم حاڵەتە. جەللاد و قوربانی زۆربەی جار ئەم دۆخ و بارە دروستەیان لە دەست چووە. هەرکاتێ مرۆڤ ژیاننامەی جەللاد و قوربانی بخوێنێتەوە، دەبینێ کە جەللاد و قوربانی لە کەش و هەوایەکی دروستدا گەشەیان نەکردووە.[٧] گەر مێژووی ئەم چارەکە سەدەیەی کوردی باشوور بەچاوێکی زانستیانە بخوێنینەوە، هەڵبەتە ئەم پەیوەندیەی نێوان جەللاد و قوربانی، واتە کوردی قوربانی و عەرەبی جەللاد یان بەعسی

جەللاد و پارتی و یەکێتی قوربانی بەدی دەکەین. بەبارەکەی تریشدا چۆن کورد لە پاش ڕاپەڕین ئەبن بە جەللاد و عەرەبیش ئەبێتەوە بە قوربانی. ڕوونتر بڵێین چۆن پارتی و یەکێتی لە ئاستی یەکتر دەبنەوە بە جاش و پێشمەرگە. ئەمانە بەڵگەن لەسەر پەیوەندی دینامیکیەتی نێوان جەللاد و قوربانی.

خاڵێکی تری زۆر گرنگ لەمەڕ پەیوەندی نێوان جەللاد و قوربانی، ئەوەیە کە بەجەللاد بوون یان بەقوربانیبوون، پرۆسەیەکی مێژووییە، نەک ڕووداوێک بێت کتوپڕ سەرهەڵدات. ڕووداوێکە خاڵی دەستپێکردنی هەیە و هێدی هێدی حاڵەتێکی دەروونی سەخت دەخولقێنێت و سایکۆلۆژیا ناوی نێرزنیەت (عوسابیەت)ی لێناوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە، زانایەکی جولەکە بە نموونە دەهێنمەوە، کە چۆن پەیوەندی نێوان جولەکەو مەسیحی وەک پرۆسەیەکی مێژوویی دەگێڕێتەوە و دەگاتە ئەو ئاستەی هیتلەرێکی عوسابی وەبەر بێنێت و هۆلۆکۆست ئەنجام بدات.[٨]

ئەم زانایە مێژوونوسێکی ئیسرائیلیە بە ناوی یاکوب تالمون. یاکوب لە بارەی هۆلۆکۆستەوە دەڵێ: هۆلۆکۆست ڕێگە دان بوو بە توندڕەوی، واتە نەمانی هیچ جۆرە بەربەستێکی ڕەوشتی و مرۆیی. یاکوب پێی وایە توندڕەوی هەروا ڕووداوێکی کتوپڕ نیێە و لە خۆڕا سەرهەڵنادات، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایانی هێمنە. هۆلۆکۆست بە بۆچوونی ئەو دەرئەنجامی پەیوەندیەک بووە لە نێوان مەسیحی و یەهودیدا کە هەر لەسەرتاوە پڕبووە لە توخمی نیرزنی (عوسابی).

عوسابی لەو حەز و خۆزگە توند و ناچارەکیەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتە پاڵنەرێکی بە تین و ئەوتۆی پڕ لە سۆز و هەڵچون و وروژاندن کە بە جەشنێکی ناسروشتی وەڵامی ئەزموونێکی قەیراناوی پڕ شۆک کە زووتر ڕوویداوە، دەداتەوە. واتە مێژوویەک بەسەر ئەو حاڵەتە قەیراناویەدا تێپەڕیوە و بە بەردەوام هەڵگری حاڵەتێکی پەنگ خواردوو بووە، کە لە ناکاودا بە جەشنێکی ناسروشتی دەتەقێتەوە.

یاکوب ئەو عوسابیەتەی ناو مەسیحیەکان لەوەوە دەبینێ کە ئەوان واتە مەسیحیەکان یەهودیەکانیان

بە بکوژی مەسیح زانیوە. ئەو مەسیحەی کە لە چاوی ئەوانەوە فریادرەسێکی مرۆڤایەتی مەزن بووە. لەوەش گرنگ تر مەسیحێک کە خوا بوە و هاتۆتە سەر زەمین، کەچی یەهودیەکان ئەو خوایەیان ئەشکەنجەداوە و کوشتویانە. لە هەمانکاتدا ئەوەش لە زیهنی مەسیحیەکاندا چەسپاوە کە یەهودیەکان پیاوکوژبوون، بۆیە مەسیحیەکان لێیان جیابوونەتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتی دەروونی مەسیحیەکان بووە بەرامبەر یەهودیەکان. وەلێ لە ناو مەسیحیەکانی ئەڵمانیا ئەم حاڵەتە دەروونیە ئاستێکی پتر ئاڵۆز وەردەگرێت. لای ئەڵمانەکان ئەو ئایدیۆلۆژیایەش دروست ببوو کە دوو کەلتوور لە ئارادایە: کەلتورێکی پیر و کۆن کە یەهودیەتە و کەلتورێکی نوێ کە کەلتوری ئەڵمانیە. لە ناو ئەڵمانیەکاندا لەسەردەمی هیتلەردا ئەو بۆچوونەش هەبوو کە ئەوەی بێ باوەڕبێ، لاوازو پاشکۆش دەبێ. بۆیە لای ئەوان پرسیارێک سەری هەڵدا بوو: بۆ دەبێ یەهودیەکان کە هێندە لاواز و پارێزگار و سوک بن، کەچی هێشتا هەر لەڕیزی باوەڕدارانندا

مـابن؟ مەسـيحيەكان ڕێـگەيان بـە خۆيـان دابـوو جولەكەكان دەركەن و ڕسوايان بكەن، وەلێ بۆيـان نەبوو بيانكوژن، چونكە ئايەتێك لە ئينجيلدا هەيە ئەڵێ: *نابێ ئەوەی لە پەناتايە بيكوژيت.*

سـەرباری ئەمانـەش هـەمووی لەسـەدەی هـەژدە و نـۆزدەوە، چـەند هۆكارێـكی دی ئـابوری و بگـرە فەلـسەفيش هاتنـە سـەر ئـەو فاكتـەرە مـێژوويیەی پێـــشوو و بوونـــە فاكتـــەری خەســـتكردنەوە و پتـــەوكردنی ئـــەم جـــۆرە عوســـابيەتە لـــە نـــاو ئەڵمانيەكاندا. لەو سەردەمەدا ئەڵمانيەكان جۆرێك لە هەڕەشە يان ترسێكی ئايدۆلۆژی داگيريكردبوون، ئايين و بەگزادە و سەرمايەداری بە سەرچاوەی ئەو هەڕەشـەيە لـە قەڵـەم دەدرا. يەهوديـەكانيان بـە سەرچـاوەيەكی گرنگـی ئـەم هەڕەشـەيە دەزانی، چـونكە يەهوديەكان هەميـشە لەگـەڵ ئـەو لاوازی و بـێدەسەلاتيەدا، ســـەرمايەدار بـــوون و جـــێگە و ڕێگەيەكی باشيشيان لـە ئـەڵمانيادا وەدەست هـێنا بـوو، ســودی زۆريـشيان لـــە ســـەردەمی مۆدێـرنە وەرگـرت بـوو. تەنانـەت فەيلەسوفـێكی وەك نيتـچە بـاوەڕی وا بـوو كـە ڕەنگـە لـە داهـاتوودا جولەكـە

لەگەل بەگزادەکاندا یەکگرن و چینێکی ئابووری پتە و لە ناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا پێکبهێنن و هەموو بوارە ئابوورییەکانی دی داگیر بکەن. هەروەها نیتچە پێی وا بوو کە تا ئەوکاتەی ئەویش ڕەگەزی یەهودییەکان، سەرباری ئەو هەموو کارەساتەی بەسەریاندا هاتووە، بە خاوێنترین ڕەگەزن ماونەتەوە. لەولاشەوە تەشەنەکردنی تیۆری پەرەسەندنی داروین کە پێی وایە مانەوە بۆ بە (هێزەکانە) هێندەی تر ئەڵمانەکانی دنە دابوو بۆ لەناوبردنی گەلێک، ڕەنگە هەرەشە بێت بۆیان. لای هیتلەریش ئەو ئایدیۆلۆژیایە دروست بووبوو کە ڕەگەزی ئاری دەبێ خاوێنترین و بالاترین ڕەگەز بێت. دەرەنجامی ئەم فاکتەرانە ئایەتی (*تۆ نابێت کەس بکوژیت*) لە ناو مەسیحیەکانی ئەڵمانیادا هەرەس دەهێنێت.

ئەم تێروانینەی ئەڵمانەکان سەبارەت بە یەهودییەکان هەروا ژێربەژێر و هێندی ستڕەکتوری نەستی ئەوانی پێکهێناوە و نەوە بەنەوە وەک کەلتورێک گوێزراوەتەوە، تا دۆخێکی وا دژواری لە ئەڵمانیادا بەرامبەر یەهودییەکان

خولقاند کە لە هیچ ولاتێکی تری مەسیحیدا ئەو دۆخە بەو دژوارییە نەخولقابوو. ئەوە بوو کارەساتێکی ناسروشتی وەک هۆلۆکۆستی بە ئاسانی لێکەوتەوە.

گەر هەر بەم چاوەوە لە مێژووی پەیوەندی کورد و عەرەب بڕوانین، لەوە تێدەگەین چۆن ڕژێمی بەعس توانی تاوانی ئەنفال و کیمیاوی بە ئاسانی ئەنجام بدات. لەوەش تێدەگەین تا چ ڕادەیەک ئەو پەیوەندییە مێژووە خوێناوییەی کورد و عەرەب یان کورد و حکومەتی ناوەندی لە عێراقدا کاریگەری بووە لە ڕوودانی کارەساتی ئەنفال و کیمیاوی. تەنانەت لەوەش تێدەگەین بۆ سەرانی بەعس لە دادگایی کردنیاندا زۆرجار دەیانتوانی پاساو بۆ تاوانێکی لەو جۆرە بهێننەوە و خۆیان بە جەللاد نەدەزانی بەڵکو خۆیان وەک قوربانی دەخستە بەرچاوی جیهان.

بەشی دووەم

ڕۆحی کورد لە بن دەستی ئیسلامیزم دا

لە بەشی پێشودا دۆزی کوردمان لە گۆشەنیگای نەتەوایەتیەوە خوێندەوە و لەوە تێگەشتین کە کورد وەک نەتەوە پرۆژەیەکی ناسیۆنالیزمانەی لەخۆنەگرتبوو، بەڵکو تەنها وەلامدانەوەیەکی سادەی سەرەتایی بوو بۆ دۆخی کوردو بە ئاستێکی نەتەوەبووندا نەڕۆشتووە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین دۆزی کورد لە گۆشەنیگای ئاینییەوە بخوێنینەوە، تا لەوە تێبگەین ئاخۆ بزاڤی ئیسلامی، کوردی بەو ئاقارەدا بردووە تا کورد وەک نەتەوەیەک بەرەو خۆدروستکردن بەرێت.

لە ناو کوردا ڕەوتێکی تر کە پتر لە چارەکە سەدەیەکە چالاکەو گوتاری سیاسی تایبەتی خۆی هەیە و بەباکگراوندێکی ئیسلامیەوە لە کێشەی کورد و دۆزی نەتەوایەتی کورد دەڕوانێت. ئەم

ڕەوتە لە جیهانی ئیسلامی و لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا هەنوکەش کاریگەری بەربلاو و پتەوی هەیە،بە پێچەوانەی ڕەوتی تەقلیدی و سۆفیگەری، تا ڕادەیەکی باش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سوودی لە هۆکارەکانی دنیای مۆدێرنە وەردەگرێت و بەکاریان دەهێنێت. ئەم ڕەوتە چالاکە و ئاراستەی زۆرێک لە تاکەکانی کوردی گۆڕیوە و بە چەشنێکی بەرچاویش گوتاری خۆی بە ئاراستەی گوتاری ناسیۆنالیزمیدا بردووە.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا شتێک نیە هەروا کتوپڕ و پاش ڕاپەڕین سەری هەڵدا بێت، بەڵکو مێژوویەکی درێژی خۆی هەیە. هێندەی من ئاگادار بم بزاڤێکی ئیسلامی وەک ئیخوان ئەلموسلمین لە نیوەی سەدەی ڕابردووەوە لە عێراقدا چالاکە و بانگەشەی خۆی دەکات. ئەم بزاڤە لەسەرەتادا هێندەی مۆرکی ڕەوشتگەری و سۆفیگەریان پێوە دیار بوو هێندە مۆرکی سیاسەتی پێوە دیار نەبوو، بەڵام هێندەی پێنەچوو ئەم ڕەوتە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لایەنی

سیاسی تیایدا گەشەی سەند و لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی هاتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیەوە -بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە پێم وا بێ ئیسلامیەکان دروستکراوی سیاسەتی ئێران بن، نەخێر، بەڵکو دیاردەیەکی ئاساییە کە مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەورووپشتی-. تەنانەت زۆری پێنەچوو چەندین گرووپی چەکداریش لە ژێر سایەی ئەم ڕەوتە سیاسەدا واتە ئیخوانولموسلمین دەرباز بوون وخۆیان جیاکردەوە و دەستیان دایە چالاکی چەکداری، بەبۆچونی ئەوسای ئیخوان ئەم گرووپانە لادەربوون لە ڕێبازی ئیخوان.

وەلێ ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم بزاڤە لە دەرئەنجامی کاردانەوەیەکی سیاسی ئەوسای جیهانی سەرهەڵدێنێت. ئەو سەردەمەی کە بزاڤی ئیخوان تێیدا سەری هەڵدا سەردەمێک بوو، جیهانی عەرەبی لەهەمبەر جیهانی ڕۆژئاوا و کۆلۆنیالیزمدا ڕاچڵەکی بوو. لێرەدا نامەوێ ئەم بزاڤە ناوبنێم بزاڤێکی هوشیارانە، چونکە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان

ڕاچڵەکین و هۆشیاربوونەوەدا هەیە. ڕاچڵەکین لە ئەنجامی شۆکێک پەیدا دەبێ و پێویستە درێژە نەکێشێ و هۆشیاربوونەوەی بە دوادا بێت. دەشێ ڕاچڵەکینەکە درێژە بکێشێ و هۆشیاربونەوەی بە ئەستەم بەدوادا بێت، تا لێرەدا کەلتوور و مێژوو و جۆری بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە ڕۆڵی خۆی لە دواکەوتن و پێشکەوتنی هۆشیاربوونەوەدا، ئەبینێ. لەو بڕوایەدام لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا و بە کوردیشەوە دۆخی ڕاچڵەکین زۆر درێژەی کێشا و تا هەنوکەش هەر بەردەوامە. خودی بزاڤی ئیسلامیش فاکتەرێکی گرنگترە لەدرێژەکێشانی ئەو ڕاچڵەکینەدا. لە وتارێکمدا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بڵاوکرایەوە بە ناوی- خوێندنەوە و بە ناکامکردنی پرۆژەی ژیاری - لە وێدا ئاماژەم بەوە دابوو کە تەشەنەکردنی بزاڤی ئیسلامی لە حاڵەتی ڕاچڵەکیندایە نەک ڕابوون. ئەم بۆچوونەم پێویست ناکا هیچ لایەک سەغڵەت بکات. چونکە مەبەستی من زانستیانەیە و پشت ئەستوورە بەو واقعەی کە چەندین ساڵە گیرۆدەی بوین.

لێرەوە هەوڵدەدەم هەندێک بە مێژوودا بچمەوە تا بتوانین لەمرۆی ئیسلامی سیاسی کورد تێگەین. بە درێژایی مێژوو چەندین ململانێی مەعریفی و چەکداری لە نێوان ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوادا هەبووە، تا دەگەینە ئەو سەردەمەی کە ئیسلام وەک ئایینێکی نوێ و مەعریفەیەکی پێشبڕکێکەر لەگەڵ ئایینی مەسیحی و یەهودی و زەردەشتی سەرهەڵدەدات و دەبێتە جێگەی سەرنج و سەرسامی نەک تەنها موسوڵمانەکان بەڵکو گشت مرۆڤەکانی ناوچەکەو دەوروبەریشی. لەگەڵ تەشەنەسەندن و گەشەکردنی ئایینی ئیسلام هەم وەک دەسەڵاتێکی مەعریفی و هەم وەک دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرمانڕەوایی، مەودای ئایینی یەهودی و مەسیحی بەرتەسک دەبووەوە. ئەم دۆخەی ئیسلام پاش چەند سەدەیەک لە پەیدابوونی، وایکرد مەسیحییەکان توشی ڕاچڵەکین بکات و جەنگی خاچ پەرستان ڕوو بدات و بە بەردەوامیش موسوڵمانەکان لەو جەنگانەدا سەرکەوتوو دەبوون. هەرهەمان دۆخی ئیسلام بۆ موسوڵمانەکان بووە مایەی شانازیکردن و شکۆداری و متمانە بەخۆکردن، ئەم دۆخە کە

درێـژە دەکێـشێ، مـرۆڤ توشـی لـەخۆبایی بـوون دەکات و خۆی بە جوانترین و چاکترین کـەس دێـتە بەرچـاوو دوچـاری خودشـەیدایی دەبـێ. وەلـێ جیهانی ئیسلامی لەو گۆرانکارییە جەوهەرییـەی کـە جیهـانی ڕۆژئـاوا تیایـدا سـەدەی ناوەراسـتی تێدەپەڕێنـێت و دەرەنجـام سەردەمـێکی نـوێ سەرهەڵدەدات، لەم نوێگەرییە جیهـانی ئیسلامی لـێ بێ بەش دەبێ. کاریگەری ئەم گۆرانکارییـە لـە پاش سەدەی نۆزدەوە لە جیهـانی ئیسلامدا بەدەرکـەوت. لـە پاش سـەدەی نـۆزدەوە لـە ڕۆژ ئاوا گۆڕانکـاری گەورە و خێرای وا لـە بـواری فەلـسەفە و زانـست و تەکنەلۆژیا سـەریهەڵدا، بـووە هـۆی سـەروبنکردنی مەعریفـەی ئـایینی و سیـستەمی کۆمەلایـەتی و سیاسـی. ئـەم گۆڕانکارییـە بـە شۆڕشـێکی مـەزن ناوزەنـد دەکـرێ. چـونکە لـە دەرئـەنجامی ئـەم شۆڕشـە، ڕۆژئاوایـەکی دی سـەریهەڵدا کـە جیهـانی ئیسلامی سەرسام کرد. لاوازی سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و سوپایی جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی جیهانی عـەرەبی توشی شـۆک و ڕاچـڵەکین کـرد و بـۆ دەربـڕین و گوزارشـتکردن لـەو بـارە

ناهەموارە ئەو جیهانە دابەش بوو بەسەر چەند بەرەیەکدا. هەندێ پێیان وا بوو دوورکەوتنەوە لە ئیسلامی ڕاست و دروست توشی ئەم بارە ناهەموارەی کردون، بۆیە گەڕانەوەیان بۆ لای ئیسلام هەڵبژارد، وەک بزاڤی ئیخوان ئەلموسلمین کە دەتوانین بەگشتی ئەم بزاڤانەی جیهانی ئیسلامی بەبەرەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام ناوزەد بکەین. هەندێ تر پێیان وا بوو زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی ڕێگە چارەیەو جەختکردنەوە لەسەر لایەنی نەتەوایەتی عەرەب بە گرنگتر دەبینرا و پێیان وابوو هەر نەتەوەیەک تایبەتمەندیتی خۆی هەیە و ناتوانین لەو سەردەمەدا کێشەی گشت نەتەوە جیاجیاکانی ناو ئیسلام پێکەوە ببەستنەوە، دەتوانین ئەم ئاراستەیەش لە ناو بەرەی نەتەوایەتی ناوزەد بکەین. هەندێ تر نە ئیسلام و نە نەتەوایەتیان هەڵبژارد، بەڵکو کەوتنە ژێر کاریگەری بیروبۆچونەکانی مارکسەوە. کێشەی جیهانی ئیسلامی لای ئەم بەرەیە کێشەی مرۆڤ بوو کە لە ململانێی چینایەتیدا دەبینرایەوە. گەر مرۆڤ بە چاوێکی بابەتیانەوە بروانێت، هەست دەکات

هەریەکە لەم بەرانە راستیەکی پێیە، وەلێ هیچکامیان پرۆژەیەکیان پێ نەبووە کە گشت رەهەندەکانی مرۆڤی جیهانی ئیسلامی بگرێتەوە، یان پێکەوە جیهانی ئیسلام یان مرۆڤی موسڵمانیان بەئاراستەیەکی هوشیاربوونەوەدا ببردایە. بەهەرحاڵ جیهانی ئیسلامی کەرت بوو و ئەم کەرتبونەی جیهانی ئیسلامی کوردیش پشکی خۆی بەرکەوت. هەروەک بزاڤی نەتەوایەتی لە باشوری کوردستان سەریهەڵدا، بزاڤی ئیسلامیش لەو بەشەدا گەشەی سەند.

رەنگە لێرەدا پرسیارێک زۆر گرنگ بێت، ئەویش ئەوەیە بۆچی بزاڤێکی ئاینی وەک بزاڤی ئیخوانولمسلمین دەتوانێ بەشێکی زۆری نەتەوەی کورد بە لای خۆیدا ڕاکێشێت؟ زۆرێک لە رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد و تا ئێستەش هەندێکیان ئەم دیاردەیە-دیاردەی بەربلاوی بزاڤی ئیخوانولموسلمین لەناو کوردا- بە پیلانی داگیرکردن ناوزەند دەکەن. بەلام بە بۆچوونی من ناکرێ دیاردەیەکی لەم جۆرە قوڵ و رەگ داکوتاوە بەشێوەیەکی ئەوا سادە لێک بدەینەوەو ئەویش

لەدەلاقەی پیلان و پیلانگێڕیدا ڕیزبەند بکەین. جگە لەوەش ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بۆ بزاڤی ئیسلامی، هەروەک شیکردنەوەی ئیسلامیەکان وایە بۆ ڕێبازە نەتەوایەتیەکان، کە گوایە نەتەوایەتی زادەی بیری ڕۆژئاوایەو بە حەرامیان دەزانی. هەمیشە من لەگەڵ ئەم دوو بۆچوونەدا ناکۆک بووم. نە بزاڤی ئیسلامی و نە نەتەوایەتی بە پیلان دانانێم، بەڵکو بەدیاردەیەکی سروشتی مرۆڤایەتی دەزانم، وەلی ئەم مافە سروشتیە چۆن مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، ئەوە کێشە بنەڕەتیەکەیە!

نەتەوەیەک کە نزیکەی هەزاروچوارسەد ساڵە هەڵگری ئایینی ئیسلام بێت، شتێکی نامۆ نیە کاتێ بەشێک لەم نەتەوەیە ڕوو بکاتە بزاڤێک کە لە ڕێبازە تەقلیدیەکانی تری ناو ئیسلام مۆدێرنانەتر ئیسلام بخاتەڕوو. جگە لەوەش جیهانبینی ئەم بزاڤە بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ لای سەلەف (پەیامبەرو هاوەڵەکانی) کەبە بۆچوونی ئەوان سەلەفیەت نموونەیەکی جوانی ڕەوشت و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتەوی خوڵقاند بوو. هەروەها لە ناو ئەم بزاڤەدا هەوڵێکی بەرچاو

دراوە کە زانست لە لێکدانەوەی قورئاندا بەکار بهێنرێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەم بزاڤە تەنها بزاڤێکی سیاسی نەبوو بەڵکو بزاڤێک بوو وەڵامی پێ بوو بۆ ئەو پرسیارانەی کە مرۆڤ بە گشتی لەسەر ژیان و مردن لای دروست دەبێ. لەم لاشەوە هەروەک -لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا- ڕێبازە نەتەوەییەکانیش نەیانتوانیوە گوزارش لە ڕوحی نەتەوەی کورد بکەن و ئەو ڕەهەندە ڕوحیەی بۆ پڕ بکەنەوە. بۆیە من هۆی دیاردەی ڕەگ داکوتانی ئەم بزاڤە عەرەبیە ئیسلامیە لەناو کوردا بەدیاردەیەکی سروشتی دوور لە پیلان دەخوێنمەوە، بە تایبەتی کە کورد وەک نەتەوە خۆی هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارە وجودیانە پێ نەبێت. جگە لەوەش هەڵەی ئیخوانولموسلمین لەوەدا نەبووە کە بە نیازی پیلانگێران خۆیان خزانبێتە ناو کوردەوە، بەڵکو هەڵەی ئەوان، وونکردنی مێژوویەکی سروشتی و ئاسایی ئیسلام خۆی بووە، ئەوان بازێک لە سەدەی بیستەوەمەوە بەسەر ئەو مێژووە پڕ ململانێ مەعریفی و فیکریەدا دەدەن بۆ سەردەمی سەرەتای

دامەزراندنی ئیسلام. بۆیە هەڵگرانی بیری ئیخوان زۆر گرنگی بە زانیاری پرۆسەی مێژوویی درێژی ئیسلام نادەن. هەڵەی کوردیش لە چوونە ناو ئەو بزاڤە لەوەدایە لە لایەکەوە لایەنێکی مەزنی مەعریفەی مێژووی ئیسلامیان لە کیسچوەو، لە لایەکی ترەوە کێشەی ناسنامە و بوونی کوردیان لەدەستداوە. جیاوازی کوردو عەرەب لەوەدایە کە عەرەب ناسنامەی خۆی هەبووە، وە لێی وونیکردووە، بە ڕێگای هەڵەو ڕاستکردنەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام کورد هێشتا ناسنامەی تایبەت بە خۆی بۆ دروست نەبووە، تا بە دووی عەرەبیشەوە بێت، هەر بۆی دروست ناکرێت. واتە کوردو عەرەب لە دوو دۆخی زۆر جیاوازدان و ناتوانن پێکەوە ڕێگا بکەن. ئەگەر هەر بیانەوێ پێکەوە بمێننەوە، ئەوا کورد هەر برابچوکە و بەکەمتر لە عەرەب سەیردەکرێت. هەروەک فارسەکان بە گاڵتەجارییەوە بەو کوردانەی کە داوای سەربەخۆییان کردبوو، پێیان وتبوون گەر کتێبی سەعدی ئێمە نەبێت ئێوە لەشەوانی زستاندا چیتان هەیە شەوگاری پێبەرنە سەر، هەرواش

عەرەب پێمان دەڵێن گەر قورئانی ئێمە نەبێت چی ئێوەی لە سەرلێشێواوی رزگار دەکرد. ڕاستیش دەکەن، چونکە کورد لە ڕێگەی ئیسلامەوە بە بەردەوام بە عەرەبەوە لکاوە و ناتوانێ لێی جیا بێتەوە. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێ کە نەتەوەی تریش هەن و موسولمانیشن و ڕادەی نەبەعێتیان بۆ عەرەب بەو شێوەیە ئەستور نیە و ئیسلامیش نەبووەتە ڕێگر تا خۆیان دروست بکەن!! ئەم پرسیارە لەجێی خۆیدایە، وەلێ پرسیارێکی دیش دێتە کایەوە ئەی کورد بۆ نەیتوانی وەک ئەوان خۆی دروست بکات. وەڵامیش ئەوەیە کە ئەو کات هەم مەعریفەی ئیسلامی لە ئاستێکدا بووە کە ئەو نەتەوانە بتوانن بۆ خۆدروستکردن سوودی لێ ببینن، هەم نەتەوەکانیش خۆیان لە ڕووی هۆشیارییەوە لەو ئاستەدا بوون کە بە یارمەتی مەعریفەی ئیسلامی بتوانن خۆیان دروست بکەن. بەڵام کورد ئەو کات لەو ئاستە هۆشیاریەدا نەبوو، ئێستە کە هۆشیاربووەتەوەو هەست بەوە دەکات دەبێ خۆی دروست بکات، مەعریفەی ئیسلامی هەنوکە ئەو توانا و ووزەیەی پێنەماوە کە کورد

وەک هۆکاریکی یارمەتیدەر بەکاری بهێنێت، چونکە نەکورد خۆی و نەتەوەکانی تری ناو ئیسلام ئەو توانایەیان هەیە گۆرانیکی بنەرەتی وا بەسەر ئیسلامدا بینن، تا کورد بتوانێ خۆی پیدروست بکات. دەبیت خوینەر لەوەش بیگومان بیت کە مەرجیش نیە ئەو نەتەوانەی تر لە - هەست -وە ئینتمای نەتەوەییان بۆ خۆدروستکردن تیا جولاّ بن، بەلّکو دەشێ -نەست - ئەو ئینتمایەی جولاندبێ و ئەو ململانییەی لەگەلّ عەرەبدا پێ دروستکرد بن تا ئەو مالّە جیایە لە ناو مالّە گەورەکەی ئیسلامدا بۆ خۆیان بخولقینن. ئەگەر میژووی ململانیی عەرەب و فارس، عەرەب و تورک بخوینینەوە ئەوا بە ئاشکرا هەست بەو ئینتماو مالّ جیایە دەکەین.

هەرچەند ئەمرۆ لەکوردستانی باشووردا، ئاراستەیەکی ئیسلامی مەیلەو نەتەوەیی دروستبووەو رەواجیشی هەیە، وەلێ ئەم ئاراستەیە کاردانەوەیەکی سیاسی رووتەو پەیوەندی نیە بە دروستبوونەوەیەکی رۆحی و گەرانەوە بۆ لای خودی مرۆڤی کورد خۆی. چونکە هەموان هەلّگری بیروباوەریکن کە گوایە خودای ئەم گەردوونە بە

عــەرەبی، ئیــسلام ی وەک دوا ئــایین بــۆ گــشت مرۆڤایـەتی ناردووەو ئیتر دەسـەڵاتی ئـەمانی تـێدا نیـەو نــاتوانن بەئاراســتەیەکی تــردا بیربکەنــەوە. کێشەی بنەرەتی کوردی موسڵمان ئەم ترسەیە کە لە پــەلوپۆی خــستووەو ئــیرادەی ئیفلــیج کــردووە. هەرکاتێ کورد ئەم دۆخە بەستەڵەکە بشکێنێت، ئەوا هەست بەئازادییەک دەکات کە دەتـوانێ نـەک تـەنها عەرەب بەڵکو تورک و فارسیش ناچـار بکـات ڕێـزی لـێبگرن ودانی پـێدا بنـێن، نـەک هــەر ئەمــە، بــەڵکو ئـەوانیش تێپەڕێنـێت و ڕێـگە بـۆ تـورک و فارسـیش خۆشکات تا سەربەخۆتر بیرکەنەوە.

ئــەو تاکــە کوردانــەی کــە بزاڤــی ئیخــوان لەموسلمینیان هەڵبژاردووە هەست و نەستی ئینتمای نەتــەوەییان تــێدا نــەجوڵاوە. ئەمــەش نــەک لەبەرئــەوەی شــانازی بــە کوردبــوونی خۆیانــەوە ناکـەن، بــەڵکو لەبەرئەوە بـووە کـە ئـەم بزاڤـە لـە ئیسلامەوە هــەڵقوڵاوەو وەڵامی ئـەو پرسیارانەیان دەداتـەوە کـە لەسـەر ژیـان و مـردن بۆیـان دروسـت دەبــێ. واتــە بزاڤــێکی ئـاینی خۆڕسـک نـەبووە تـا ناسنامەیەکی کوردانەو ئینتمایەکی نەتـەوەیی لـێوە

دامەزرێت و جیهانبینیەکی خۆماڵی هەڵقوڵاوی ڕۆحی کوردی لەسەر بونیاد بنرێت و ئیتر کورد هەست بە دوالیزمی ڕەهەندی ئایینی و نەتەوەیی نەکات. هەستکردن بەم دوالیزمە لە نەستەکۆی نەتەوەکانی تردا کە عەرەب نین هێندەی کورد بە زەقی بەدی ناکرێت. چونکە ئەوان خاوەنی وڵات و دەستووری خۆیانن، ئەم دوالیزمیە وەک کێشەیەکی ناوخۆیی قسەی لێدەکرێت و هێندە کاریگەری نیە بەسەر داهاتووی دروستبوونیانەوە و ململانێی نەتەوەکانی دراوسێ ناتوانێ دوولەتیان بکات، وەک چۆن کورد دەبێتە دوو بەرەیی جاش و پێشمەرگە. لێرەشدا کە قسە لەسەر ئاینی خۆرسک دەکەم، مەبەستم گەڕانەوە نیە بۆ ئاینی زەردەشت، وەک هەندێک کورد بۆی دەچن، یەکەم لەبەر ئەوەی ئاینەکان گشتیان بۆ ئیمڕۆ دەچنە چوارچێوەی ئەفسانەیەکەوە کە بە ئیمڕۆی زانستی ئەزمونگەری ناخۆن، دووەمیش ئێستا باوەڕم وانیە کە زەردەشتی ئاینێکی کوردی بووبێ، چونکە کورد وەک نەتەوەیەک لەوسەروبەندەدا هیچ چەشنە سیمایەکی نەتەوەیی پێوە دیارنەبووەو نەبوبوە

ئــــەو مەخلوقـــــەی کـــە سنورێـــکی نەتـــــەوەیی پێوەدیاربێت، تـا هەنوکـە بڵـێین کـورد پەیامبـەری خۆی بـووە. کە کـورد خـۆی نەبوبێت، ئیدی چـۆن پەیامبـەری دەبـێت. لەهـەمووی گرنگتـر ئەوەیـە کـە هەنوکە کورد ئامادەگی ئەوەی نەبێت خۆی بۆخـۆی بیرکردنەوەی تایبەتی سەبارەت بە خوداو گەردوون هەبێت، چۆن سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش ئەو توانـا مەعریفیەی بووە تـا بتوانێ لـە ئاستێکی هوشـیاری ئەوتۆدا بێت پەیامبەری تێدا هەڵکەوێت.

مەخابن ئەو کوردانەی کە ڕۆحی ئاینداری جـا بە هـەر هۆیەوەکەوە بووبێ، بەسەریاندا زاڵە هێنده هۆشـیار نـەبون تـا هاوکێشەکان ئـەوا لـێکبدەنەوە، ئەمەش لەو ئایدۆلۆژیایـەوە هەڵدەقوڵێت کـە دەڵـێ خـودا ئـایینی نـاردوەو ئـاواش نارودوێتی و هـەر ئـاواش دەبـێ بمێنـێتەوە. گـەر مرۆڤـی کـورد لـەوە هۆشیار بوایـە کـە خـودا وەک ئـەو هەناسـەیە وایـە مـرۆڤ بـە بـەردەوام پێویستی پێیەتی و ناکرێت و ناشـێت ئــــەو هەناســـەیە لــــە کــــات و ســاتـــێکدا بوەستـێنرێت. هــەر مرۆڤـەو هــەر نەتەوەیـەک بـە گوێـرەی ئاسـت و توانـستی خـۆی ئـەو هەناسـەیە

وەردەگریت و دەداتەوە، ئەڵبەتە ئەو بزاڤە ئایینیە بە ئاراستە و ئاقارێکی تردا دەڕویشت و بێ ئەوەی دژایەتی ئیسلامیشی لێبکەویتەوە. من پێم وایە موحەمەد کاتی خۆی لەم ئاستە ڕوحیە هۆشیار بووە و ویستویەتی ئایینەکان و نەتەوەکانی تریش بەوە قایل بکات کە خودا دەبێت بۆ هەموو نەتەوەیەک پەیامبەرێکی خۆی هەبێت بۆیە قورئان دەڵێت (وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم) دیارە ویستویەتی بەم ئایەتە ئەو دۆگما باوە بشکێنێت کە گوایە پەیامبەران لە نێوان یەهودی و مەسیحیەت نابێت دەرچێت. دیارە ئەم بیروباوەڕە کاریگەری بەسەر عەرەبیشەوە هەبووە هەروەک چۆن ئێستا ئەم ئایدیۆلۆژیایە کاریگەری بەسەر کوردیشەوە دیارەو ناتوانێ لە دەرەوەی ئەو بازنەیەوە بیر لە ئاین بکاتەوە. وەلێ لە هەمان کاتیشدا قورئان لە چەند جێگایەکی تردا ئاماژە بەوە دەدات کە ئیسلام ئایینی گشت مرۆڤایەتیەو موحەمەدیش دوایین پەیامبەرە، هەر ئەم ئایەتەو ئەم پەیامە زیاتر لەو ئایەتەی پێشوو جێگیر دەبێ و دەبێتە ئایدۆلۆژیایەک و بە تەواوەتی لە دڵ و گیانی

مرۆڤگەلی عەرەب و کوردداء بەوانەشەوە کە خۆیان لە ئایین بە دوور گرتووە، ڕەگ دادەکوتێ. ئیتر هەموان لەوە بێ هیوا بوون کە دەشێ مرۆڤ بە بەردەوام بتوانێ خۆی لە خودا و ژیان و بوون تێبگات و ناکرێ بۆ هەتا هەتا مرۆڤایەتی چاوەڕێی کەسێک و کتێبێک بێ. ئەو دۆگمایەی کە یەهودیەکان خولقاندبویان و پەیامبەرانیان لە بەنی ئیسرائیلدا گیردابوو و موحەمەد توانی بیشکێنێت، مەخابن کورد هێشتا نەگەشتۆتە ئەو ئاستە کە ئەو دۆگمایەی ئیسلام خولقاندویەتی بیشکێنێت. هەر هیچ نەبێ گەر کورد خۆشی لەوە بگات کە ئەوە ئەنجامی کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و گەردوونە وا دەکات مرۆڤ وێنایەک بۆ خودا و ژیان و بوون دانێت و لەگەڵ گۆڕان لەو پەیوەندیەدا، وێنای بۆ خودا و بوونیش دەگۆڕێت. واتە مرۆڤ لە ئەنجامی پێویستیە ڕۆحیەکانی و بەرزبوونەوەی ئاستی بیرکردنەوەی، پەیوەندی لەگەڵ خودا دەبەستێ و لە دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر وێنایەک بۆ خودا و مرۆڤ و گەردون و پەیوەندییەکانی نێوانیان و مردن و ژیان دادەتاشێ و لە ئەنجامدا دەستوور و

پاساشی لەسەر دادەمەزرێنن. ئەگەر مرۆڤی کورد لەمە هۆشیار بوایەتەوە، هەڵبەتە بزاڤێکی ئایینی جیا لە بزاڤی ئیسلامی لە ناو کوردا سەری هەڵدەدا، ئەو کات ڕێبازی نەتەوایەتی و ڕێبازی ئایینی هەردووک گوزارشیان لە ناسنامە و ڕۆحی کورد دەکرد. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە مرۆڤی کورد تا هەنووکەش ئەو ئامادەییەی تێدا نیە خۆی بە زمانی خۆی و بە ڕۆحی خۆی، ڕەهەندی ئایینی نەتەوەی کورد تێر بکات. بۆیە کە بزاڤی ئیخوان بە شێوەیەکی مۆدێرنەتر هاتە گۆڕەپانی کوردیەوە، پێشوازی لێکرا، چونکە ئیخوان هەر وەک لە پێشەوەش ئاماژەم پێدا ئەو جیهانبینیەی ئیسلام و لە هەمان کاتدا گوتارێکی سەردەمانەی لەخۆگرتبوو. بوارێکی گونجاوبوو بۆ ئەو تاکانەی ڕەهەندی ئایینی تێیاندا بە هێزترە لەڕەهەندی نەتەوایەتی. بۆیە ئەم بزاڤە مەلاو کوڕە مەلاو شێخ و کوڕە شێخ و هەژارو زەنگین و لە هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەخۆگرت.

هەروەک چۆن ئیسلام لەڕێگەی نەتەوەی عەرەبەوە بە کورد دەگات، هەرواش ئیخوان

لەرێگەی عەرەبی عێراقەوە بە کورد دەگات. لەبارترین ژینگە بۆ بیری ئیخوان لە سەرەتاوە شاری هەڵەبجەو دەوروبەری بوو. ئەم بزاڤە لەسەرەتادا لە نێوەند توێژی مەلاو مەلازادەکاندا تەشەنە دەکات و پاشان دادەبەزێتە ناو خەڵکی سادەو بەتایبەتی لاوان. من خۆم یەکێک بووم لەو لاوانەی کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندیدا بووم لە ناوچەی هەڵەبجەدا ئیخوانم پێگەیشت و چەند ساڵێک لە تەمەنم پێی سەرقاڵ بووم. هەرگیز نوکوڵیم لەوە نییە کە ئەو ساتەوەختەی ئەو بیروبۆچونەم پێگەییشت، زۆر خۆشحاڵ بووم. بۆ ماوەی ئەو چەند ساڵەش چێژێکی زۆرم لێوەردەگرت، ئەویش لەبەر ئەوەی لەو سات و وەختەدا گوتاری ئیخوان گوتارێکی ڕۆحی و ڕەوشتی و پەیوەندی خوداو مرۆڤ بوو. هەر مرۆڤێکیش هەتا لەو مەستی و ناهۆشیاریەدا بمێنێتەوە، هەڵبەتە ئامادە نیە دەستبەرداری ئەو خۆشیە ببێت. کە وشەی ناهوشیاری لێرەدا بەکاردەهێنم مەبەستم ئەوەنیە مرۆڤی دیندار ناهوشیارە، بەڵکو مەبەستم لەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە

مرۆڤــی موســڵمان هەســتی پــێناکات تــا ئاســتی ڕۆشــنبیری بەرزنەبــێتەوە. پاش ئــەو ئاســتە دەزانی ئەفسانەی لێبووە بــە هەقیقــەت. بــەڵام ئیــسلام وەک مەعریفــە نــرخ و بــەهای هــەر دەمێنــێت، چــونکە پەیامــێکی هــەڵگرتووە هــەروەک گــشت ئــاین و فەلــسەفەیکی تــر. بــەلام خۆبەســتنەوەی مــرۆڤ بــە کتێبێکەوە یان فەلسەفەیەکەوە، گرفــت دەخولقێنێ و دۆگما دادەمەزرێنێت.

هێندەی من ئاگاداربم بزاڤی ئیخوان تا کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابردووش، هـێندەی گرنگـی بـە تقوســـەکان و جێبەجـــێکردنی ڕەوشـــتەکان و زیکرکردن و خۆموحاسەبەکردن دەدا، هێندە گوێی بە کـاری سیاسـی نـەدەدا، هـێندەی خـەمی پاراستنی عەقیدەو ناسنامەی ئیسلامی لەم بزاڤەدا بە هێزبوو، هـــێندە ئامـــانجی دەســـەڵات گرتنەدەســـت لەئارادانـەبوو. تەنانـەت بۆئـەوەی فیتنـە نەکەوێتە نێوان مـسوڵمانانەوە، بەگژاچوون و جـەنگ دژ بـە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی بە حـەرام لە قەڵەم دەدرا. گوتاری نەتەوایەتیش بڤـە و حـەرام بـوو، چـونکە ئـەمان پـێیان وا بـوو نەتەوایـەتی

گوتارێکی ڕۆژئاواییە، تەنانەت پێیان وابوو کەڕۆژئاوا بیری نەتەوایەتی بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان وڵاتانی ئیسلامیدا بەکاردێنێ. جگە لەوەش لەگوتاری ئیسلامیدا مرۆڤەباوەڕدارەکان لەهەموو نەتەوەو ڕەگەزەجیاوازەکان هەروەک قورئانیش ئاماژەی پێدەکات، برای یەکترن. بۆیە ئەوان پێیان وابوو ئەمە تاقە ڕێگەیەکە بۆ لەناوبردنی ڕەگەزپەرستی لە نێوەند مرۆڤەکاندا. دیارە ئەم ئاماژەیە لە قورئاندا بۆ برایەتی و دژایەتی کردنی ڕەگەزپەرستی لەسەربنەمای عەقیدەیەک، واتە گۆڕینی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی کە جیاوازیکردن بوو لەسەر بنەمای بنەماڵەو هۆزو قەبیلەپەرستی بۆ حاڵەتێکیتر لەجیاوازیکردن لەسەربنەمای باوەڕهێنان یان قبوڵکردنی بیروبۆچوونێکی نوێ بۆ ئەو سەردەمە کە یەکتاپەرستی بوو، قۆناغێکە لەبەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری مرۆڤ و پێشخستنی کۆمەڵگە. ئەمە ڕاستیەکە نوکولی لێناکرێ. وەلێ لەم سەردەمەدا مرۆڤ خوازیاری بیرکردنەوەیەکی لەوە فراوانترە. واتە جیاوازی

کــردن لـــە نـــێوەند مرۆڤەکانـــدا لەســـەر بنـــەمای بیروبـاوەڕ ناسـتێکی نزمـەو دەبـێ قۆنـاغی بـەرزتر ببڕێ. بۆیە جیاوازیکردن لەسەر بنـەمای بیروبـاوەڕ مرۆیانە نیە، بەڵکە هەموو مرۆڤەکان بـرای یـەکترن و مرۆڤ خۆی سـەنتراڵە نـەک بیروبـاوەڕ، نەتـەوە، ڕەگەز یان ڕەنگ. خۆ ئەمـەش مانـای ئـەوە نیـە کـە تایبەتمەندێـتی تـاک، گـروپ، نەتـەوە لەبەرچـاو نەگیرێـت. ئـەو ئەلتەرناتیڤـەی کـە مـن لـە بـری ڕەگەزپەرسـتی دامنـاوە، ڕەگەزناسـیە. ڕەگەزناسـی واتە دەکرێ هەر نەتەوەیەک تایبەتمەندیتی خـۆی و ئەویدیش لەبەرچاو بگرێ. ئەمەش بـە ناسـینی خـود و ناسینی ئەویدی دەبێ.

مەبەستی من لەم ڕوونکردنەوەیـە ئـەوە بـوو کـە ئەگەر خۆت زۆر هۆشیار نەبی، بـە نـاوی برایـەتی و یەکـسانیەوە دەکەویتـە داوی ئەویـدی و هەرچـی تایبەتمەندی خۆت هەیە لەکیس دەدەی. چونکە زۆر ئەسـتەمە هـەموو سەردەمـێک هـەموو مرۆڤـەکان بتوانن وەک یەک لە دەستەواژەی سەردەمی خۆیان بە باشی تێبگەن و جێبەجـێی بکـەن. نەتەوەیـەک بـۆ ئـەوەی بتـوانێ لەگـەڵ ئـەوانی دی بـە یەکـسانی و

برایەتی بژی و لە هەمانکاتدا تایبەتمەندی خۆی لەکیس نەدا، واتە ڕەگەزناس بێ و نەبێتە ڕەگەزپەرست، دەبێ هەمیشە لە ئاستێکی هۆشیاری و بێداری و ئەقڵانی بەرزدا بێت. بەهەمان شێوە نەتەوەیەک بیەوێ پەیامی برایەتی و یەکسانی خۆی بەوانی دی ڕاگەیەنێ و لەهەمانکاتیشدا تایبەتمەندیان لەبەرچاو بگرێ، دیسانەوە ئەستەمە. چونکە تاڵێکی زۆر باریک لە نێوان ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزناسیدا هەیەو کەچی زۆریش لەیەکدی جیاوازن. ڕەگی ڕەگەزپەرستی بۆ خۆپەرستی و ئەویدی بێنرخکردن دەگەڕێتەوەو ڕەگی ڕەگەزناسیش بۆ خودناسی و ئەوناسی دەگەڕێتەوە.

ئەوەی دەمەوێ ڕوونتر بیڵێم کە مرۆڤی کورد لە باشووری کوردستاندا کاتێک پەیامی برافی ئیخوانیان وەرگرت، وەرگرتنێکی زانستیانە و هۆشیارانە نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی سۆزداری ڕووت بوو. لێرەدا دیاردەیەک بە نموونە دێنمەوە، ئەویش دیاردەی ناولێنانی منداڵە لەلایەن ئەو خانەوادە کوردانەی کە چووبوونە ناو برافی

ئیخوانەوەو بە ناوی هاوەڵانی موحەمەد بە بیانوی پیرۆزیی و جوانی پەیام و خورەوشتیان ناوی ئەوانیان لێدەنان. دەکرێ مرۆڤ یان نەتەوەیەک بکەوێتە ژێر کاریگەری جوانی پەیامی مرۆڤێک یان نەتەوەیەکی دی و لاسایشی بکاتەوە، زۆرجاریش لەمێژوودا ڕوویداوە، بەڵام کێشەکە لەمەیاندا ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە یان ئەو نەتەوەیە جەوهەری پەیامەکەی لە بیرچێتەوەو خۆی خەریک بکات بە لاساییکردنەوەی ناو و جلوبەرگ و ڕووکەش و هەندێ دابونەریتی سادەی ڕۆژانە. لەوەش مەترسیدارتر بەناوی خواو پیرۆزیەوە ئەم کارە ئەنجام بدرێت. ئەم دیاردەی ناو لێنانە تا سەرەتاکانی سالانی نەوەدیش کاری پێدەکرا. تەنانەت من خۆم لەسەر ناونانی منالەکەم بەکوردی و ریش نەهێشتنەوە، لەلایەن دوو ئەندامی سەرکردایەتی ئێستای پارتێکی ئیسلامیەوە سەرزەنشت کرام. بەبۆچونی یەکێکیان کە من ناوی عبدالرحمان، عبدالله، مصعب و صهیب.. هتد لە منالەکەم نەناوە، چۆن لە ڕۆژی دواییدا وەڵامی خوا دەدەمەوە. بێگومان ئێستە ئەم دیاردەیە

بــەرەو کزبــوون دەڕوات و لەوانەشــە هــەر ئــەو بەڕێزانە خۆشیان ئەم بۆچونەیان گۆڕابێت و ڕەنگە نەک هەر ڕیش بەڵکو سمێلیشیان خستبێتە بانی. من لەمەدا لاریەک نابینم چونکە مرۆڤ دەبێ بۆچونی بگۆڕێت. لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە مەبەستم گلــەیی و گازنــدە نیــە، بــەڵکو پیاچــونەوەو بیرخــستنەوەی واقعــێکەو نــاکرێ هــەروا بەجــێی بهــێڵین. دیــارە مەبەســتی ســەرەکی منــیش لــەم نموونەیە، ئەوەیە گەر ئەو مرۆڤە هۆشیارنەبێت لەو توخمە پیرۆزگراییەی ئاینداران جەختی لەسەر دەکەنەوە چۆن بیری ئایین بە ناوی خواوە مرۆڤ ناهۆشیار دەکات.

بــۆ ئــەوەی مــرۆڤ لــەو قۆناغــە دەربــاز بــێت پێویستی بە هۆشیاریەکی بەرزی مەعریفی زانستی و ئایینیش هەیە. چونکە تێگەیشتنێکی دروست لە ئایین خۆی یارمەتی دەرێکە بۆ هۆشیاربوونەوەو دامەزراندنی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان مرۆڤ و خودا دا.

هەر گۆڕانکارییەک لە بزاڤی ئیخواندا لەمیسر یان لەعێراق ڕوویدەدا، کاریگەری لەسەر کورد بەجێدەهێشت. بۆنموونە سەرهەڵدانی بیری سەیدقوتب لە ناو ئیخواندا کاریگەری لەسەر کوردیش دەرخست. بۆچوونەکانی ئەو جۆرێکی تری لە بیرکردنەوە لەناو ئیخواندا وورووژاند کە لەوەپێش جێگەی سەرنجی ئەم بزاڤە نەبوو، وەک بە ناوزەندکردنی کۆمەڵگەو حکومەتەکانی ئەو کاتەی عەرەبی بە جاهیلیەت. ئەمە بووە هۆی دروستکردنی تەنگەژەیەکی توند لەنێوان حکومەتە عەرەبیەکان و ئەندامانی ئەم بزاڤە. تەنانەت لەم دوایەنەدا وایلێکەوتەوە کە سەیدقوتب وەک دروستکەرێکی بیری تیرۆرستی لە ناو بزاڤی ئیسلامیدا لە قەڵەم بدرێ. ئەم بۆچوونە زیاتر لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە پێشوازی لێکرا. هەرچەند من نوکوڵی لەوە ناکەم کە بۆچوونەکانی سەیدقوتب توندیەکی پێوە بوو لە چاو بۆچوونەکانی حسن بەننا، دامەزرێنەری ئەم بزاڤە، لە هەمانکاتیشدا داوای گۆڕینی حوکمی دەرکرد،

وەلی لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبێ بەم تیۆرەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

لە ناو کوردی باشووردا دوو بەرە لە ناو بزاڤی ئیخوانەدا دروست بوو، بەرەیەکی توندڕەو بەرەیەکی میانڕەو. لەدوای ڕاپەڕین ئەم دوو بەرەیە لە بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامیدا خۆی بینیەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەم دوو بەرەیە لەسەرەتادا دۆزی کورد گرفتی سەرەکیان نەبووە. هەرکات باسیان لە نەتەوایەتی کرد بێ، هەوڵیانداوە وەک کێشەیەکی نەتەوایەتی لە ناو ئیسلامدا شەرعیەتی بۆ بدۆزنەوە. ئەوان هەرگیز پەیان بە بنەڕەتی کێشەی کورد لە ڕووی زانستیەوە، نەبردووە. تا ئێستەش لای ئەم دوو بەرەیە ئەوە چەسپاوە کە خودا دواهەمین ئایین و دواهەمین پەیامبەرو دواهەمین کتێبی ناردووە، ئیدی مرۆڤ بۆی نیە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە لە کێشەکانی مرۆڤ بڕوانێ. ئەوان بۆ شەرعیەتدان بە کێشەی کورد پێشوەخت بۆ قورئان دەگەڕێنەوە وەک سەرچاوەیەکی شەرعی، تا بتوانن قسە لەسەر نەتەوایەتی بکەن. ئیتر زانست و فەلسەفەی ئەمڕۆ

چی دەڵێن لای ئەوان گرنگ نیە یان هەر لێی بێ ئاگان. ئەو لێکۆڵینەوە و تیۆریانەی قسە لەسەر نەتەوەو نەتەوەبوون دەکەن و زانست و فەلسەفە لەم بارەیەوە چی دەڵێت، بۆ ئەوان نەبۆتە کێشە. ئەوەی لای ئەوان کێشەیە ئەوەیە ئایا خودا ڕێگەی داوە کە موسڵمان باسی نەتەوایەتی بکات؟ پاش ئەم پرسیارە ئیدی ئایەت و فەرموودەی زۆرو زەبەندە دەهێننەوە، تا بیسەلمێنن بەڵێ کورد بۆی هەیە باسی نەتەوایەتی بکات. گەر بەڵگەی شەرعی نەدۆزێتەوە ئیدی کوردایەتیکردن حەرامە. پرسیارەکە لەوەدایە، گەر بڵێت ئیسلام پەیوەندی بە نەتەوەو کەلتوری عەرەبەوە هەیە، ئەم جۆرە کورد پەروەرە ئیسلامیانە دەچن بە ئاسماندا، بەلام بۆ نەتەوەیەکیتر کەشەرعیەتی نەتەوایەتی کردنی لێوەرگرن، دەگەرێنەوە بۆ لای ئەو قورئانەی کە خۆی پەیوەندی بە هیچ نەتەوەیەکەوە نیە. بانیکەو دووهەواا. ئەم پرسیارەم قسەی زۆرتر هەڵدەگرێت ئەگەر بەوردی بە دوایدا بچین، بەلام هەر بۆ نمونە هێندە بەسە. ئەوان لە نمونەکانیاندا ئایەتی (شعوبا و قبائل) دەێننەوە، وەلێ ئەو ئایەتانەی کە

تایبەتمەندێتی عەرەبێتی لەخۆگرتووە لە ئاستیا چاوو گوێی خۆیان دادەخەن. قورئان خۆی بە ئاشکرا دەڵێت من پەیامێکی عەرەبیم، کەچی ئەم ئیسلامیانە دەڵێن نەخێر تۆ هەر بۆ عەرەب نیت، بۆ گشت مرۆڤیت. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە لە قورئاندا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی تێدا نەبێت بۆ جیهانبینی، بەڵێ لەو ئاگادارین، وەلێ چ پەیامێکی مەعریفی لە مێژوودا بووە ئەم دوو ڕەهەندەی واتە لۆکاڵی و جیهانی، کەلتوری و مرۆیی لەخۆی نەگرتبێت. ئەو ئایەتانەی کە لۆکاڵێتی قورئان دەردەخات زۆرن، بەلام لە هەموویان گرنگتر ئەو ئایەتانەن کە بە ئاشکرا وشەی عەرەب وەک نەتەوەو زمان بەکاردێنێت. وەک: (لسان عربی) بڕوانە سورەتی (النحل ۱۰۳، الشعراء ۱۹۵) قورئانی عەرەبی بڕوانە(یوسف ۲، طه ۱۱۳، زمر ۲۸، فصلت ۳، شوری ۷، زخرف ۳)، لەم ئایەتانەدا دەشێ ئەو تەئویلە بکرێت کە خودا دەبێت هەر بەزمانێک پەیامەکەی بنێرێت، وەلێ لەم ئایەتەی تردا (رعد ۳۷) کە قورئان دەڵێت: (خودا حوکمی عەرەبی ناردووە)، ئیدی هیچ بواری تەئویل نامێنێتەوە،

چونكە حوكمی خودا نابێت حوكمێكی عەرەبی بێت، دەبێت بێ ڕەگەز بێت، چونكە خودا بێ ڕەگەزە.

ئاشنابوونەوە بە خود

عەقیدەو ئایدۆلۆژیای لەو جۆرەی كەباسمانكرد مرۆڤ لە خۆی نامۆ دەكات. لەوێشەوە سەر بۆ ئەوە دەكێشێت كە نەتەوەیەك توشی نامۆیی ببێت. بەڵام كێشەی گەورە لەوێدایە هەروەك چۆن ڕێبازە ئایینیەكان كوردیان بە خۆی نامۆ كردوە، ڕێبازە نەتەوەییەكانیش كوردیان لە خودی خۆی نامۆ كردوە. ئاشنابوونەوە بە خود و نامۆ بوون لە خود چیە؟

ئاشتبونەوە لەگەڵ خود و ئاشنابوونەوە بە خودیش پرۆسەیەكی سایكۆلۆژی ڕوحیە. دیارە لەوەش ئاگادارم كە ئاشنا بوونەوە بەخود كارێكی هەروا سادە و سانا نیە كە جەماوەرێك یان تاكەكانی گەلێك بتوانن دەرك بە پێویستی ئەو پرۆسەیە بكەن یان بتوانن جێبەجێی بكەن. خۆ ئەگەر پێشەنگی ئەو كۆمەڵگایە یا ڕۆشنبیرانی ڕێبازێك یان سەركردەیەك، لەو حاڵەتە

سایکۆلۆژیە هۆشیاربێتەوەو لەخودی خۆیدا جێبەجێکات، ئەوا کاریگەری ئەو پرۆسەیە ووردە ووردە لە ناو جەماوەردا تەشەنە دەکات. کاتێ ئەوان لە خودی خۆیاندا ئەو پرۆسەی ئاشنابوونە بەخود جێبەجێی ئەکەن، جەماوەریش دەبێتە چاولێکەریان.

هەروەک ئاشنابوونەوە بەخود پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی و رۆحیە، هەروا نامۆبوون لە خود و نامۆبوون بە خودیش پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی و رۆحیە. لەو رۆژەوەی مرۆڤ دێتە دنیاوە بەشێوەیەکی زۆر بێدەنگ و خشکەیی و لەسەرخۆ ئەو پرۆسەیە دەست پێدەکات. هەر لەو رۆژەوە مرۆڤ پێویستی بە کۆمەڵێک پرۆسەی کۆمەلایەتی و کەلتوری و دابونەریت و گوتار هەیە، بەردەوامی و دوبارەبونەوە و چەسپاندنی ئەو دابونەریت و کەلتورانە بە درێژایی مێژوو وا لە مرۆڤ دەکەن لەسەریان رابێت و بێ لێپرسینەوە جێبەجێیان بکات. ئەم پرۆسەیە پێیدەوترێ پرۆسەی بە کۆمەلایەتیکردن. پرۆسەی بەکۆمەلایەتی بوون مرۆڤ لە خودی خۆی بیردەباتەوە کە ئەو کێیە و

چی دەوێ، بەمەش ئەوتری نامۆ بوون لەخود. ئەمە ئەو مانایە ناگەیێنێت کە مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵگە بژی لە پێناوی ئەوەی خودهوشیار بێ و نامۆ نەبێت، نەخێر، گرنگ ئەوەیە یەکەم هوشیار بێت لەم کاریگەرییە و دووەم لە هەموو ئان و ساتێکدا ئامادە بێت بۆ گۆڕانکاری گەر پێویست بێت.

پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن چیرۆکێک بۆ ژیان دەهۆنێتەوە، ئەو چیرۆکە لە مرۆڤ دەبێتە هەقیقەتی ڕەهاو ژیان و مان و نەمانی خۆی لەسەر بونیاد دەنێ. هەرکاتێ مرۆڤ بەپرۆسەی پێ بە پێی هۆشیاربوونەوە، بە ئاسۆی ڕۆشنگەریدا سەردەکەوێت، دەتوانێت لە ژێر باری ئەو چیرۆکە دەرچێت و ئازادی وەرگرێتەوە و بکەوێتە حاڵەتی بە تاک بوونەوە. لێرەوە جارێکیتر ئەم مرۆڤە ژیان و مان و نەمانی خۆی بۆ خۆی دەهۆنێتەوە و لە وێدا هەستی نامۆبوون تێدەپەڕێنێت و بە خودی خۆی ئاشنا دەبێتەوە. هەرکاتێ ئەم مرۆڤە بتوانێ پرۆژەیەکی وا دامەزرێنێت کە کۆمەڵگەکەی لە ڕۆحی خۆی تێ بگەیەنێت و بتوانێ ئەگەر بە

لاساییکردنەوەش بێت فێری جێبەجێ کردنیان بکات ئەوا پتەوی و یەکڕیزی لە ناو کۆمەڵگادا دەخولقێنێت و ناسنامەیەک دروست دەبێ کە جیهانبینی و ئینتما بۆ یەکدی، ئایین و نەتەوە پێکەوە گرێدەدات و لەگەڵ نەتەوەکانی تردا نەک ململانێیەکی سیاسی و دەسەڵات، بەڵکو ململانێیەکی مەعریفی دەخولقێنێت. ئێمەی کورد ئەم جۆرە پرۆژەیەمان نە لە بزاڤی ئایینی و نە لە بزاڤی نەتەوایەتی نەدی. بەڵکو هەریەکە و بە ئاراستەی جێبەجێکردنی مەرامی پارتایەتی خۆیان یان مەرامی تایبەتی دەچێت. نەبوونی پرۆژەیەکی وا لەناو کوردا دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و ناهۆشیاری. نەزانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لای ئێمە هەمیشەو تا هەنوکەش ڕەهەندی ئایینی و ڕەهەندی نەتەوایەتی لە مرۆڤدا بە جیا سەیرکراوە. جگە لەوەی کە ئایین لای ئێمە هێشتا هەر لە ستراکتۆرە تەقلیدیەکەیدایەو نەچوتە ستراکتۆرە مۆدێرن و پۆستمۆدێرنەکەی.

بۆیە دەبینین بزاڤی ئیسلامی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستاندا پاش ڕاپەڕین هیچێک لە

ڕەفتارو سیستەمی حیزبایەتی و دروشمەکانیاندا، جیاوازییەکی نەبوو لەگەل بزاڤی نەتەوایەتی ناو کورد. بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی هەمان دروشمی کەرکوکچێتی دەڵێتەوە کە پارتی و یەکێتی بازرگانی پێوە دەکەن. ئەمە ئەگەر بە هەڵەدا نەچوو بم، لە دروشمی سیانزەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکگرتوودا بینیم، کە دەڵێ: کوردستان بێ کەرکوک ناتەواوە. ئەمە ڕێک دووبارەکردنەوەی (کەرکوک دڵی کوردستانە، کەرکوک قودسی کوردستانە)یە. کە ئەمڕۆش ئیسلامیەکان گوتاریان بە ئاراستەی کوردایەتیدا ئەبەن، هەر جوینەوەی هەمان وشەو دروشمەکانی پارتی و یەکێتیە. ئیسلامی سیاسی شەرعیەتی بوونی پارتی و یەکێتی پتەوتر و توندو تۆڵتر کردەوە، لەوکاتەی پەیامبەرێکی وەک موحەمەد دۆگمای سەرۆک خێڵ و عەشرەتەکانی عەرەبی دەشکێنێت، کەچی ئیسلامی سیاسی کورد نەیتوانی ئەو دۆگمایە بشکێنێت کە ئەوان خۆیان لەسەر ڕاگرتووە، بەپێچەوانەوە پتەوتری کردەوە. ئەو هێزو تینەی موحەمەد هەستی پێدەکرد لەوەوە بوو کە ئەو

لــــــەخودی خۆیـــــدا پەیامـــــێکی ســــــازکردبوو، لەنەتەوەیـــەکی دی وەرینــەگرتبوو. هـــەر بـــەوەش شەرمەزاری دەکردن ئایا ئەم قورئانە عـەرەبی نیـە، ئـــەی بـــۆ تـــێناگەن. کەچـــی ئـــەم حاڵەتـــە لای ئیسلامیەکانی کورد پێچەوانەبۆتەوە، لەبری بوێری، شەرمندەی کردوون. ئیسلامیەکانی کورد شەرمێکی بێدەنگ لە ئاست پارتی و یەکێتی دایگرتـوون لەمـەر کێـشەی نەتەوایـەتی کـوردا، چـونکە ئـەوان بـەوە تاوانبـارکراون هــەڵگری ئایـدیۆلۆژیای عــەرەبن و ئەوانیش مل بۆ زۆر شت کەچ دەکەن تا ئەم لەکەیـە لەخۆیان بکەنەوە. کێشەی بنەڕەتی مرۆڤـی کـورد ئــازادکردنی ڕۆحیـــەتی و ڕاهــــێنانیەتی لەســـــەر خۆگرتنــــەوە لـــە ئاســـت غــــەریزەی دەســــەڵات و دامەزراندنی پرۆژەیەکی ئەوتۆی عیرفانی تا بتوانێ هەوێنێک بۆ شیری ئەمەییوی کورد بخولقێنێت.

هەرچـــەندە ئێـستا بـــازاڕی بزاڤـــی ئیـسلامی لــە کوردستانی باشوردا گەرمە، بەڵام پێدەچێ هـەمان ئاکـامی بـازاڕ کـزی ئێستەی مارکـسیزمی بەسـەردا بـێت . چـونکە مـێژووی جیهـانی ئیـسلامی هەرسـێ بزاڤەکـەی کـە لـە پێشەوە ئاماژەمـان پێدا بـەخۆوە

دی. بزاڤی ئیسلامی کۆتایی بەو مێژووە دەهێنێت بێ ئەوەی جیهانی ئیسلامی گۆڕانێکی جەوهەری بەخۆیەوە ببینێت. نە بزاڤی نەتەوەیی و نەبزاڤی مارکسی و نە بزاڤی ئیسلامیش ئەو توانستەیان نیە دیموکراسی جێبەجێ بکەن. چونکە دیموکراتخواز نابێت ڕەهاخواز بێت. دیموکراتی بوون، واتە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەو کۆمەڵگەیەدا. گۆڕانکاری بنەڕەتی، واتە دەسکاریکردنی هەست و نەستی تاک و نەستەکۆی کۆمەڵگە. بەواتایەکی تر دەسکاریکردنی ڕۆحی مرۆڤە. ئەو مرۆڤەی سەدان ساڵە بگرە هەزاران ساڵە ئایدیۆلۆژیایەک یان چەند ئایدۆلۆژیایەک دروستی دەکات.

لەمەودوا هەوڵ دەدەین ئەوە ڕوونکەینەوە بۆ بەم باوەڕەی هەنوکەی ئیسلام ناتوانین دیموکراسی بین!

جیهانی ئیسلامی و دیموکراسیبوون[9]

ئەم پەرەگرافە بەم پرسیارە دەستپێدەکەین: ئایا دیموکراسیبوون هوشیاربونەوەیەکی جۆرەکی دەخوازێت یان هەروا لەخۆرا و بە دروشم و گوتار

بەرێدەچێت؟ ئایا دیموکراسیبوون بەدەسکاریکردنی تەنها فۆرم دروست دەبێت یان سترەکتوری تاک و کۆمەڵگەش دەبێ سەروبن بکرێت؟

دیموکراسی بەتەنها سیستەمێکی سیاسی نیە و رەهەندەکانی تری ژیان وەلانێت، نەخێر؛ دیموکراسی سیستەمێکە سەرتاپای رەهەندەکای تری ژیان دەگرێتەوە، وەک لایەنی ئابوری کە بازاری ئازاد دەخوازێت، وەک تاک کە بەهای خۆی لە ئاست کۆمەڵدا وەرگرێتەوە، وەک خێزان کە باوکسالاری یان دایکسالاری سەروەری وەرنەگرێت، مرۆڤ وەک مرۆڤ نرخی خۆی هەبێت و گشت مرۆڤێک بە سەرکردەو جەماوەرەوە لە هەمبەر ئەو بەهایەدا یەکسان بن، لە هەمووی گرنگتر یەکسانبوونی عەقیدەکانە لە ئاست یەکدیدا، واتە دەسهەڵگرتنە لە رەهایی عەقیدەیەک. ئەم دوا رەهەندەیان بۆ ئێمە تا بڵێی گرنگە قسەی خۆمانی لەسەر بکەین. چونکە گرفتی جیهانی ئیسلامی وا لەم خاڵەدا و هەستی پێناکرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەڕێگەی دەروونشیکاری بچینە ناخی موسڵمانێکەوە. ئەو موسڵمانەی هەڵگری عەقیدەیەکە کە پێیوایە خودا ڕاستەوخۆ پەیامی خۆی بۆ ناردووە. پرسیارەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم عەقیدەیە لەگەڵ دیموکراتیدا دەگونجێت؟ بێگومانم لەوەی کە وتار و کتێبی زۆروزەبەن لەوبارەوە نوسراون کە ئیسلام دژ بە دیموکراتی نیە و ڕەنگە لە هەندێ شوێنیشدا وا بێت وەک موسڵمانەکان دەیڵێن، چونکە ئەو نوسینانە قسەیان لەسەر یاسا و دەستورەکانی ناو مێژووی ئیسلامە. بێگومانیشم لەوەی گەر بە مێژووی ئیسلامدا بگەڕێیت، نمونەی دیموکراتیش و نمونەی دیکتاتۆریش دەدۆزیتەوە. وەلێ گرفتەکە لەوەدایە کە ئیسلامیەکان نمونە جوانەکانی مێژووی ئیسلام دەخەنەڕوو و ناحەزانی ئیسلامیش نمونە دزێوەکانی مێژووی ئیسلام دەدۆزنەوە. ئەگەر مێژوو، مێژووی مرۆڤ بێت، هەڵبەتە لە هەردوو نمونەی دزێوی و جوانیش دەتوانرێ ببینرێتەوە. مێژووی شارستانی هیچ کۆمەڵگەیەک بەدەر نیە لەم ڕێسایە، بەم شارستانیەتەیشەوە کە هەنوکە

ڕۆژئـــاوا خاوەنیـــەتی. بەهـــەمان شـــێوە دەتـــوانین نمونەی جوانی دیموکراتی لە ئاینـەکانی تریـشدا لـە ساتێک لە ساتەکانی مێژوودا یان لە تێکستێک لە ناو کتێبە پیرۆزەکانیاندا بەدیبکەین. هـەر بۆنمونـە لـە وتارێکی بودادا بۆ قوتابیەکانی جوانترین گوزارشی دیموکراسی تێدا یە کە لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی ئیمـرۆدا پـێکدێتەوە، هـەروەک دەتـوانین بڵـێین حوکمی عومەری کوری عەبدولعەزیز گەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ خەلیفـەکانی پێش ئـەودا سیستەمێکی جـوان بـوو بـۆ ئـەوکات. وەلـێ ئـەم دیموکراسیـەی ئیمرۆی ڕۆژئاوا توخمی زۆری تێدایە کە لە دوێنـێدا بـەدی ناکرێـن. دیموکراســی هەنوکـەی ڕۆژئـاوا بەتـەنها سیاسـەتی حـوکمکردن ناگرێـتەوە، بـەڵکو ناخی تاک و عەقیدەی کۆمەڵگەشی گرتۆتـەوە، هـەر دەسـکاری سیـستەمی کۆمەڵگـەی نـەکردووە، بـەڵکو دەسکاری سایکۆلۆژیای تاکیشی کردووە.

لەم وتارەدا قسە لەسەر مێژووی ئیسلام ناکـەم، بەڵکو قسە لەسەر ئەو مرۆڤە دەکەم کە ئەم مێژووە خولقاندویـــەتی. قـــسەی مـــن لـــە ســـەر کتـــێب و ڕوداوەکـانی نـاو مـێژووی ئیـسلام نیـە تـا بەشوێـن

نموونەی جوان یان درێودا بگەڕێم، قسەی من لە سەر دەستوورو یاساکانی ئیسلام نیە تا ڕایبگەیێنم ئەم دەستورە یان ئەو یاسایە بۆ ئیمرۆ دەگونجێت یان ناگونجێت، قسەی من لەسەر شتەکان و ڕووداوەکان نییە کە بەسەرچوون، بەڵکو قسەی من لەسەر خودی ئەو مرۆڤەیە کە ئیمرۆ خۆی بە موسڵمان دەناسێت. ئەو مرۆڤەی مێژوویەکی هەزاران ساڵە لە پێکهاتنی کاراکتەریدا دەستی هەیە. قسەم لەسەر موسڵمانی ئیمرۆیە نەک موسڵمانی دوێنێ، قسەم لە سەر ئەو مرۆڤەیە کە کتێبەکانی پێشوو و ڕووداوەکانی پێشوو وتارەکانی پێشوو لە دروستکردنیدا دەستیان هەبووە.

لەم پرۆسەیەدا مرۆڤێک خولقاوە، پێکهاتەیەکی عەقڵی و دەروونی وای بۆ ڕەخساوە، ئەستێکی ئەوتۆی بۆ دامەزراوە لەگەڵ دیموکراسی ئیمرۆدا گونجاندنی سەختە. مانای ئەوەنیە هەوڵی گونجاندن نەدراوە، چونکە ئیسلامیەکان دەتوانن نموونەی زۆر و زەبەندی ئەو وڵاتانە بێننەوە کە ئیسلامی حوکم دەکاو دیموکراسیش پیادە دەکرێت، هەڵبەتە مەبەستی منیش هەر ئەمە نیە، بەڵکو

مەبەستم ناخی ئەو مرۆڤەیە کە دیموکراسیبوونەکەی لە سەنگی مەحەک بدرێت. ئایا دیموکراسی هەرتەنها هەڵبژاردنە و بوونی پارتی جۆراوجۆرە وەک لە تورکیادا بەتایبەتی دەیبینین؟ نا، نەخێر دەمەوێ ئەوە روونکەمەوە ئەو تاکە تا چەند ئەخلاقی دیموکراسی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتوە. دەنا ئەمەش هەروەک ئەو باوەڕ بەخوابوونەی لێدێتەوە کە دەڵێ باوەڕم بە خودایە، وەلێ تا چەند توخمی بە خوابوونی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە. واقع یان روداوێک ئەو ناخەمان بۆ دەردەخات تا چ ڕادەیەک ئەو مرۆڤە لە گەڵ باوەڕەکەیدا ڕاستگۆیە. هەر بۆنمونە دەسەلاتدارانی تورک بە ئیسلامی و بە عیلمانیەوە تا چ ئاستێک دەتوانن دیموکراسی بن لە ئاست دۆزی کوردا. وەڵامدانەوەی دەسەڵاتی تورکی بۆ ئەم کێشە واقیعیە ڕادەی باوەری ئەوان بە دیموکراسی دەردەخات. پرسیارێکی دی ئەوەیە بۆ مافی کورد لای دەسەڵاتدارانی خۆرئاوا هێندە ئاڵۆز نیە و بە مافێکی ئاسایی دەزانن، کەچی تورک و عەرەب و فارس بە مافی ڕەوای نازانن؟ هەروەک

ڕاستـیتی ئیمـان کـردەوە دەری دەخـات، ئاوهـاش ڕاستیتی دیموکراسیبوون کردار دەریدەخات.

ئــەو ناخـــەی موســـڵمان هەڵگریـــەتی گــــەر وەرچەرخانــیکی جـــۆرەکی تیـــادا ڕوونـــەدات، دامەزراندنی سیستەمیکی دیموکراتی تا بڵیی ستەمە و ســـــەختە. وەرچەرخانـــیکی جـــۆرەکی لــــە بیرکردنەوە، وەرچەرخانیکی جۆرەکی لـە عەقیدە، وەرچەرخانـیکی جـۆرەکی لـە ویناکردنی مـرۆڤ، وەرچەرخانـیکی جـۆرەکی و سـەرەکی لـە چـەمکی خوایــەتی. چــەمکی خوایــەتی هەرکۆمەڵگەیــەک ئاوینــەی نــاخی ئــەو کۆمەڵگەیــە نیــشان دەدات. هەرکەسیک ئاگاداری سایکۆلۆژیای ئاین بیت یـان ئاگــاداری ســۆفیگەری بــیت لــەم مەبەســتەم چــاک تــیدەگات. بەتایبــەتی لــە ڕیــبازە ســۆفیگەریەکەی فەریـــدەدینی عـــەتتاردا ئـــەو پەیوەندیـــەی نـــیوان چـــەمکی خوایـەتی و نـاخی یـا نەسـتی مـرۆڤ بـە ئاشکرا دەردەکەویت. کە دەڵیم موسڵمان هەرتـەنها ئیسلامیەکان ناگریتەوە، بەڵکو ئەوانەشی کە خۆیان بە پارتی عیلمانی دەزانن، دەگریتەوە. لەبەرئــەوەی ئــەوانیش لــەو کــەلتورەدا گــەورەبوون و هـــەمان

هەوایان هەڵمژیوە. بۆ ڕاستیتی ئەم بۆچونەم چەند مانگێک لەمەوپێش لەگەڵ چەند کەسێک کە مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووە، کە بۆچونی خۆمم لە هەمەبەر ئیسلام ئاشکرا کرد و پێشنیاری ئەوەم کرد کە کورد تا ڕۆحی خۆی سەربەخۆ نەکات ناتوانێت سەربەخۆیی خاک و وڵاتیشی دەسکەوێت، زۆربەی ئەو بەڕێزانە ترسێکیان لێنیشت. ئەو ترسە بردنیەوە دۆخی نەستی خۆیان کە چەندین ساڵە مێژووی ئیسلام دایدەڕێژێت. من هەوڵم دەدا ئاین لە ئاستێکی بەرزتر لەوەی ئیسلام ڕوونکەمەوەو لەم سەردەمی پۆستمۆدەرنەیەدا چۆن ئاینخوازبین، کەچی ئەو بەڕێزانە بەرگریان لە ئیسلام دەکرد، کە لەوانەیە هەندێکیان لە ژیانیاندا بۆ جارێکیش ڕکعاتێک نوێژیان نەکردبێت. خۆشم زۆرچاک لەوە هوشیارم کە ئەم خواستەی من تا بڵێی بۆ کۆمەلگەی کوردەواری سەختە و هەرس ناکرێ، وەلێ دەبێ ئێمەش لەوە هوشیاربین کە کاری سەخت مرۆڤ فێردەکات و گەشەی پێدەدات، هەر مرۆڤی هوشیاریش چاکتر لە خواستەکانی خوا تێدەگات،

ئیدی دەبێ ئەم هوشیاربونەوەیە چ پێچەوانەیەکی ویستی خوای تێدابێت. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم لایەنی مەعریفەی ئیسلام نیە کە وەک ئەبستمۆلۆژیایەک وینای ژیانێکی میسالی بۆ مرۆڤ دەکێشێت، هیچ کاتێک لاریم لەم مەعریفەیە نەبووە تا هەنوکەش ئەم مەعریفەیەی ئیسلام سەرقالی کردووم، مەبەستم ئەو ئیسلامە ئیدۆلۆژیەیە کە تێکەڵ بەکەلتوری کۆمەڵگە بووەو بە ناوی خوداوە دەخرێتە ڕوو. گشت ئاینێک دوو ڕەهەندی ڕۆحی و کەلتوری لە خۆ گرتووە. هەرچەندە ئەو ڕەهەندە ڕۆحیەش لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێک و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت، بەلام گشتیان رووی مرۆڤ ئاراستەی ئەو ڕەهەندە شاراوەیە دەکەن و بەرەو هوشیاربونەوەیەکی تایبەتی دەبەن. هەزاران ساڵ ئاشنا بوون بە یەک ئایدیۆلۆژیا، سانا نیە وەرچەرخانی رووگەی ئەو مرۆڤە بەرەو جۆراوجۆربوونی ئایدیۆلۆژەکان.

ئەوا نزیکەی هەزاروچوارسەد ساڵە پەیتا پەیتاو نەوە بەنەوە ئەو ئایدیۆلۆژیایە بە گوێی موسڵماندا

دەدرێــت، کــە ئــەو خــاوەنی دوا پــەیامی خوایــە، شوێنکەوتووی دوا پەیامبەرە و هــەڵگری هەقیقــەتی ڕەهایــە. مرۆڤــێک کـــە هـــەڵگری عەقیدەیـــەکی وەهابێت، چۆن ڕازی دەبێت بچێتە ڕیزی مرۆڤێکی دی کــە هــەڵگری عەقیدەیــەکی دی بێت. ئالێرەدایە نــــاکۆکی ڕاســــتەقینە و جەوهــــەری لــــە نــێوان دیموکراســـیبوون و موســـڵمانبوون. خــۆ ئەگـــەر موسڵمان بەوە ڕازی بێت کە عەقیدەکەی لە ئاست عەقیــدەی ئــەوانی دیدایــە هەڵبەتــە ئــەوە ئــەو وەرچەرخانە جۆرەکیەیە کە من مەبەستمە. ئیدی ئیــسلام دەتــوانێ ئــەو ئیــسلامە بــێت کــە هەنوکــە موســـــڵمانان شـــــانازی پـــێوەدەکەن؟ چــــونکە دیموکراسیبوون یانی تاکگەرایی، ڕێژەگەرایی، جا چ لە سیستەمی بیرکردنەوەدا بێت یان لە سیستەمی حوکمدا بێت. لەم سیستەمەدا چەمکی خوایەتی کە تاقە پەیامێکی بە ڕێگای گەلێکی تایبەتەوە ناردبێت کۆتــایی پــێدێت. ئایــا موســڵمان بەرگــەی ئــەم وەرچــەرخانە دەگرێــت؟ ئــەم وەرچــەرخانە لــە ڕۆژئاوادا نزیکەی چوارسەدەی خایاندووە، داخۆ لە وڵاتانی ئیسلامیدا چەند دەخایەنێت؟ خۆ ئەگەر

دەشڵێن ئیسلام لە مەسیحی جیاوازە، ئەوەش مافێکە موسڵمان بۆی هەیە وەریگرێت، وەلێ پێویست ناکات بانگەوازی دیموکراسیەت بکەن، هەق وایە باس لە چۆنیەتی تەتبیقی شەریعەت بکەن و بیسەلمێنن کە لە دیموکراتیەت باشترە بۆ ئیمرۆی مرۆڤایەتی.

ئیدی موسڵمان یان جیهانی ئیسلامی یان تاکەکانی وڵاتانی ئیسلامی بە موسڵمان و نا موسڵمانەوە دوو ڕێگەی لەبەردەمدا دەمێنێتەوە، یان ئەوەتا بڵێت، بەڵێ گشت ڕێباز و ئاین و فیکرەکانی دیش هی خودان و پەیامی خودایان لەخۆ گرتووە، واتە گشت شتێک و دیاردەیەک خوداییە (پیرۆزن)، یان ئەوەتا باوەڕ بەوە بێنن کە گشت شتەکان مرۆڤ خۆی بۆیان تێدەکۆشێت و پێیدەگەن و بۆ خودا گشتیان وەک یەکن و شتەکان یان دیاردەکان گشتیان ناخودان (ناسابین). لەیەکێک لەم دوو دۆخەدا نەبێت، مرۆڤەکان ناتوانن بگەنە ئاستێک تا بتوانن باوەڕ بە دیموکراسی بێنن و لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگ بداتەوە.

بەشی سێیەم

ڕۆحی کورد لەبن دەستی مارکسیزم دا

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بەوەدا کە جیهانی عەرەبی لەدەرئەنجامی شۆکی ئیمپریالیزم و لە هەمان کاتدا بیری پێشکەوتو و باڵادەستی ڕۆژئاوا، سێ جۆر تەوژمی تێدا پەیدا بوو: تەوژمی نەتەوەیی و تەوژمی ئیسلامی سیاسی و شانبەشانی ئەم دوو تەوژمەش تەوژمێکی تر کە بیریی مارکس ڕابەرایەتی دەکرد، هاتە ناو گۆڕەپانی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە. لەم بەشەشدا هەوڵ دەدەین کورتە باسێکی مێژووی بیری مارکسیزم و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی باشوور بخوێنینەوە. بە پێویستی دەزانم لێرەدا کورتەیەک لەمێژووی سەرهەڵدانی بیری فەلسەفەی مارکس بخەمە ڕوو:

فەلسەفەی مارکس لەو هەستەوە سەرچاوە دەگرێ کە گوایە سیستەمی سەرمایەداری

لەوسەردەمەدا لەگەل ڕۆحی مرۆڤایەتیدا ناگونجێت و ڕۆحی مرۆڤ وێران دەکات و لەبەردەم گەشەکردن و پەرەپێدانی توانا شاراوەکانی زۆربەی مرۆڤگەلی ئەو کۆمەڵگەیە ڕێگر دەبێ. مارکس لەم کەلەبەر و کەلێنەوە جارێکی تر لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەڕوانێت و دەیەوێت هۆ و فاکتەرەکانی دیاری بکات بۆ ئەوەی لەوە تێبگات، بۆچی ئەو کۆمەڵگەیەی ئەوی تێدایە وا ڕۆحی تاکەکانی شێرزەبوون. لەوێوە ڕەخنە لەو سەرچاوانە دەگرێت کە بوونەتە هۆکاری دامەزراندن و بەردەوامیدان بەو سیستەمە سەرمایەدارییە. ئەو دوو سەرچاوەیەش کە ئەو دەیانخاتە ژێر ڕەخنەوە ئایین و فەلسەفەیە. ئایین بە هۆشبەری کۆمەڵگە و فەلسەفەی ئایدیالیزمی پێش خۆیشی بە پاڵپشتی ئەو هۆشبەرە دادەنێت. بۆ هەڵوەشاندنەوەی ستروکتوری ئەو کۆمەڵگەیە مارکس بە باشی دەزانێت ئەو توخمانەی کە پێکهاتەی ئەو سیستەم و کەلتورەن تاڵ تاڵ و دانە دانە هەڵوەشێنێتەوە[10]. بێگومان پێکهاتەی ئاوا سەرمایەدار، مێژوویەکی ئایینی و فەلسەفی درێژی

له پشتەوەیە و بەبێ ئاگا ئەو کۆمەڵگەیە کەوتۆتە داوی ئەو ئایدیۆلۆژیایەوە. کێشەکەش لەوەدایە کاتێک هەر مرۆڤگەلێک دەکەوێتە داوی هەر سیستەم و ئایدیایەکەوە، کۆمەڵێک بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ و ماددی و مانەوەی بەو سیستەمەوە دەبەستێتەوە، ناتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری بێت. دەستبەرداربوونیش تێکۆشانی بەردەوام و میتۆدی پڕمانای گەرەکە.

هەر لەو چارەکە سەدەیەدا کە مرۆڤی کورد ناسیۆنالیزمی و ئاینگەرایی تیایدا تەشەنە دەسێنێت، پشکێکی باشیشی لە مارکسیزمی وەبەردەکەوێت. بە تایبەتی پاش سالآنی ۱۹۷۰ لەناو کورددا بیری مارکسیزمی وەک بیرێکی پێشکەوتنخواز و مەدەنی خۆی دەخستە ڕوو. هەروەک ڕێبازی نەتەوایەتی شەرعیەتی خۆی لەو ڕاستیەوە وەردەگرێ کە مرۆڤ پێویستی بە ئینتمای نەتەوەیی هەیە، ڕێبازی ئایینش شەرعیەتی خۆی لەو ڕاستیە وەردەگرێ کە مرۆڤ پێویستی بە تێرکردنی ڕەهەندی ڕۆحی هەیە، بە هەمان شێوە مارکسیزمیش شەرعیەتی خۆی لەوێوە وەردەگرێ

کە مرۆڤ پێویستی بە شیکردنەوە و شەن و کەوکردنی گرفتە هەنوکەییە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەمان پێیان وابوو ڕێگەچارەسەر لە گەڕانەوە دایە بۆ ململانێی چینایەتی و قسەکردن لەسەر کێشە هەنوکەییە کۆمەڵایەتیەکان و دوورکەوتنەوە لە ئایین. بە بۆچوونی ئەوان ئاین کۆنەپەرستیە و نەتەوایەتیش ڕەگەزپەرستیە و سەردەمیش سەردەمی مرۆڤدۆستییە.

لە هەمووان ئاشکرایە کە مارکسیزم لە هەلومەرجێکی ڕۆژئاواییدا هەڵقوڵاوە و پەیوەندیەکی قوڵ و پتەوی بە پرۆسەی مێژووی بە کۆمەڵایەتیکردنی ئەو کۆمەڵگەوە بووە. مارکسیزم دەرئەنجامی ململانێیەکی قوڵی فەلسەفی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمە. کاریگەری فەلسەفەی کۆن و نوێ و ئایینی یەهودی و مەسیحی بەسەر بیری مارکسەوە دیارە.

مەخابن مارکسیە کوردەکان نەیانتوانی ئەم قوڵایەی فیکری مارکس بگەیننە ناو کورد، بەڵکو ئەوەی ئەوان گەیاندیان چەند ڕووکەش و ڕووخسارێک بوو وەک ناشرینکردن و سووککردنی

وەزیفە و ڕەهەندی ئایین. خۆ ئەگەر ئەوان ئەم مەبەستەشیان نەبووبێ بەڵام لە ناو ڕای گشتی و خەڵکانی ئاساییدا بە لایەنگران و نەیارانیانەوە وا کەوتەوە کە گوتاری مارکس گوتارێکی دژ بە ئایین و خوایە و ئەم ئاوزڕاندنەی بیری مارکسی وای لە مرۆڤی کورد گەیاند کە مارکسیزم بانگەوازییە بۆ بێ ڕەوشتی و کورد لەوە بێبەش بوو تا بەم فەلسەفەیە بەهرەمەند بێت. مەبەستم ئەوەنیە کە مارکس پیاوێکی دیندار بووە و مارکسیە کوردەکان پێچەوانەی ئەوەیان نیشان داوە، نەخێر، مەبەستم ئەوەیە بۆ مارکس دژ بە ئاین وەستایەوە، گرنگە بزانرێت. چونکە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمە سەختە قسەکردن لەسەر بێ ئاینی و نەبونی خوا. لەم ڕووە ڕەخنەی زۆر لە مارکس گیراوە لە ڕۆژئاوا، وەلێ زۆریش سودی لێوەرگیراوە بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکی ئاین وخودا.

ئایا دەکرا هەڵگرانی بیری مارکسیزم بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەجۆرێکی دی سودیان لە فەلسەفەی مارکس وەرگرتایە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئەستەمە، لەکاتێکدا کە مرۆڤگەلی کورد نە مێژووی دینی و نە

فەلسەفی بە خۆیەوە دیوە، چۆن لە بیر و بۆچوونی مارکس تێدەگات. هەلبەتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤــی کــورد- بــە هــەوادارانی مــارکس و نەیارانیشیەوە- هەرگیز لە مارکس تێنەگەیشتون، تەنها ئەوە نەبێ کە خوا نیە و ئایین کۆنەپەرستیە. لە بەرامبەر ئەوانیشدا مارکسیزمی وا ناسراوە کە تـەنها بـەرەڵلایی و بـێ ڕەوشـتیە. لـەم ململانیـەدا مرۆڤگــەلی کــورد بــێبەش بــوون لــەوەی کــە لێکۆلینەوەی زانستیانە بۆ کۆمەلگەی خۆیان بکەن، هەروەک چۆن مارکس و هـەوادارانی لـە ڕۆژئاوادا جێبەجێیان کرد. هێندەی من لە ڕێبازی مارکسیی لە ناو کوردا تێگەیشتبم، ڕێبازێکی سیاسی بووە نەک زانستی. بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونەم ئەوەیە کاتێک شیوعیەکان کە خۆیان بە ڕۆڵەی شەرعی مارکس دەزانن، لە ساڵی ١٩٧٤ لە جەنگی نێوان بارزانی و حکومـەتی ناوەندیـدا، چـوونە بـەرەی حکومـەتی ناوەندیـەوە. لـە کاتـێکدا مارکسیەت پێش ئـەوەی ڕێبازێکی سیاسی بێ، ڕێبازێکی زانستی بووە بۆ شیکردنەوە و بەرگرتن لە سیاسەتی بۆرژواکان.

هەروەک بیری نەتەوەیی یەک تاکە فەیلەسوف و زانایەکی لە پشتەوە نە بوو، بزاڤی ئیسلامی سیاسیش تاقە سۆفیەک یان عارفێکی نەخولقاند، هەرواش مارکسیزم نە فیکرێک و نە زانایەکی لە ناو کوردا نەئەفراند. بە بۆچونی من ئەوەی ئەم سێ رەوتەی خولقاند گوتار بێژ بوون، گوتاربێژی سیاسی گوتاربێژی ئاینی و گوتاربێژی بیری نوێ. میتۆدی زانستی بۆ گۆڕانکاریەکی جدی لای هیچ لایەکیان دەست ناکەوێ. خۆ ئاهەقیشیان ناگرم نەئاستی نەتەوەیی و نە ئاستی ئاینی و نە ئاستی بیرکردنەوەی نوێ لە ناو کوردا لەو سەردەمەدا لە ئاستێکدا نەبوو بتوانن لە بنەڕەت و ناوەڕۆکی ئەم کێشانە تێبگەن. ئەم سەرنجە تەنها جەماوەری رەش و رووت ناگرێتەوە، بەڵکو هەڵگرانی ئەو رێبازانەش دەگرێتەوە کە هێندە بە رووکەش و رووخساری ئەو رێبازانەوە سەرقاڵبوون، هێندە ئاستی جەوهەر و قوڵایی رێبازەکان سەرقاڵی نەکردبوون.

بۆچی ئایین لای مارکس بوو بە هۆشبەری کۆمەڵگە؟

لــەو ســەردەمەی مــارکس تــێیدا ژیــاوە هــیچ فەیلەسوفێک نەیتوانیوە لە کاریگەری فەلسەفەی هیگــڵ قوتــار بــبێ. تیۆلۆژەکــان گفتوگــۆ و ووتووێژیان لەسەر ئەوە بووە خودا گەردوونی بۆچــی دروســتکردووە؟ بۆچــی خــودا ئــەو ماندووبوونەی کێشا تا گەردوون دروستبکات ؟ ئەم گەردونە کە ئەو خوایە دروستی کردوە بۆ پڕە لە کارەسات و تاوانکردن و کەموکوڕی. گەر خودا خۆی کامڵ و تەواوە، ئەی بۆچی دنیایەکی ئاوای لە دەرەوەی خۆی خولقاندووە کەپڕە لە تاوان و گوناه. ئەو کامڵ و تەواوە ئیشی بەو دنیا ناتەواو و نا کامڵە چیە؟ تیۆلۆژەکان هەوڵیان داوە وەڵامی ئــەم پرســیارانە بدەنــەوە. وەڵامــی هیگــڵ لــەو سەردەمەدا هەتا بڵێی وەڵامێکی نایاب و شاکارانە بوو کە دەڵێ خودا واتە ڕۆحی ڕەها خۆی بەبێ گەردوون نابێتە ڕۆحێکی گەشەسەندووی کامڵ. لێرەدا مەبەستی هیگڵ ئەوە نیە کە هەموو ڕێکخراوێک ڕێکخەرێکی گەرەکە. بەڵکو ئەو مەبەستە گشتیەی هەیە کە گشت کەسێک بێ ئەوەی

بەویدی بگات ناتوانێ خودی خۆی بناسێت. خوداش هەروەک ئەو کەسانە دەبێتە بابەتێکی دەرەکی کە ـخودا خۆی نەبێتـ بۆ ئەوەی خودا لەوەوە خۆی بناسێت و خۆی پێناسە بکات. خودا لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بە گەردوونەوە و کارلێکردن لەگەڵ گەردووندا مەعریفەی خودناسین وەردەگرێت. دەرئەنجام ئەوەیە کە چیرۆکی مێژووی مرۆڤایەتی وا لە چیرۆکی خۆناسینی خودا دا. واتە مێژوو، مێژووی خودایەو مرۆڤ بۆ پرۆسەی خودناسینی خودا هاتۆتە بوون، مرۆڤ تەنها ئەکتەرێکەو چیدی نیە. لێرەدا ویستی مرۆڤ و نیازەکانی لە ناو نیازو ویستی خودادا ون دەبن.''

هەر لەو سەردەمەدا لە ناوهیگڵە نوێکاندا ئەو بۆچوونە گەڵاڵە بوو بوو، کە ئایینی مەسیحی بە وتەیەکی سادە و ساکار وەهمێک بووە و ئەوانەیش باوەڕیان پێهێناوە هەڵخەڵەتاون. فەیلەسوفێکی وەک فیۆرباخ پرسیارێک دەوروژێنێت و دەڵێ: ئەگەر ئایینی مەسیحی وەهم بێت چۆن ئاوا کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەبێت. وەڵامەکەشی ئەو ئەرگومێنتەیە کە دەڵێ خودا نێمەی لە شێوەی خۆی

نەخولقاندووە، ئەوە ئێمەین خودامان لە شێوەی خۆماندا خولقاندووە. ئەو مەبەستی لەوەیە کە مرۆڤ هەڵگری توانستێکە کە بەهۆیەوە دەتوانێ لە هزرێکی سنوردارەوە سەرکەوێ تا ئایدیایەکی بێ سنوور بخولقێنێ و ئەو ئایدیایە لە دەرەوەی خودی خۆیدا دامەزرێنێ. بەم ئایدیایەوە دەتوانێ هەموو ئەو خەیاڵ و سیفەتانەشی پێوە بلکێنێ تا بیکاتە خودایەکی لەوچەشنەی هەزاران ساڵە لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا کاریگەرە. فیۆرباخ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێت: بۆئەوەی ئێمە هەقیقەتی خۆمان و توانستی ڕاستەقینەی خۆمان بناسین و کۆمەڵگەیەک دروست بکەین کە مرۆڤانە بێت، دەبێ واز لە ئاین بهێنین، تا هیچ بەربەستێک نەمێنێت ڕێگە لە دەرکەوتنی توانستەکانی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بگرێت."[12]

لێرەدا خوێنەر دەبێت لەوە ئاگادار بێت هێندە باس لەوەیە مرۆڤ خۆی چۆن دەتوانێ لە چەشنی خۆی خودا دروست بکات (وێنا بکات) هێندە باس لە بوون و نەبوونی خودایەک نیە. وەلێ گرنگ ئەوەیە بگەینە ئەو شوێنە کە چۆن مارکس گەشتە

ئەو بۆچوونەی ئاین بکاتە هۆشیەری کۆمەڵگە. لێرەدا ئەو مێژووەی پێش ئەوەی مارکس بگاتە ئەو دەرئەنجامە، دەخوێنینەوە.

ڕەخنەگرتنی فەیلەسوفەکانی پێش مارکس لە ئاین و ئەو پرۆسەیەش کە بەسەر ئاییندا هات بە تایبەتی ئاینی مەسیحی و کەرتبونی مەسیحی بۆ کاسۆلیک و پرۆتستانت و سەرهەڵدانی ئاینی سۆفیگەریانە بە تایبەتی سۆفییەکی وەک مایستەر ئیکهارت لە ئەڵمانیا کە کاریگەری لەسەر زۆر لە فەیلەسوفەکانی پاش خۆی جێهێشت بوو، فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ کامڵکردنی بیری مارکس. ئەم پرۆسە مێژووییە مارکسی گەیاندە ئەو بیرۆکەیەی کە ئاین هۆشیەری کۆمەڵگەیەو بەمەش ڕەخنە گرتن لە ئاین گەیشتە ئەوپەڕی. واتە مەبەست و مەرامی ئاین لە مرۆڤ ئاشکرا بوو، ئەمەش لەو دێڕەدا دەردەکەوێت: مرۆڤ کاتێ بۆ بەهەشتێک دەگەڕێت ئەوە جگە لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵدانی خودی خۆی هیچ شتێکی دی نیە. مارکسیش هەروەک فیۆرباخ دەگاتە ئەوەی کە بڵێ وێنای خودا داهێنراوی هزری مرۆڤە.[١٢] لەگەڵ

ئەوەشدا مارکس بەو وتەیەی هێندەی مەبەستی ئەوە بوو کە پلارو تانە لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگەی خۆی بدات، هێندە ئەو مەبەستەی نەبوو کە دژایەتی ئاین وەک ڕەهەندێکی ڕۆحی بکات. چونکە ئەو پێی وا بوو سیاسەتی ئەو سەردەمە لەسەر پایەی ئاین خۆی ڕاگرتووە. ئەو دەیویست خەڵکی لەوە هۆشیار بکاتەوە کە بڵێ سەبارەت بەوسیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی خۆتانی تێدان، پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتدارانی سیاسی ئێوەیان بەناوی ئاینەوە گێل کردووە. هەر لەبەرئەوەش بوو مارکس و هیگڵە نوێیەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دژایەتی دەکران و ڕێگەیان پێنەدەدرا لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن. مارکس پێی وا بوو مرۆڤ بۆیە ئاینی دۆزیوەتەوە تا فشاری ئازار و مەینەتی و کارەساتەکان لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە دەسەڵاتداران هەمیشە ئەم حاڵەتەیان قۆستۆتەوە، تا بارودۆخی دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

کاتێ مارکس ئاین پێناسە دەکا وەک هۆشبەری کۆمەڵگـە، دووجـۆر مەبەسـتی تـێدا دەبینیـەوە، یەکێکیان ئازارشکێنە و ئەویتریان ناهۆشیارکردنە، بۆیـە ئـەویش دەیـەوێ مرۆڤـەکان لـەم دۆخـە سـایکۆلۆژییە دژ بـە دەسـەڵاتی سیاسـی ئـەو کاتـە، هۆشیارکاتەوە. ئەو پێی وایـە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ خۆی بە ئازایانـە بـەرەنگاری ئازارەکـانی ببێتەوەو لە دۆگما قوتار ببێ، دەبێت لە ژێر بـاری ئایین بـێتە دەرەوە. ئـەم بۆچـوونانە سـەبارەت بـە ئـاین لـە سـەردەمی پۆستمۆدێـرنەدا ئاراسـتەیەکی تـری وەرگرتووەو خوێندنەوەیەکی تری بۆ ئاین هێناوەتە کایـەوە و ڕەخنـەی فەیلەسـوفەکانی مۆدێـرنە و بەتایبـەتی ڕەخنـەکانی مـارکس سـەبارەت بـە ئـاین ڕەتدەکاتەوە. وەلێ ئـەوەی گرنگـە و تاھەنووکـەش فەلسەفە و زانایان لەسەری کۆکن ئەوەیـە کـە ئـاین دەشێ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ مـەرامی تایبـەتی ئیستغلال بکرێت و مارکسیش لەو سـەردەمەدا جێی خۆی بووە ئەو رەخنەیە لە کۆمەڵگەی خۆی بگرێت. مارکس گەیشتبووە ئەو دەرئەنجامەی کە ئاین جگـە لـە بـێ هۆشـکردن هـیچ ڕۆڵـێکی تـری نیـە. ئـەم

بۆچوونەشی دەرئەنجامی ئەو کۆنتێکستە بوو کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای لەو کاتەدا تێدا بوو، بەرهەڵستیی ئەو سیستەمە سیاسییەی دەکرد کە زۆرجار بە پاڵپشتی ئاین مرۆڤەکانی دەستەمۆ کردبوو. دیارە بڕیارێکی لەم چەشنە هێندە بڕیارێکی پەرچەکرداری سەردەمی خۆی بووە هێندە ئەقڵانی و زانستیانە نەبووە. چونکە ئاین کە لەسەرەتادا سەرهەڵدەدات، جۆرێکە لە هوشیاری لەو سەردەمەدا دژ بە سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتی. کەواتە ئێمە لەو لایەنەوە کە ئاین دەشێ مرۆڤ گێل بکات و بێهۆشی بکات لە گەڵیداین، بەلام ئاین هەر لەبنەڕەتەوە ڕەتکرێتەوە ئەوە لەگەڵیدا هاوڕانین.

بۆچی مارکس ڕێبازی ماتریالیستی هەڵبژارد؟

گەر لە سەرەتای مێژووی فەلسەفەی مۆدێرنەوە دەست پێبکەین و بمانەوێ وەلامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئاوا دەستپێدەکەین:

بنەمای پەیوەندی نێوان خود و گەردوون چیە؟ پرسیارێکی جدی ناو فەلسەفەیە و هەر ڕێبازێکی

فەلسەفی وەڵامی تایبەتی خۆی هەیە و لەویدی جیای دەکاتەوە. لێرەدا بەو وەڵامە بەناوبانگەی دیکارت دەست پێدەکەین کە دەڵێ: ڕۆحی مرۆڤ پێکهاتەیەکی فیکری هەیە، بەڵام جەوهەری گەردوون جەوهەرێکی ماددیە کە لە شوێندا جێگە دەگرێت. بەڵام فیکر لە شوێندا جێگە ناگرێت و بێ قەبارەیە. لەم بۆچوونەدا ڕادیکالانە ڕۆح و گەردوون لە یەکدی جودا دەکرێتەوە و ڕۆح دەبێتە ئەو شتەی بریتیە لە بیرکردنەوە و دەکرێتە شتێکی سەربەخۆ و جیادەکرێتەوە لەو گەردوونەی کە ماتریاڵە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر گەردوون نەبێت مرۆڤ چۆن دەتوانێ مەعریفەی تری جیا لە خودی خۆی بزانێت. هەرکاتێ مرۆڤ گومانی بۆدروست بێت سەبارەت بە بوونی کۆنکرێتی گەردوون، چۆن بەرەو ڕووی ئەم گرفتە دەبێتەوە؟ دیکارت پێی وایە مرۆڤ بەناچاری پەنا دەباتە بەر خوایەکی ڕاستگۆ کە هەڵخەڵەتێنەر نیە، تا لەم گرفتە قوتار بێت. خۆ ئەگەر ئەم خودایە ڕەتکرایەوە هەروەک لای زۆر لە فەیلەسوفەکان

ڕویداوە، ئەوا دەکەوینە ناو جیهانێکەوە یەکپارچە دەبێتە خودگەرایی.[١٤]

لــە بەرامبــەر ئایــدیالیزمی یــان خوداگــەرایی دیکــارت، ماتریــالیزمی یــان بابەتگــەرایی تۆمــاس هــۆبس لــە ئــارادا بــوو. هــۆبس وای لــە مــرۆڤ دەڕوانی کــە یەکپارچــە جیهانــێکی ماتریالــە. بــەم بۆچــوونە بــوونی مــرۆڤ وەک گشت شــتەکانی تــر لەســەر بنــەمای یاســاکانی سروشــت دامــەزراوە و دۆزی فەلسەفی گرفتێکی زانستی ڕووتەو هیچی تر. لێرەدا ئەگەر ئەو بۆچونە زانستیە وەرگیرێت کــە جیهان جیهانی مۆلکیول و ئەتۆمە، ئەو گرفتە یــان ئــەو پرســیارە ســەرهەڵدەدات کــە دەڵێ: ئــەدی چــی دەمێنــێتەوە بــۆ چــەمکەکانی وەک ئەقڵانیــەت، مــوراڵیتی، ئــازادی و ویــستی مــرۆڤ. بــۆ نموونــە چــاک لای هــۆبس ئــەو شــتانەیە کــە مــرۆڤ خوازیاریــەتی، خوازیــاریش جوڵەیــەکی نــاوەکی مرۆڤــە. واتــە مــۆراڵیتی بریتیــە لــە جوڵەیــەکی ناوەکی.[١٥]

لای ماتریالیــستەکانیش ئــەو بۆچــونە زۆر تــۆخ کرایــــەوە، کــــە مــــرۆڤ بوونــــێکە بەرهــــەمی

دەوروبەریـەتی، کـە ئەگـەر ژینگـە گـۆڕرا ئـەوا ڕەفتاری مرۆڤەکەش دەگـۆڕێ. بۆیـە هەندێک زانا دەیانویست ژینگە باشتر کەن تا ڕەفتاری مرۆڤ چاکتر بێ. ئەم بۆچوونە وا لە مرۆڤ دەڕوانێ کە مـرۆڤ بـە تـەواوەتی بوونـێکی موسـەیەرەو هـیچ ئیرادەیەکی ئازادی نیەو گشتی بـە دەوروبەریـەوە بەستراوەتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیـە چۆن مرۆڤ لە کۆتی موسـەیەر ئازاد بکرێت. هەندێک زانا پێیان وابوو هەمیشە چینێک لە مرۆڤ هەن کە ناکەونــە ژێــر کــۆت و بــاری موســەیەرییەوەو بەبـەردەوامیش لـە بـیری ئـەوەدان کـە دەوروبـەر بگـۆڕن، ئەوانـەش زۆرینـەی خـەڵکی نـین بـەڵکو کەمینەن.

لێرەدا مارکس هۆشیار دەبێتەوە و ڕەخنە لـەم بۆچــــوونە دەگرێــت و نەشــــتەری خــــۆی لــــێ دەوەشێنێت. چونکە ئەم بۆچوونە کۆمەڵگا دەکات بـە دوو چینەوە، چینـێکی کەمینـەی دەسـەڵاتدارو سوپەریۆرو لەسـەرووی کۆمەڵگـەوە دەوەسـتێت و دەتوانێ قەدەری زۆرینەکەی کۆمەڵگە بگۆڕێت. لای مارکس ئەم فەلسەفە ماتریالیستیە نەک هـەر تـەنها

پڕ لە دژواریە بەڵکو لەخزمەتی بۆرژواکانە. مارکس ئەمەی بە ماتریالیزمێکی ناتەواوو نەگەییو دادەنا. هەروەها فەلسەفەی دیکارتیش ڕەتکردەوە کە بوون دەکات بە دوو بەشەوە: ڕۆحی و ماددی. ئەم فەلسەفەیە دەڵێت کە ڕوح هەروەک کامێرایەک زانیاریەکان لە جیهانی دەرەوە وەریدەگرێت و تۆماری دەکات.[١٦]

بۆ مارکس گرفتی ئەم فەلسەفەیە ئەوەیە کە ڕۆح لە بارێکی پاسیڤدایە. ئەم بۆچوونە ئەوە پشتگوێ دەخات کە مرۆڤ لەم جیهاندا بوونێکی ئەکتیڤەو دەتوانێ سروشت و ئەوەی دەبینێ بگۆڕێت. زۆربەی ئەو شتانەی لەلایەن یەکێکەوە لەم جیهانەدا دەبینرێت هەروا بە سادەیی ئەوە نیە کە لەوێدایە، تا ئەو یەکە بتوانێ هەروا بە ئاسانی لێی ووردبێتەوە و ئۆبسەرڤێرەی بکات. چونکە ئەو شتە بە هۆی تێکۆشانی مرۆڤەوە جا بە هەچ ڕێگایەک بووبێ، پێش ئەوە دروستکراوە یان بەلانی کەمەوە ترانسفێرمێرکراوە، واتە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. کورتیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ لای مارکس بوونێکی ئەکتیڤە نەک

وەرگرێکی پاسیڤ. لێرەدا مارکس قەرزاربای فەلسەفەی ئیدیالیزم دەبێت بە تایبەتی فەلسەفەی ئیمانویل کانت کە بۆیەکەمجار دەرکی بەم مەسەلەیە کردووە. لەم بۆچوونەدا کە مارکس ئەکتیڤبوونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات بە سیستەماتیک قسە لەسەر ئەو لایەنانەی مرۆڤ دەکات. لە شرۆڤەکانیدا تۆخمەکانی فەلسەفەی کانت دەبینرێتەوە. لەو بۆچوونەدا مارکس دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بلێین خودی مرۆڤ خۆی جیهان دروست دەکات، واتە جیهان دەستکردی مرۆڤە. بەلام مارکس بەوەشەوە ناوەستێت و کانتیش تێدەپەڕێنێت، ئەویش بە هۆی کاریگەری فەلسەفەی دیالیکتیکی -هیگل- کە باوەڕی وا بوو تەنها مرۆڤ کاریگەری لەسەر گەردوون نیە بەڵکو گەردوونیش کاریگەری لەسەر مرۆڤە، واتە گەردوون و مرۆڤ بە بەردەوام کارلەیەکتر دەکەن. ئەم پرۆسەیەش ناو نرا دیالیکتیک. بە بۆچوونی مارکس هەرچەند هەقیقەت لای کانت و هیگل هێشتا شێواوەو روون نەبووەتەوە، وەلێ ئەوان هەنگاوی گرنگیان ناوە بۆ ناسینی ئەو هەقیقەتەو

هیگڵ تا ڕادەیەکی باشتریش لە هەقیقەت نزیک بووەتەوە. بەڵام ڕەخنەی مارکس لە هیگڵ لەوەدایە کە تێکڕای شتەکان لای هیگڵ تەنها لە فیکر وزیهندایە نەک لە زەمینەی واقعدا. ئیدی لێرەوە مارکس ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە ئیدیالیزمیش ڕادەگەیەنێت.[١٧]

مارکس هەروەک لە ئایدیالیستەکان ڕازی نەبوو هەرواش لە ماتریالیستەکانیش ڕازی نەبووە. چونکە ماتریالیستەکان بە پێچەوانەی ئیدیالیستەکانەوە هیچ ڕۆلێکیان بۆ لایەنی ڕۆحی و ئیرادەی مرۆڤ، نەهێشتبووە و گشت پێکهاتەی مرۆڤیان لە ناو گەردون و دەورووبەردا وونکرد بوو. مرۆڤ وەک ڕۆبۆتێک وا بوو، خۆی هیچی بەدەستەوە نەبووە. مرۆڤ کاتێ دنیا دەگۆڕێ لە هەمان کاتتدا خۆشی دەگۆڕێ. گۆڕانکاری هەر لە فیکردا نیە بەڵکو لە کۆمەڵگەشدایە، کە بە هۆکاری ماتریالیەوە لە ڕێگەی پاچ و خاکەناز و شۆڤڵەوە. نموونەی مارکس لێرەدا چینی کرێکار و هێزی کار و بەرهەمهێنانە.[١٨]

لێرەدا تێدەگەین بۆ لای مارکس کرێکار هێندە گرنگەو نامۆبوونی کرێکاریش لە سیستەمی سەرمایەداریدا بەهەند وەردەگرێت!! مارکس پێی وایە هەندێ شت لەسیستەمی سەرمایەداریدا هەڵەیەو ڕێگرە لە بەردەم مرۆڤدا بۆ ئەوەی هەقیقەت و توانستی خۆی وەدی بهێنێت. مەبەستی مارکس لە نامۆبوونی کرێکار ئەو مەبەستە نیە کە مرۆڤ ئاراستەی ناخی خۆی لێشێواوەو هەستی ئینتمای بۆ ئەو شوێنە نیە کە تێیدایە، ئەگەر چی ئەم نامۆبوونە لەمەش بەدەر نیە. واتە مەبەستی مارکس لە نامۆبوون هێندە مەبەستێکی بابەتگەراییە هێندە خودگەرایی نیە. مارکس پێی وایە چارەنوسی مرۆڤ لە ژیانیدا بە بێ ڕیالیزەکردنی هەقیقەت، نامۆبوونە. بۆ کەمکردنەوەی سانسۆرو ئازاری نامۆبوون، مرۆڤ ناچارە ئایین بخولقێنێت.

ئەم دیباتەی پێشوو کە خستمە ڕوو سەبارەت بە مارکسیزم و ماتریالیستی و و ئیدیالیستی دڵۆپێکە لە دەریایەک. دەتوانی بڵێی لەوەتی مرۆڤ هەیە ماتریالیستی و ئیدیالیستی لە گفتوگۆدان. بەڵام

ئاراستەو ئاستی ئەو گفتوگۆیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ. مەبەستی من ئەوەیە کە مارکسیزم هاتە ناو کوردەوە ئەم دیباتەی کە ئاماژەم پێدا، بەدی نەکرا ئەگەر چەمکی ماتریالیستی و ئیدیالیستی زۆر دەخرایە ڕوو، وەلێ هەرگیز بەو ئاستە قوڵە نەبووە کە لە ڕۆژئاوادا بەدیکراوە. چونکە کورد ئەو کاتە نەگەشتبوە ئاستی ئەو گفتوگۆیە ئەگەر ئێستەش بگاتە ئەو ئاستە، ئەوا ئاستی گفتوگۆکە بۆ ئەم سەردەمە نزمە.

کورد و مارکسیزم

لەناو کورددا کەسانێک بوون هەوڵیانداوە لە فەلسەفەی مارکس و لینین بەهرەمەند بن، بێ ئەوەی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی کورد وەلانێن. دیارە ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش بووبێت، هەڵگرانی ئەم بیرە دەرکیان بەوە کردووە، کە کورد دەبێت خاوەن فەلسەفەو دید و تێروانین و جیهانبینی سەربەخۆی خۆی بێت. لەگەڵ ئەو ڕاستگۆییەی ئەو کەسانە بوویانە، وەلێ دوو کەلێنی

گەورە لە بیرکردنەوەیاندا بووە. ئەو دووکەلێنەش هۆیەکی مەزن بووە بۆ بەرەوپێش نەچوونی پرۆژەی ئەم ڕێبازە. یەکەم کەلێن پەیوەندی نێوان فەلسەفەی مارکس و ئاستی هوشیاری نەتەوەی کوردەو دووەمیان چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەم ڕێبازە بووە لەتەک ئاییندا.

فەلسەفەی مارکس و ئایدیای ئاینی پەیوەندیەکی ئۆرگانی پتەو پێکەوەیان دەبەستێتەوە، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا. ئەو پەیوەندیەی لە ڕۆژئاوادا ئەم دوو دیدەی پێکەوە بەستبووەوە، تەواو پێچەوانەی ئەو پەیوەندیە بوو کە ڕێبازی مارکسی دەیویست ئایین و فەلسەفە پێکەوە گرێ بدات. لە ڕۆژئاوا ئاراستەی پەیوەندیەکە بەم شێوەیە بوو: گۆڕانکاری لە جەوهەری ئاییندا، دەبووە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی نوێ، نەک بە پێچەوانەوە، واتە ڕێبازێکی فەلسەفی بێت و بیەوێ ئایین کەنارخات یان بیگۆڕێ. ئەوە بوو گۆڕانکاری لەجەوهەری ئایینی مەسیحیدا مارکس و فەلسەفەی مارکسی گەیاندە ئەو تێزەی بڵێ (ئاین هۆشبەری کۆمەڵگەیە). وەلێ فکری مارکسی لەمەڕ

خۆمــان دەیویــست بەفەلــسەفە بیسەلمــێنن ئــاین ئەفــسانەو وەهمـــە. لـــەم ململانـــێیەدا فەلـــسەفە شکستدەهێنێت. بۆیە ئەم هەوڵـە کـاڵی و کـورتبینی هـەڵگرانی دەخاتــەڕوو. ســەرەڕای ئـەوەی گومــان هەیــە لــەوەش کــە ئــەم ڕێــبازە توانیبــێتیان لــە جەوهـــەری فەلـــسەفە تــێبگەن. وەک بــزانم هـــەر دەروێشانە قسەیان لە سەر فەلسەفە کردووە نـەک زانستیانە.

ئــەم ململانێیــەی نــێوان ئــاین و فەلـــسەفە لــە ڕۆژئاوادا، نزیکەی چوارسـەدەی خایاندووە، تـا لـە هـزری تاکـە هوشـیارەکانی کۆمـەڵگاوە دابەزیوەتـە نــاو هـــزری جــەماوەری ئــەو کۆمەڵگەیــەوە. خــۆ مـەرجیش نیـە ئـەم ئەزمونـە کـە لـە کۆمەڵگەیەکدا هێندەی خایاندبێت لـە لایەکیتریشەوە هەردەبێت هێنده بخایەنێت. نەخێر، چونکە ئـەو ئەزمونـەی ڕۆژئاوا پلانێکی تایبـەتی بـۆ نەکێشراوە، بـەڵکو بـە چەشنێکی ئاسـایی و وەک پرۆسـەیەکی مێژوویی گەشــەی کــردووە. هـــەروەک چــۆن دیاردەیــەکی زانستی سەدان ساڵ دەخوازێت تا ئاشکرا دەکرێت. وەلێ پاش ئاشکرابوونی ئەو دیاردەیە مرۆڤ خۆی

دەتوانی بەکورترین ماوە لە شوێنێکی تردا یان لە کۆمەڵگەیەکی تردا، هەمان پرۆسە دووبارە بکاتەوە، چونکە یاساکانی ئەو پرۆسەیە بۆ مرۆڤەکان ئاشکرا بووە. بۆ نمونە زانستی بارانبارین، لەقامچی لێدانی فریشتەوە تا گەشتە زانستی ئیمرۆ زۆری خایاندووە، وەلێ هەنووکە بە چەند ساتێک زانایان دەتوانن باران لە تاقیگادا ببارێنن. هەمان یاساو ڕێسا کە لە پرۆسەی گۆڕان لە دیاردە زانستیەکاندا هەیە دەگونجێ لە ناو پرۆسەی گۆڕان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیشدا وەکار بخرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ئەو کۆمەڵەی ئەو پرۆسەیەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

هەڵەیەکی تری ئەم کەسانە ئەوەبوو کە لەتەک ئایندا نەیانتوانی زانستیانە مامەڵە بکەن. نەتەوەیەکی وەک کورد کە لەناو جیهانی ئیسلامیدا دەژی و لەڕووی هزری ئاینیەوە تاهەنوکە لە سەدەی ناوەڕاستدا دەژی، چۆن دەکرێ فەلسەفەیەکی بۆ بگوێزیتەوە کە خۆی بەو پرۆسەیەدا تێنەپەڕیبێت تا بزانێ چ باسە. سەرەڕای

ئەوەی پێشرەوانی ئەم ڕێبازە خۆیان تا ئێستاشی بێتە سەر بەو پرۆسەیەدا تێنەپەڕیون. ئەی چۆن پرۆسەیەکی ئاوها دەتوانرێ بکرێتە پرۆژەیەک کە لەگەڵ ئاستی هوشیاری ئەو نەتەوەیەدا نەگونجێت. گونجاندن، پێشوەخت تێگەشتن دەخوازێت، تا هەنگاو بەهەنگاو ئەو نەتەوەیە بەرەو پێش بەرێت. واتە چۆن کەسێک خۆی ئاینی نەناسیبێت دەتوانێ دەسکاری ئاین بکات!!

گەر بە مێژودا بچیتەوە، سەرنجی ئەوە وەردەگریت کە هەمیشە دەسکاریکردنی ئاین، دەسکاریکردنی چەمکی خوایەتی دەخوازێت. دەسکاریکردنی چەمکی خوایەتیش، دەسکاری لە پێشدا نەست و پاشان هەستی ئەو کۆمەڵگەیەی گەرەکە. ئەم دەسکاریکردنانەش پرۆژەیەکی زانستیانە و ماندووبونی چەندین ساڵی دەوێت تا ئامادەبکرێت. ئەو زانستانەی کە زۆر گرنگن بۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە و بۆ نەتەوەیەکی دواکەوتوو و پاشکۆی نەتەوەکانی دی وەک کورد بریتین لە؛ فەلسەفە، ئاین، گەردوونناسی و دەروونناسی. ئەم پرۆژەیە پێویستی بە ژوورێکی عەمەلیاتەو دیبات و

لێدوان و گفتوگۆیەکی زۆر چڕوپڕ دەخوازێت، تا ئایدیایەکی وا بخەملێنرێت کە نەتەوەی کورد بتوانێ خۆی لەسەر راگرێت. بۆ ئەو چوار زانستە لەم ساتە وەختە گرنگە، نامەوێ لێرەدا درێژەی بدەمێ. هەرکاتێ ئەو ژووری عەمەلیاتە سازبێت، مرۆڤ دەتوانێ لەوێدا شتەکان روونتر بکاتەوە. لێرەشدا مەبەست بێ ئاینی کردنی کورد نیە، هێندەی بە زانستی کردنی ئەومامەڵەیەیە لەتەک ئایندا. لە هەمان کاتیشدا مەبەست گەرانەوە نیە بۆ ئاینێکی دی ڕابورد و وەک هەندێک لە کورد لەمەر ئاین بۆی دەچن.

مەبەستی سەرەکی کارلێکردنی ئەو چوار زانستە (فەلسەفە، ئاین، گەردوونناسی و سایکۆلۆژیا) لە تەک یەکدیدا ئەوەیە کە زانایانی ئەو زانستە بتوانن لەگەڵ یەکدی بەبەردەوام لەو ژووری عەمەلیاتەدا، قسە لەسەر هەقیقەت بکەن و چیرۆکێکی زانستی بۆ ژیان و مانای ژیان و ڕێبازێکی مەعریفی و عیرفانی لەوێدا بۆ کورد دارێژنەوە. دەشێ هەرناوێک لەو پرۆژەیە بنرێت کە گوزارشت لە ئیمرۆی هەل ومەرجی کورد بکات.

بەراستی کورد گەشتوتە ئەو ئاستەی لە سەرکردایەتی سەرکردەی جەنگاوەرێکی سیاسیەوە بگوێزرێتەوە بۆ عارفێکی سیاسی. تا هەنوکەش سەرکردەکانی کورد جەنگاوەرێکی سیاسین و نەتەوەی کورد لەوە زیاتر بەرگەی ئەم جۆرە سیاسەتە ناگرێت.

ئەوەش بە پێویست دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە مەرج نیە کورد خۆی بەتاکە فەلسەفەیەکەوە سەرقاڵ کات، چونکە فەلسەفەش وەک هەر پرۆسەیەکی دی کۆمەڵایەتی ناکرێ لە کەسێکدا یان لە جۆرە ڕێبازێکی فەلسەفی تایبەتیدا، گیربخوات. فەلسەفەش بەبەردەوام لە گۆڕاندایەو دەبێ خەمخۆری نەتەوەی کورد ڕەچاوی ئەم هەلومەرجە بکات، دەنا لە بری سود، زیان بەو نەتەوەیە دەگەیێنێت. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان فەلسەفەی کۆن و سەدەی ناوەراست و فەلسەفەی ئیسلامی و مۆدێرنەو پۆستمودێرنەدا بەدی دەکرێت، گەرچی خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا هەیە. دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە مرۆڤ کائینێکی دینامیکیەو ناتوانێ لە قاڵبێکدا یان فەلسەفەیەکدا هەتا هەتایە

گیربخوات. بۆیە ناکرێت خەمخۆرانی کورد بەتەمای ئەوەبن کە تاکە فەلسەفەیەک یان زانستێک ڕێنیشاندەریان بێت. بۆیە زۆرگرنگە ئەم قۆناغەی بیری ئەورۆکەی مرۆڤایەتی دیاریبکرێت، تا کورد بتوانێ لەقۆناغێکی هاوچەرخدا خۆی بدۆزێتەوە.

پەراوێزەکان

[1] ، J.J.M. van Dijk ، *Actuele Criminologie*،Denhaag 2002 p.265-266.

[2] Ella Wijsman ،Groningen 1996 ،*Psychologie en Sociologie* ، p.12.

[3] Actuele Criminologie ،p.274.

[4] هەمان سەرچاوە،لاپەرە٢٧٨

[5] ، Tussen Dader en slachtoffer centrum voor psychologie en ،http://users.skynet.be/kern .relatievorming

[6] هەمان سەرچاوە

[7] هەمان سەرچاوە

[8] ، Willem Zuidema *Godspartner ontmoeting met het* ، *jodendom* p.175-180.،Baarn 1998

[9] ئازاد قەزاز، *دیموکراسیبوون* ، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە٣٧٧ ، ٢٠٠٧

[10] Jonathan Wolff ،*Why read Marx today?* Oxford 2002 / p. 13.

[11] لاپەرە١٥ هەمان سەرچاوە،

[12] هەمان سەرچاوە، لاپەرە١٧-١٨

[13] هەمان سەرچاوە، لاپەرە١٨

[14] هەمان سەرچاوە، لاپەرە٢٢

[15] هەمان سەرچاوە، لاپەرە٢٢

[16] هەمان سەرچاوە، لاپەرە٢٢

[17] هەمان سەرچاوە، لاپەرە٢٦-٢٧

[18] هەمان سەرچاوە، لاپەرە٢٧-٢٨

سەرچاوەکان

١. Ella Wijsman، *Psychologie en Sociologie*، Groningen 1996.

٢. Jonathan Wolff، *Why read Marx today?* Oxford 2002.

٣. J.J.M. van Dijk، *Actuele Criminologie*، Denhaag 2002.

٤. Tussen Dader en slachtoffer، http://users.skynet.be/kern، centrum voor psychologie en relatievorming.

٥. Willem Zuidema، *Godspartner*، *ontmoeting met het jodendom*، Baarn 1998.

٦. دیموکراسیبوون، هەفتەنامەی هاولاتی،ژمارە٣٧٧ ،٢٠٠٧

سوپاس و پیزانین

لیرەدا بەهەلی دەزانم کە سوپاس و پیزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو دۆست و بەرپزانە بکەم کە دوروو نزیك سەرنجی خۆیان سەبارەت بەجوانکردنی کتیبەکە داوە، بەتایبەتی کاك ئەورەس هونەرمەندی کورد لە هۆلەندا کە بەرگیکی قەشەنگی بۆ کتیبەکە کیشا، کاك ئازاد خۆشناو کە ئەرکی چاپکردنی خستە ئەستۆی خۆی و خۆشەویستیەکی بیپایانیشم بۆ هاوسەری ئازیزم کە لەگەل هەموو نوسینیکدا شەونخونیم لەتەکدا دەکیشیت.

ئازادقەزاز

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

جگە لە مرۆڤ گشت بوونەوەرێکی دی ئاراستەیەکی یەک ڕەهەندی دەخوازێ، ئەویش ڕەهەندی مادییە یان بە زمانێکی تر ڕەهەندێکی غەریزی، بایەلۆژی، فسیۆلۆژییە کە گشت ئەمانە ئەخرێتە ژێر کۆنترۆڵی ئاڤیگاوە و دەکرێ لە دیدی زانستێک لە زانستەکان مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. مرۆڤ جیا لەم بوونەوەرانە جگە لەو ڕەهەندە مادییە، ڕەهەندێکی دی سەرتاپای ژیانی داگیر کردووە و دەتوانین بە زمانی سایکۆلۆژی وشەی هەست و نەست و بە زمانی ئایین وشەی ڕوح و بە زمانی فەلسەفەش وشەی مەعریفەی بۆ بەکاربهێنین. ئەم ڕەهەندە هێندە کاریگەرە، دەتوانم بڵێم ئاراستەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە ئابووری مرۆڤایەتیش دیاریدەکات. لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە کورد لەو ڕۆژەوەی وەک بوونەوەرێکی کوردی لە مێژوودا سەری هەڵداوە، تا هەنووکەش نەیانتوانیوە ئەو ڕەهەندە ئەبار بکات و هوشیارانە مامەڵەی لە تەکدا بکات. دەرەنجام شکستهێنانەوە، ئەمجا پەرسەگرتنە و هەڵسەنگاندنیش تاوانبارکردنی ئەویدیە و بەزەیی هاتنەوەیە بە خۆدا و سەرهەڵدانی هەستی بەقوربانیبوونە.